# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد

2015

بەرگی سێهەم

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ

وەرگێڕانی
مستەفا زاهیدی

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: مستەفا زاهیدی
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (68)

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی:

لەم نامانەدا دوو بۆچوونی زۆر جیاواز باسیانلێدەکرێت، هەروەها بابەتی سەرەکی ئەم نامانە باسکردنە لە جەنگ. جەنگی دوو وڵات ئەڵمانیاو فەرانسا. رووبەڕووبوونەوەی دوو ئایدیاو بۆچوونی جیاواز دەبینین لەم نامانەدا بەرامبەر بە جەنگ، بەرامبەر بەوڵات، بەرامبەر بەگەورەیی و خۆشەویستی وڵات و... . بەشێوەیەک(خود) و (ئەویتر) لەم نامانەدا بەزەقی دیارە، رەنگە بەوەشبێت کە هۆکارێکی سەرەکی جەنگ، دروستبوونی هەمان خود و ئەویترە. نامەی یەکەم لە ژمارەی 2ی Revue Libre دا،ساڵی 1943 چاپ وبڵاو بۆتەوە.

نامەی دووهەم لە ژمارە سێی بڵاوکراوەی Cahiers de la Liberation چاپ و بڵاوبۆتەوە. نامەی سێهەم و چوارەم دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە Revue Libreبڵاوبۆتەوە. لەراستییدا کامۆ لەم نامانەدا باس لە دوو ئایدیا دەکات «ئایدیای داگیرکەر» بە نوێنەرایەتی «ئەڵمانیا»و ئایدیای بەرگریکار (فەرەنسا). باس لە دوو خەونی جیاواز دەکات، ئەو خەونەی کە بیر لە گشتگیربوون دەکاتەوەو ئەیەوێت پرەنسیپی خوازراوی خۆی بەزەبری گوللە بەسەر ئەوروپادا داسەپێنێت. ئایدیا یەکیتر کە ئاشتی و پێکەوە ژیانی مەبەستە، لە هەمانکاتدا ئامادە نییە ملکەچی پرەنسیپی خوازراوی ئەڵمانیا بێت.

کامۆ بەردەوام لەم نامانەدا باس لە مەترسی سیاسەتی شەڕخوازی دەکات، ئەوەی کە کلتوری جەنگخوازی دەتوانێت دوای خۆی چی بەجێبێڵێت بەوێنا دەکێشێت. کامۆ خۆی ناوەڕۆکی ئەو نامانەی کە لەسەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانی و بۆ رۆژنامەکانی بزوتنەوەی بەرگریکاری نوسیوە بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: «ئەم دوو جۆرە روانینەیە کە من و تۆ رووبەڕووی یەکتردەکاتەوە، نەک دوو وڵات. تانانەت ئەگەرچی ئەم دوو وڵاتە توانیان لە ساتێکی مێژوویيدا دوو جۆر روانینی دوژمنکارانە رووبەڕووی یەکتر بکەنەوە. رستەیەک دوبارە دەکەمەوە کە لەراستییدا قسەی من نییە، ئەویش ئەمەیە:» من ئەوەندە وڵاتەکەی خۆمم خۆش دەوێت، کە ناتوانم نەتەوەپەرەست و ناسیۆناڵیست بم.»

وتاری «هونەرمەندو سەردەمەکەی» کە وتاردانی کامۆ بووە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات، دەرخەری روانگەی کامۆیە دەربارەی هونەرو هونەری دەربەست. کامۆ لایوایە هونەرمەند بێ ئەوەی خۆی بیەوێت ناچارە بەشداری کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکات، سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە خۆی لەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بدزێتەوەو بەدوور بێت لەو کێشانە. وتارو رۆمانەکانی ئەلبێرکامۆ (1913–1960) زیاتر روانینێکی ئێگزێستانسیالیستی پێوە دیارە کە بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا، نوسراوەکانی پێشکەش دەکات.

کامۆ یەکێکە لە گەورەترین نوسەرانی سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانی و ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیانی پێبەخشراو سێ ساڵ دواتر لە رووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا. وتاری «بۆچی سەرقاڵی شانۆ دەبم»و «ئەو رۆژەی کامۆ رۆیشت.» لەناو کتێبە فارسییەکەیدا نییە، بەڵکو لەماڵپەڕە ئەنتەرنێتییەکان وەرمگرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێوەندیدارە بە

بابەتەکەوە لەناو ئەم کتێبەدا جێم کردۆتەوە.

وتاری«بۆچی سەرقاڵی شانۆ دەبم؟» بەهەمان شێوەی «هونەرمەند و سەردەمەکەی» دەرخەری روانگەی «کامۆ»یە دەربارەی هونەرو بەتاییەت هونەری شانۆ. ئەو نوسینە کورتەش کە «دووبۆڤار»دەربارەی مەرگی «کامۆ نوسیویەتی دەربڕی پێوەندی دووبۆڤارو هاوژیانەکەی سارتەر، لەگەڵ کامۆ کە بەتاییەت ساڵانی مانەوەی لە پاریس و ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی 3 هاوڕێی باشی یەکتربوون و کامۆ زۆر سەردانی سارتەرو دووبۆڤاری دەکرد، لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا وتارێکم هێناوە بەناوی ژیان و بەرهەمەکانی کامۆ لە نوسینی «ریچار کمبر» کە خەشایار دەیهەمی کردوویە بە فارسی و لە کتێبی «فەلسەفەی کامۆ» وەرمگرتووە.

گەورەیی مرۆڤ لەوەدا نییە، کە بکەوێتە دۆخێکی بەرزەوە، بەڵکو لەوەدایە هاوکات بێ وەستان بکەوێتە هەردوو دۆخەوە.

**پاسکال**

**وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە بە دایکم، کە هەرگیز ناتوانێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە.**

## نامەی یەکەم

تۆ وتت: ناکرێت نرخێک بۆ گەورەیی وڵاتەکەم دیاری بکرێت، هەر شتێک یارمەتیدەر بێت بۆ گەورەیی وڵاتەکەم، باش و بەکەڵکە، لەدونیایەکدا کە ئیتر هیچ شتێک مانای نییە، ئەوانەی وەک ئێمە ئەڵمانییە گەنجەکان ئەو بەختەیان هەیە لە چارەنوسی وڵاتەکەی خۆیاندا، مانایەک بدۆزنەوە ئەبێ هەموو شت بکەن بە قوربانی»

ئەو کات من تۆم خۆشدەویست، بەڵام هەر ئەو کاتیش پێم راگەیاندی لەگەڵ ئەو بۆچوونەتدا نیم. پێم وتی:»نە، من ناتوانم بەوە رازیبم مرۆڤ بەوە رازی بێت هەمووان، خۆیان بەپێی ئەو ئامانجەی ئەو خەباتی بۆ دەکات بگۆڕن، لەگەڵ ئەو ئامانجەدا خۆیان بگونجێنن. هەندێ کار هەن بۆ لێبوردن ناشێن. من حەز ئەکەم هەم وڵاتەکەمم خۆش بوێت و هەم عەدالەتیش. من هیچ جۆرە گەورەتییەک بۆ وڵاتەکەم بە ئاوات ناخوازم. بە تایبەت گەورەتییەک کە لەرێگای خوێن رشتنەوە بەدەستبێت، یان بە درۆ دروست بکرێت. ئارەزووم ئەوەیە وڵاتەکەم لە رێگای زیندوو راگرتنی عەدالەتەوە، زیندوو بمێنێتەوە.» تۆ پێت وتم:» تۆ وڵاتەکەت خۆش ناوێت.»

ئێستا پێنج ساڵ لەو رۆژە تێدەپەڕێت و ئێستا زۆر لە یەکتر دوورین. دەمەوێت ئەم خاڵەت پێ بڵێم لە ماوەی ئەم ساڵە دوورو درێژانەدا (کە بۆ

تۆ زۆر کورت و خێرا گوزەرا) تەنانەت ڕۆژێکیش نەبووە وشەکانت هەر لە مێشکمدا نەیەن و نەچن. «تۆ وڵاتەکەت خۆش ناوێت!» ئەمڕۆ کە بیرلەو قسە دەکەمەوە چما شتێک لە قوڕگمدا گیری کردووەو دەیگوشێت، ئەگەر مرۆڤ حەز نەکات ناعەداڵەتییەکانی خۆشەویستەکەی بخاتەڕوو، ئەگەر بڕیار بێت ئینسان چاوەڕوانی ئەوەی لە خۆشەویستەکەی نەبێت بەپێی جوانترین وێناکان کە عاشق هەیەتی بۆ خۆشەویستەکەی، خۆی بگونجێنێت، هەڵسەنگێنێت و تواناکانی بخاتەڕوو، دەتوانم بڵێم من وڵاتەکەمم خۆش نەویستووە. پێنج ساڵ لەوە پێش زۆربوون ئەوانەی وەک من بیریان دەکردەوە، بەڵام ژمارەیەکیان بە ناچار کەوتنە بەر دوانزە لولە چەکی چارەنوس سازی ئەڵمانییەکان، کە وەک دوانزە چاوی ڕەش دەچوون. مەبەستم ئەوەیە بڵێم تەنانەت ئەو دەرفەتەش لەبەردەستدا هەبوو کە سەد کەڕەت گیانت بکەیت بە قوربانی بۆ وڵاتەکەت، ئەم وڵاتانەی کە لە ڕوانگەی تۆوە عاشقی وڵاتەکەیان نەبوون، زۆر شتی زیاتر لەوەی تۆ دەتویست بۆ وڵاتەکەتی بکەیت، ئەوان کردیان بە قوربانی وڵاتەکەیان، لەبەر ئەوەی ئەوان سەرەتا ناچاربوون لە جەنگی دژ بە خۆیان سەرکەوتوو بن. ئەمەیە قارەمانێتی ئەوان، بەڵام من لێرەدا دەربارەی دوو جۆرە گەورەی قسە دەکەم، دەربارەی جۆرێک پاڕادۆکس کە ئەرکی منە شی بکەمەوە بۆت، ئەگەر دەرفەت هەبێت ئێمە بەزووترین کات یەکتر دەبینینەوە، بەڵام ئەو کات هاوڕێیەتی نێوان ئێمە تەواو بووە.

تۆ پڕیت لە شکەست و بێ هیوایی و شەرم ناکەیت لەسەرکەوتنەکانی رابـردووت، بە پێچەوانەوە بەداخەوەی بۆ ئەو هێزانەی وڵاتەکەت کە لەناوچوون. ئەمڕۆکە من هێشتا لەبیرکردنەوەمدا نزیکم لە تۆ بەدڵنیاییەوە دوژمنی تۆم، بەڵام هێشتا تا ڕادەیەک هاوڕێی تۆم، لەبەرئەوەی هەرچی

بیری لێدەکەمەوە باوەڕم پێنە. سبەی ڕۆژ هەموو ئەم شتانە کۆتایی دێت. هەموو ئەو شتانەی سەرکەوتنی ئێوە نەیتوانی ئەنجامی بدات، شکستی ئێوە جێبەجێی دەکات، بەڵام بەرلەوەی بپەرژینە سەر چەمکی کەمتەرخەمی، دەمەوێت وێنایەک لە وڵاتەکەی خۆمت بۆ ڕوون بکەمەوە، ئەو شتەی نە جەنگ و نە ئاشتی هیچ کامیان فێریان نەکردیت.

من دەمەوێت دەستبەجێ دەربارەی ئەوەی ئەمە چ جۆرە گەورەتییەکە دەبێت بەهۆی جوڵەی ئێمە قسە بکە، بەڵام هیچ جیاوازییەک لەوەدا نییە، بڵێم ئێمە ستایشی چ جۆرە بوێرییەک دەکەین، ئەو بوێرییەی کە ئێوە نیتانە، لەبەر ئەوەی بەروخانی ئەوانیتر پێشکەوتن کارێکی گەورە نییە، ئەو کاتەی مرۆڤ هەموو دەم دەست لەسەر چەک و ئامادەیە.

ئەو کاتەی ئەم کارە زۆر سروشتی تر و عادیتر لە بیرکردنەوە دەردەکەوێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو کاتەی مرۆڤ بەو پەری وشیارییەوە ئەزانێت کە ماهییەتی ڕق و توندوتیژی شتێکی پوچ و بێ بنەمایە، هەڵبژاردنی ئەشکەنجەو مەرگ کارێکی گەورەیە، لە حاڵێکدا مرۆڤ بە چاوی سوک تەماشای جەنگ دەکات، خەباتکردن کارێکی گەورەیە. خۆی ئامادە بکات بەوەی هەموو شت لەدەستبدات لەحاڵێکدا هێشتا چاوەڕوانی بەختەوەرییە، بەرەو رووخان و لەناوچوون هەنگاونان لە حاڵێکدا تێڕوانینێکی گەورەترو بەربڵاوتری بۆ شارستانییەتی مرۆڤایەتی هەیە، لەو ڕووەوە کارەکەی ئێمە گەورەتر لە کاری ئێوەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت بێ هیچ گلەیی و گازندەیەک بە تەواوەتی بەرپرسایەتی خۆمان بگرینە ئەستۆ. ئێوە پێویستتان بەوە نەبوو زاڵبن بەسەر شعورو هەستتدا، ئێمە دوو دوژمنی جیاوازمان هەبووە. سەرکەوتن بە چەک و چۆڵ بەس نییە، بۆ ئێمە لە حاڵێکدا بۆ ئێوە کە هیچ پێویستییەکتان بەوە نەبوو بەسەر دەروون و هەستی خۆتاندا

زاڵبن،بەس بوو.

ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە لەخۆبردوویی و خۆڕاگری هەبوو، بۆ ئەوەی نەکەوینە داوی ئەو دڵەڕاوکە فریودەرانەوە کە دەیویست ئێمەش وەک ئێوە بین، لەبەر ئەوەی لە دەروونی ئێمەدا هەموو دەم جۆرێک هاندەر هەیە کە بەرەو غەریزەمان رادەکێشێت، بەرەو جۆرێک بێ مبالاتی بەرامبەر بە بیرکردنەوە، بەرەو پیداهەڵدانی لێهاتوویی و کاریگەر بوونمان بباٹ. ئێمە سەرەنجام ماندو و دڵشکاو دەبین، لەوەی کە ناتوانین بە هەموو ئەو شتانە بگەین کە دەبوایە بگەین.

عەقڵ بە توانج و تانەکانی وامان لێدەکاٹ هەسٹ بە شەرم بکەین، وەک چۆن جارجار خۆمان لە دۆخێکی هەوسارپساودا دەبینینەوە، لە وەها دۆخێکدا زۆر ئاسانە، بەبێ ئەوەی پێویسٹ بە چکۆلەترین هەوڵدان بکاٹ، بە حەقیقەٹ دەگەین، بەڵام بۆ ئەم شتە دەرمانی ئارام کەرەوە باشترە. ئێوە لەوێن و ئەو دۆخەمان پێ نیشان ئەدەن، ئەوکاٹ ئێمە هەم دیسان هەڵدەستینەوە، ئەگەر من لەسەر ئەو باوەڕە بام مێژوو چارەنوسێکە لەپێشدا دیاری کراوە، بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕە بووم، ئێوە کە دیل و کۆیلەی عەقڵن، بۆ تەمبێ کردنی ئێمە بەرامبەر بە ئێمە وەستاونەتەوە. ئەوکاٹ ئێمە لەباری دەروونییەوە خۆمان دەگرتەوەو زۆر رازیتر دەبووین.

بەڵام ئێمە هێشتا ناچارین زاڵ بین بەسەر دوودڵ بوونی خۆماندا بەوەی کە سەرکەوتوو بووە. من ئەزانم ئێوە لەسەر ئەو باوەڕەن ئێمە دووین لە سەرکەوتن، بەڵام ئێوە لە هەڵەدان، بابەتەکە زۆر ئاسانە، بەو شێوەیەی کە ئێمە هاوکاٹ لەگەڵ ئەوەی وەریدەگرین و قبوڵی دەگەین گومانیشمان لێی هەیە. باوەڕمان بە سەرکەوتن قارەمان بوونی خۆمان هەیە لەبەر ئەوە دە سەدە لە مێژوو هەموو شتێک دەربارەی مرۆڤی شەریف و

نەجیبمان دەخاتە بەردەست. گومانمان لە قارەمان بوون هەیە، لەبەرئەوەی دە سەدە وشیاری و بیرکردنەوە فێری کردووین ئەوەی کە توانایەکی سروشتیت هەبێت سەرکەوتنێکی گەورەیە. ئێمە بەرلەوەی بتوانین خۆمان نیشانی ئێوە بدەین، سەرەتا ناچارین خۆمان بدۆزینەوە. هەربۆیە ئێمە شەلەشەل بە دوای هەموو ئەوروپا کەوتین، ئەو کاتەی کە پێویست بوو بە خێرایی باوەڕی بە درۆ و دەلەسەکان بکات، ئەمە لە حاڵێکدابوو ئێمە لە لایەکیترەوە کاتی خۆمان بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا تەرخانکرد بوو. هەربۆیە ئەو کاتەی ئێوە هێرشتان کردە سەر ئێمە، ئێمە شکەستمان خوارد، ئەو کاتە ئێمە سەرقاڵی ئەوە بووین لە رۆح و دەروونی خۆماندا بەبڕیارێکی تەواو بگەین کە ئاخۆ ئێمە راست دەکەین، یان نە.

ئێمە ناچاربووین بە سەر ئێڕوانینی خۆمان لە بارەی مرۆڤ و چارەنوسی ئاشتیانەی مرۆڤەوە زاڵبین، بە سەر ئەو باوەڕەدا زاڵبین کە سەرکەوتن لە هیچ جەنگێکدا باش نییە، لەبەرئەوەی هەرجۆرە خەسار گەیاندنێک بە مرۆڤ شتێکە قەرەبوو ناکرێتەوە. ئێمە ناچار بووین هاوکات ماڵئاوایی بکەین لەگەڵ زانست و توانایی خۆمان هیواکانمان، هەروەها هاندەرمان بۆ عەشقمان، بۆ جەنگ یان بێزاریمان لە جەنگ. دەمەوێت شتێک بڵێم لاموایە تۆ باشتر لێی تێدەگەیت و تێگەیشتنی بۆت ئاسانە، لەبەرئەوەی شتێک لەزەینی مندایە و تۆش هاوڕا بووی لەگەڵم و ئەو شتەش بریتیە لەوە کە ئێمە ناچاربووین بدەین بە پێش هەستی قوڵمان و قوڵایی خۆشەویستیمانەوە.

ئێستا ئەم کارە ئەنجامدراوە. ئێمە ناچاربووین رێگایەکی دوورتر بپێوین. هەربۆیە ئێمە دەرنگتر بە مەنزڵ گەییوین، لە رێگا دوورەدایە حەقیقەت بەسەر وریابوون و هاوڕێیەتی بە سەر هەستدا زاڵ ئەبێت. ئەم رێگا دوورو درێژە پاسەوانی لە عەداڵەت دەکات و حەقێقەت بە تەنیشیانەوە دادەنێت

بۆ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن. ئێمە نرخێکی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی ئەم ڕێگا دوورە بپێوین. ئێمە نرخی ئەم شتەمان بەسوکایەتی پێکردن و بێدەنگەکردن داوە، بە ئاڵی چێشتن زیندانی بوون، ئێعدامی بەرەبەیانان، بێبەری بوونەکان، لە یەکتر دابڕانەکان، برسیەتی هەموو رۆژە، منداڵانی باریکەڵەوە برسی و بێ هێزو زیاتر لە هەمووان بە سوکایەتی کردن بە پێگەی ئینسانیمان بەم شتە گەیشتووین، بەڵام ئەم کارانە پێویست بوو بکرێت. ئێمە پێویستمان بەم ماوە دوورو درێژە هەبوو بەوەی بزانین ئێمە مافی ئەوەمان هەبوو بکوژین، ئاخۆ ئێمە دەمانتوانی ئیزن بدەین ئەم بەڵا ترسێنەرو ماڵ وێرانکەرە لەوەی کە هەیە خراپتر لە جیهاندا بڵاوبێتەوە؟ ئەمە کاتی لە دەست چوو و کاتی دوبارە بەدەستهێنانەوەیە، سەردەمی ئەوە بەسە رازی بین بەوەی شکستمان خواردووە، ئەو دوو دڵی دەوونیانەی، کە ئێمە بە خوێنی خۆمان نرخەکەیمان داوە ئێستا ئەو مافە بە ئێمە فەرەنساییەکان ئەداث کە لەسەر ئەو باوەڕە بین ئێمە بە دەستی خاوێن دێینە ناو جەنگەوە- ئەوەندە خاوێن پاک وەک دەستی قوربانییەکان و باوەڕدارەکان- بە دەستی خاوێنیشەوە لەم جەنگە دەڕۆینە دەرەوە، بەڵام ئەمجارە خاوێن، وێڕای سەرکەوتنێکی گەورە دژ بە نادادپەروەری، هەروەها دژ بەخۆشمان. ئێمە سەردەکەوین و ئێوە هیچ بیانوویەکتان نییە، بەوەی بە چاوی سوک سەیری ئەم سەرکەوتنەمان بکەن و بیبەنە ژێر پرسیارەوە، ئێمە راست بەهۆی ئەم شکستەی ئەمڕۆمانەوەیە سەردەکەوین، بەهۆی ئەم سەفەرە دوورو درێژە ئارام و لەسەرخۆمانەوە کە وای لێکردوین هاندەرەکانی خۆمان بناسین، بە یارمەتی ئەو ئازارانەی کە بە دڵنیاییەوە زاڵمانە بوون، بەڵام ئێمە لێیانەوە شت فێربووین، سەردەکەوین.

ئێمە هەموو ئەو شتانەمان دۆزیوەتەوە، کە وەک نهێنییەک لە پشت هەر سەرکەوتنێکەوە شاراوەیە، ئەگەر ئەم نهێنی و رازە لەدەستنەدەین، بە دڵنیاییەوە سەردەکەوین. ئێمە فێربووین رۆح لە بەرامبەر شمشێردا هیچ شتێک بەدەستناهێنێت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەوە هەندێ جار بیرمان لێدەکردەوە، بەڵام رۆح و شمشێر ئەگەر یەکبگرن بەدڵنیاییەوە بەسەر ئەو شمشێرەدا سەردەکەون کە تەنها لەبەر (خود) هەڵگیراوە، هەربۆیە ئێمە ئێستا کە زانیمان رۆحمان لەگەڵە دەستمان بۆ شمشێر بردووە. سەرەتا ناچار بووین مەرگی مرۆڤەکان بەچاو ببینین و هەست بە مەترسی مەرگی خۆشمان بکەین، ناچاربووین ببینین کرێکارانی فەرەنسا، لە حاڵێکدا هاوسەنگەرەکانیان بە بوێربوون هاندەدەن، لە داڵانەکانی زیندانەوە بەرەو وتنی مەرگ دەبرین، بۆئەوەی ناچار بین بەسەر رۆحی خۆماندا زاڵ بین، ناچاربووین ئەشکەنجەی جەستەیی قبوڵ بکەین، ئەمە تەنها ئەو بەهاو نرخەیە، بۆ ئەو شتەی کە بەراستی خاوەنییەتی، بیداتێ، ئێمە بەهاو قوربانییەکی زۆرمان داوەو لەمە بەدوا زیاتری دەدەین، بەڵام باوەڕی خۆمان، هاندەری خۆمان، هەستی خۆمان بۆ عەدالەت رادەگرین، بە دڵنیاییەوە ئێوە شکست دەخۆن.

من هیچ کاتێ لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم راستی لەخۆیدا هەڵگری هێزێکەو هێزێک بەرهەمدەهێنێت، بەڵام تا ئێستا ئەوە بەسە بەوە بگەم لە دۆخی یەکساندا راستی بە سەر درۆدا زاڵ ئەبێت. ئێمە ئێستا گەیشتووین بەم دۆخە هەستیارەی هاوسەنگی دوو هێز، بۆ دڵنیابوون لەم دوو هێزەیە ئێمە هەوڵ دەدەین. من لەوەدایە ئیدیعای ئەوە بکەم ئێمە بۆ شتێک خەبات دەکەین، کە بە قەد خودی مرۆڤایەتی گرنگە. ئێمە بۆ جیاوازی دانان لەنێوان گیانبازی و سۆفیگەری، جیاوازی نێوان هێزو توندوتیژی،

جیاوازی نێوان هێزو زاڵم بوون خەبات دەکەین، تەنانەت لەوە ناسکترو وردتر، بۆ جیاوازی نێوان راستی و ناڕاستی جیاوازی نێوان ئەو مرۆڤەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی و ئەو خودا درۆینانەی ئێوە دەیپەرستن خەبات دەکەین.

ئەمە ئەو شتەیە کە دەمویست پێتبڵێم، نە لە شوێنێکی بەرزەوە، بەڵکو دروست لە جەرگەی مەیدانی جەنگدا. ئەمە ئەو شتە بوو دەمویست لەوەڵامی ئەو قسەیەی تۆ «تۆ وڵاتەکەت خۆش ناوێت» پێتبڵێم، ئەو شتەی کە هێشتا ئازارم ئەدات، بەڵام من دەمەوێت قسەکەی خۆم بەروونی بڵێم. من لامواية فەرەنسا هێزو دەسەڵاتی خۆی لە دەست داوە، بۆ ماوەیەک پێویستە سەبر بکات، شۆڕشێکی وشیارانە بۆ بە دەست هێنانەوەی ئابرووی لە دەست چوومان، ئەو شتەی کە هیچ کلتورێک ناتوانێت بێ ئەوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام لامواية ئەو هاندەرەی کە فەرەنسا لەبەر ئەوانە هەموو ئەو شتانەی لە دەستداوە خاوێن و بێگەردە. هەربۆیە هێشتا هیوام هەیە و هیوابڕاو نیم. مەبەستی من لە نوسینی ئەم نامەیە ئەمەیە. ئەو کەسەی تۆ پێنج ساڵ لەوە پێشت بەداخەوە بووی بۆی، لەبەرئەوەی بەپارێزەوە قسەی دەکرد لە وڵاتەکەی خۆی، هەمان ئەو کەسەیە ئەمڕۆ دەیەوێت بە تۆ و هەموو مرۆڤەکانی هاوتەمەنمان لە ئەروپاو جیهان بڵێت:» من سەر بە نەتەوەیەکم کە سەبرکردنیان جێگای رێزو ستایشە، هەروەها دان بە هەڵەو کەم و کوڕییەکاندا دەنێن و ئیزن نادات ئەو ئارامانەی کە هەموو شکۆمەندییەکەی دەگرێتەوە لەدەست بچێت.

ئەو ئارامانەی کە جەماوەری خەڵکەکەی هەموو دەم و رێبەرەکانیشی هەندێ جار دەیانەوێت بە شێوەی ئاشکرا دەریببڕن. من سەر بە نەتەوەیەکم چوار ساڵ لەوە پێش دەستکرد بە زیندو کردنەوەی بیرەوەری سەرجەم مێژووەکەی و ئەوەی کە لەناو وێرانەکانەوە ئارام و بەهێز خۆی ئامادە

کردووە سەرلەنوێ مێژووەکەی بنوسێتەوەو ئەوەی کە لە یارییەکدا بێ هیوا بە سەرکەوتن، بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. وەها وڵاتێک بە عەشقی ناسک و قوڵێکەوە کە من هەمە، شیاوی ئەوەیە عاشقی بیت.

من لاموایە هەوڵدان و خەباتکردن بۆ وەها وڵاتێک پڕبایەخە، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتەی شیاوی عەشقێکی قوڵە. من لاموایە وڵاتەکەی تۆ، هیچ عەشقێکی لە منداڵەکانیەوە پێ نەگەیشتووە، جگەلەو عەشقەی شیاویەتی، عەشقێکی کوێر. نەتەوەیەک بەم جۆرە عەشقە بە راستی ناگات... هەر ئەم عەشقەیە ئێوە بەلارێدا دەبات. لەو شکەستەدا کە تادێت لێی نزیک تر دەبنەوە چی دەکەن؟ ئێوەیەک کە زۆر پێشتر، ئەو کاتەی گەورەترین سەرکەوتنەکانتان بە دەستەوە بوو شکست خواردو بوون.»

ژوئیەی 1943

## نامەی دووهەم

پێشتر کە نامەم بۆ دەنوسینی زۆر دڵنیا بووم. دوای پێنج ساڵ کە پەیوەندیمان پێکەوە نەبوو بۆم شیکردیتەوە، کە بۆچی ئێمە بەهێزترین، بەهۆی ئەو ڕێگا دوورو درێژەوە، کە ئێمە بڕیومانە بۆ ئەوەی بە روونی لە هاندەری خۆمان تێ بگەین، بەهۆی رامان و قوڵبوونەوەیەک کە هەڵقوڵاوی نیگەرانی و دڵەڕاوکەکانی ئێمە بوو دەربارەی ئەوەی ئێمە لەسەر حەقین یان نە، بەهۆی ئەو حەزو ویستە بەردەوامەوە کە هەمان بوو، بۆئەوەی هەموو ئەو شتانەی بەلامانەوە ئازیزن هاوئاهەنگ بن، بەڵام دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم شتانە. من پێشتر پێم وتبوی بۆ بڕینی ئەم ڕێگا دوورو درێژە ئێمە چ بەهایەکی گەورەمان داوە، لەترسی ئەوەی نەوەک کارێکی ناردوە ئەنجام بدەین شێواوی و ئاڵۆزیمان قبوڵکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ڕێگا دوورو درێژەیە ئەمڕۆکە بووە بەهۆی بەهێزبوونی ئێمەو هەر بەم هۆیەوەیە ئێمە لەسەرکەوتن نزیکین. بەڵێ من ئەو کاتەی باسی ئەم شتانەم دەکرد زۆر دڵنیابووم و هیچ شتێکم نەسڕییەوە، تەنانەت یەک بین نوسیم و قەڵەمم لەسەر کاغەز هەڵنەگرت، بە دەر لەمەش کاتی ئەوەم هەبوو بیر لەو شتانە بکەمەوە.

شەوانە کە مرۆڤ لەناو بیرکردنەوەکانیدا نوقم ئەبێت، بیرم لەم شتانە کـردەوە. سێ ساڵی تەواو شەوانە تاریکییەک بە سەر شارەکان و رۆح و گیانی ئێمەدا زاڵبوو، کە ئێوە دروستتان کردبوو. سێ ساڵی تەواو لە تاریکی شەواندا، ئێمە بە نهێنی لەگەڵ بیرکردنەوەکانی خۆمان دەستەویەخە بووین کە ئەمڕۆکە بووە بە چەکێک لە بەرامبەر ئێوەدا. ئێستا دەتوانم باس لە وشیاری و تێگەیشتن بکەم، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە بە شتێک گەیشتووین کە هەموو شتێکمان لێکداوەتەوەو هەموو شت روون و ئاشکرایە، ئەو شوێنەی تێگەیشتن و وشیاری و بوێری و نەترسی دەستیان داوەتە دەستی یەکتر. بەلای تۆوە کە زۆر رووکەشانە و سادە باست لە تێگەیشتن و وشیاری دەکرد، بە دڵنیاییەوە جێگای سەرسوڕمانە کە لە پەیوەند لەگەڵ دۆخی مێژوویدا، وشیاری و تێگەیشتنێکی کوتوپڕ دەرکەوێت. لێرەدا جارێکی تر رووەدەکەمە تۆ.

ئەوەی کە مرۆڤ لە رۆح و دەروونی خۆیدا رازی بووبێت، جێگای شادی خولقێن نییە، لە رستەکانی دواتردا دەپەرژمە سەر ئەم بابەتە کە مەبەستی بابەتەکە ئەو شتەیە کە بۆت دەنوسم، بەڵام سەرەتا دەمەوێت چەند خاڵێک روون بکەمەوە. ئەو خاڵانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ بیرەوەری من لە تۆ و هاوڕێیەتی ئێمە، تا ئەو شوێنەی دەکرێت دەمەوێت تەنها کارێک ئەنجام بدەم کە مرۆڤ دەتوانێت، بۆ هێشتنەوەی هاوڕێیەتییەک کە خەریکە لە ناو دەچێت بیکات. دەمەوێت روونی بکەمەوە هاوڕێیەتی ئێمە بۆچی دەگەڕێتەوەو ئێمە بۆچی هاوڕێ بووین. من پێشتر وەڵامی ئەم ئیدیعاو تەشەرەی تۆ (تۆ وڵاتەکەت خۆش ناوێ)م داوەتەوە. بیرەوەری ئەو وتەیە وازم لێ ناهێنێت. ئەمڕۆ دەمەوێت تەنها وەڵامی ئەو پێکەنینە ناقەت پڕوکێنەی تۆ بدەمەوە ئەو کاتەی وشەی (توانا)ت بیست. تۆ وتت:»فەرەنسا

سەرەڕای هەموو توانایییەکانی نکۆڵی لە خۆی دەکات. زاناو بیرمەندەکانی ئێوە شک و گومان، یان گەڕانی گوماناوی بە دوای حەقیقەتیان پێ باشترەوە، بەوە بەندە چۆن بیری لێ بکەینەوە. ئێمە پێگەی ئەڵمان، بەرزتر لە حەقیقەت و بە دوور لە هەرجۆرە گومان و دوودڵییەک دەبینین.»

بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕاست بوو، بەڵام من پێشتریش وتوومە، ئەگەر جارجارە وا دەردەکەوێت ئێمە لە وڵاتەکەمان عەداڵەتمان دەوێت، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئێمە دەمانویست تەنها کاتێک عاشقی وڵاتەکەمان بین کە لایەنگری عەداڵەت بێت، وەک چۆن هەرکاتێک لایەنگری حەقیقەت و هیوا بووە خوازیاری ئەوە بووین عاشقی وڵاتەکەمان بین، کە وایە ئێمە جیاوازیمان زۆر بوو، لەگەڵ ئێوە.

ئێمە داخوازی و ویستمان هەبوو. ئێوە دڵتان بەوە خۆش بوو لە وڵاتەکەتان خزمەت بە دەسەڵات دەکەن، ئەمە لە حاڵێکدایە ئێمە خەونمان بە حەقیقەت و ڕاستییەوە دەبینی لە وڵاتەکەمان. بەلای ئێوەوە سیاسەت لەسەر واقیعەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژراو ئەوە بەس بوو، بۆ ئێوە. لە حاڵێکدا ئێمە لەو سەرگەردانییە گـەورەدا، وێناو مانایەکی ناڕوونمان هەبوو لە سیاسیەتی جێگای ڕێز، ئەو شتەی کە ئەمڕۆکە پێی دەگەینەوە. ئەو کاتەی ئەڵێم «ئێمە» مەبەستم ڕێبەرانی ئێمە نییە، بەڵام ئەمە شتێکی گرنگ نییە، کە بمانەوێت دەربارەی قسە بکەین.

جارێکی تر لێرەدا دەبینم پێدەکەنیت پێم. تۆ هەمیشە بەگومان بووی بەرامبەر بە وشەکان. منیش هەروا بووم، بەڵام من زیاتر لە خۆم بەگومان بووم. تۆ هەوڵت ئەدا من بەرەو هەمان ڕێگا ببەیت کە خۆت گرتبووتە بەر، ئەو ڕێگاییەی هۆش و توانایی شەرم دەکات، لەخولقانی خۆی و ئەو کاتەش من نەم دەتوانی ئەو ڕێگایەی تۆ بگرمە بەر، بەڵام ئەمڕۆکە

دەمەوێت وەڵامێکی روونتر پێ بدەمەوە. تۆ پرسیارت کرد حەقیقەت چییە؟ زۆر باشە، بەڵام لانیکەم ئێمە دەزانین درۆ چییە. درۆ ئەو شتەیە ئێمە لە ئێوەوە فێربووین. رۆح و گیان چییە؟ ئێمە بەرامبەرەکەی دەناسین، واتە مەرگ. مرۆڤ چییە؟ بەڵام لێرەدا بەرامبەرت دەوەستمەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەیناسین. مرۆڤ هەمان ئەو هێزەیە کە سەرەنجام دیکتاتۆرەکان و خولقێنەران لەناو دەبات.

مرۆڤ هێزی ئەوەی هەیە شتە روون و ئاشکراکان بناسێت. ئەرکی مرۆڤانە شتێک روون و ئاشکرایەو ئێمە ئەبێت پاسەوانی لێبکەین و بیپارێزین. ئەو دڵنیاییەی ئێمە ئێستا پێی گەیشتووین دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی ئێمەو چارەنوسی وڵاتەکەمان، ئەگەر هیچ شتێک مانای نەبا، ئەو کات ئێوە لەسەر حەق بوون و راست بوون، بەڵام شتێک هەیە کە هێشتا مانایەکی هەیە.

بەدڵنیاییەوە من ناتوانم بەردەوام دووپاتی بکەمەوە، هەربۆیە ئێمەو ئێوە زۆر جیاوازین لە یەکتر. ئێمە تێگەیشتنێکمان هەبوو لە وڵاتەکەمان کە دەمان خستە ناو گەورەتییەکانی ترەوە، گەورەتیگەلێکی وەک: هاوڕێیەتی، مرۆڤ، بەختەوەری، بیرکردن و تێکۆشان بۆ عەدالەت و ویژدان. ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتەکەمان بە ترسەوە هەنگاو هەڵبگرین و شتەکان بە ئاسانی قبوڵ نەکەین. بەمەشەوە ئەوە ئێمە بووین سەرەنجام سەرکەوتین و راستماندەکرد. ئێمە کۆیلەمان بۆ وڵاتەکەمان دروستنەکرد، ئێمە لەبەر وڵاتەکەمان ئەوەی دەبوایە بیڵێین وتمان و هیچ دوو دڵ نەبووین لەو بارەوە. ئێمە بە تاقەت و سەبرەوە هەڵسوکەوتمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین بە روونی هەموو شتێک ببینین، لەناو ئەو هەمووە رەنج و بەدبەختییەدا، هەستمان بە خۆشی و شادی دەکرد، کە بەوە بگەین کە توانیومانە، هاوکات بە هەموو ئەو شتانە بگەین کە خەباتمان

بۆ دەکرد، بە پێچەوانەوەی ئێوە بەهەموو ئەو لایەنانەی مرۆڤەوە کە سەر بە وڵات نییە، خەباتتان دەکرد، لەخۆ ئێوە بێمانایە، لەبەر ئەوەی رێکخراوەکەتان و پلە زنجیرەی رێکخراوەکەتان شتێکی رێکوپێک و بێ هەڵە نییە، هەروەها بەهاکانیشتان لەم پەیوەندیەدا ناگونجێت. تەنها دڵ نییە، کە لە لایەن ئێوەوە خیانەتی پێکراوە. عەقڵ و شعور تۆڵە دەستێنێنەوە. ئێوە ئەو بەهایەی کە عەقڵ دەیەوێت، نەتانداوە. ئێوە قەرەبووی ئەو باجە سەنگینەی کە رۆشنبینی دەیەوێت، نەتانداوە. من دەتوانم لە قوڵایی شکستی خۆمانەوە پێتان بڵێم هەر ئەمانە بوون بەهۆی شکستی ئێوە.

با لە بەرامبەردا ئەم رووداوە بگێڕمەوە، لە زیندانێکەوە لە شوێنێک لە فەرەنسا کە من دەیناسم، رۆژێک بەیانی زوو سەربازە چەکدارەکان یازدە فەرەنسای بە ترۆمبیلێک دەبەن بۆ گۆڕستان، بۆ ئەوەی لەوێ تیربارانیان بکەن. لەم یازدە کەسە تەنها پێنج، یان شەش کەسیان کارێکیان کردووە، کە شیاوی ئەم سزا گەورەیە بێت: خوێندنەوەی راگەیاندنێک، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەک و زیاتر لە هەموان نافەرمانی. ئەمانە بێدەنگ و بێجوڵە لە ناو ترۆمبیلەکەدا دانیشتوون، بە دڵنیاییەوە ترس دایگرتوون، ترسێکی ئاسایی و رۆژانە، ئەگەر بکرێت بەو شێوەیە ناوی ببرێت. ئەو ترسەی کە بە ئاوێنەبوون لەگەڵ ئارامییەک لە نەناسراوەکاندا هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە، ئەو ترسەی بوێری خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت. زیندانییەکانی تر هیچیان نەکردووە. زانینی ئەوەی کە بەهۆی هەڵەیەیەک، یان لێک تێنەگەیشتنێک دەکوژرێن، یان دەبن بە قوربانی جۆرێک کەمتەرخەمی و بێ مبالاتی، ئەو ساتە دەکات بە ساتێکی ئازاردەرو دژوار بۆیان.

کوڕێکی شازدە ساڵەشیان لەگەڵدایە روخسارو سیمای تازە لاوان ئەناسیت و ئیتر پێویست ناکات دەربارەی ئەو شتە قسەت بۆ بکەم ئەم

کوڕە لە بەرامبەر ترسدا وەک نێچیرێکە کە خۆی دۆڕاندبێت، ئەو بێ ئەوەی هەست بە شەرم بکات لەوەی کە دەترسێت-وەها بە سوکایەتییەوە پێمەکەنە- ددانەکانی لە تەقەیان دەهات و دەلەرزی، بەڵام ئێوە قەشەیەکی مەیدانی جەنگتان لای دانابوو ئەرکی ئەوە بوو لەم ساتە ترسینەدا سوکنایی پێبدات.

لاموایە دەتوانم ئەوە بڵێم بۆ ئەو مرۆڤەی بڕیارە ئیعدام بکرێت قسەکردن و گفتوگۆ دەربارەی ژیانی پاش مەرگ هیچ مانایەکی نییە، وێناکردنی ئەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کۆتایی هەموو شتێک نییە، بۆ ئەوان زۆر دژوارە: زیندانییەکان لە ناو ترۆمبیلەکەدا متەقیان لێوە نایەت.

قەشەکە روو دەکاتە کوڕە منداڵەکە کە لە وچێکدا کزۆڵەی کردووە، دڵنەوایی ئەداتەوەو بە دڵنیاییەوە کوڕەکە زیاتر لەوانی تر لە قەشەکە دەگات و گوێ ئەداتە قسەکانی. ئەو بەوپەڕی راستگۆییەوە گوێی داوەتە قسەکانی قەشەو جارێکی تر هیوا لە دڵیدا چرۆ دەکات، لە دژوارترین ساتەکانی ترس و دڵەڕاوکەدا کە بێدەنگی زاڵ دەبێت هەندێ جار ئەوە بەسە کەسێک قسەیەک بکات: ئەم قەشەیە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات و هەموو شتێک چارەسەر دەبێت. کوڕە دەستدەکات بە قسەکردن:» من هیچم نەکردوە.» قەشە دەڵێت:»بەڵێ، بەڵام ئیتر ئەمە ئەو شتە نییە، قسەی لەسەر دەکەین، تۆ ئەبێ خۆت ئامادە بکەیت بەباشی بمریت.» «تێگەیشتن لەو شتەی من دەیڵێم دژوار نییە.» «من هاوڕێی تۆم و رەنگە لێت تێبگەم، بەڵام درەنگە.

من وەک خودا لە تەنیشتم. دەبینیت زۆر ئاسان تەواو ئەبێت.» کوڕە گەنجەکە رووی وەردەگێڕێت. قەشە باسی خودا دەکات. ئەو کوڕە باوەڕی بە خودا هەیە؟ بەڵێ باوەڕی هەیە، کەوایە لەو حاڵەدا هیچ شتێک بە

بەراورد لەگەڵ ئەو ئەنجامەی چاوەڕێی دەکات گرنگی نییە، بەڵام ئەو هەر لەم ئارامشە دەترسێت. قەشەی مەیدانی جەنگ ئەم رستەیە دەڵێتەوە:»من هاوڕێی تۆم.»

زیندانییەکانی تر بێدەنگن. قەشە دەبی بیری لای ئەوانیش بێت. قەشە خۆی لە کۆمەڵی بێدەنگی ئەوان نزیک دەکاتەوە، بۆ ساتێک پشت دەکاتە کوڕە بچوکەکە. ترۆمبیلەکە بە ئارامی دەڕواتە پێشەو دەنگی جووڵەی تایەکانی لە سەر ئەو جادەیەی کە بە شەونم تەڕبووە، دەبیسترێت. ئەو وێنا بێزارکەرە بێنابەرچاوی خۆت: بۆنی بەیانیانی لەشی پیاوان، ئەو دیمەنەی کە مرۆڤ نایبینێت، بەڵام هەستی پێدەکات. دەنگێک وەک ئەو ساتەی مرۆڤ زین و بەرگی ئەسپێک دەبەستێت دەبیسترێت، دەنگی جیکەجیکی باڵندەکان دەبیسترێت. کوڕە بچوکەکە بە ئارامی دەچێتە ژێر خێمەی ترۆمبیلەکە. لەوێ درزێکی باریک لەنێوان خێمەکەو چوارچێوەی ترۆمبیلەکەدا دەدۆزێتەوە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت لەوێوە هەڵبێت. کەسەکەی تر پشتی لەوەو سەربازەکان لە کورسییەکەی پێشەوەی ترۆمبیلەکە ئاگایان لە پێشەوەیە بۆ ئەوەی لەو بەرەبەیانە زووەدا رێگاکە ون نەکەن. ئیتر بیری لێناکاتەوە، خێمەکە لادەدات، لە درزە باریکەکەوە خۆی دەدزێتەوەو باز دەدات. دەنگی کەوتنەکەی نابیسترێت، تەنها دەنگی هەنگاوە خێراکانی لەسەر جادەکەو ئیتر هیچ. ئەو لە دەرەوە لە چۆڵەوانییەکدایە کە دەنگی هەنگاوەکانی کاتی هەڵهاتن لەخۆیدا دەخنکێنێت، بەڵام دەنگی جوڵەی خێمەکە، هەروەها هەوای فێنکی بەرەبەیان کە دێتە ناو ترۆمبیلەکەوە وا دەکات قەشەو زیندانییەکان بە هەڵهاتنەکەی بزانن. قەشە بۆ ساتێک چاو لە زیندانییەکان دەکات و ئەوان بێدەنگ چاوی لێدەکەن. لەم ساتەدا پیاوی خودا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هۆی هاتنی بۆ ئێرە چییە، ئەبێت

بڕیاربداث کە لە کامە لایەنە، بکوژەکان یان قوربانییەکان، بەڵام ئەو پێشتر بەمستث داویە لە چوارچێوەی ئەو ترۆمبیلە، کە ئەو و هاوڕیگاکانی تێدایە. زەنگی ئاگادار کردنەوە لێدەدرێث. دوو سەرباز دێنە ناو ترۆمبیلەکەوەو چاودێری زیندانییەکان دەکەن. دوو سەربازی تر هەڵدێن و بە هەڵهاتن لەو چۆڵەوانییەدا لەوان دوور دەکەونەوە. قەشە لەسەر قیری جادەکە بڕێک لەولای ترۆمبیلەکەوە وەستاوەو چاویان لێدەکاث، کە لە ناو ئەو مژە تۆخەدا هەڵدێن و بەدوای کوڕەکە دەکەون، لە ناو ترۆمبیلەکەدا پیاوەکان تەنها گوێیان لە دەنگی بەشوێن کەوتن، هاوارە کپەکان، دەنگی فیشەک و دواتر بێدەنگی دەبێث، دواتر ئەو دەنگانەی تا دێ نزیک دەبنەوەو سەرەنجام دەنگی هەنگاوە ئارامەکان.

کوڕەکە دەگەڕێننەوە بۆ ناو ترۆمبیلەکە. فیشەک لێی نەداوە بەپێوە دەوەستێث، لە حاڵێکدا مژێکی تۆخ چواردەوری داوە، کوث و پڕ ترس بە سەریدا زاڵ بوو و تەسلیم بوو. پاسەوانەکان بە جێگەی ئەوەی بیدەنە بەر بۆ ناو ماشێنەکە، زیاتر دەیانکێشا بە شوێن خۆیاندا. بڕێکیان لێدا، بەڵام نەک زۆر. بەشە گرنگەکەی هێشتا مابوو. کوڕە منداڵەکە نە ئەوە بوو چاو لە قەشە بکاث نەک لە کەسی تر.

قەشە چۆتە پێشەوەی ترۆمبیلەکەو لەلای شۆفێرەکەوە دانیشتووە. سەربازێک جێگاکەی دەگرێتەوە. کوڕەکە فڕێدەدرێتە سوچێکی ترۆمبیلەکە، بەڵام ناگری. ئەو هەمدیسان چاو دەبڕێتە جادەکە کە لەنێوان درزی خێمەی ترۆمبیلەکەو بن ترۆمبیلەکەوە دیارە. بەیانی خۆر هەڵدێث. من دەتناسم، تۆ زۆر ئاسان ئەتوانی بزانی ئیتر چی روویداوە، بەڵام باشتر وایە بزانیث کێ ئەم رووداوەی بۆم گێڕایەوە. قەشەیەکی فەرەنسای. ئەو وتی:» من کە بیرلەکاری ئەو پیاوە دەکەمەوە شەرم دەکەم و کە بیرلەوە

دەکەمەوە هیچ قەشەیەکی فەرەنسای ئامادە نابێت خودای خۆی بخاتە خزمەت تاوانبارانێکی وەهاوە خۆشحاڵ ئەبم.» راستی دەکرد. ئەو قەشەیەی مەیدانی جەنگ(قەشەی یەکەم) راست وەک تۆ بیری دەکردەوە.

ئەو بیری دەکردەوە زۆر عادی و ئاساییە تەنانەت باوەڕەکانی خۆی بخاتە خزمەت وڵاتەکەیانەوە. خودی خوداکانیش لەلایەن ئێوەوە جۆشدراون و مۆبیلیزە کراون. ئەوان لەگەڵ ئێوەن، وەک چۆن تۆ دەیڵێیت، بەڵام نەک بە ویستی خۆیان، بەڵکو بە زۆر. ئێوە ئیتر ناتوانن بە ئاشکرا ببینن، لەبەر ئەوەی لە شادی خۆشیدا نوقم بوون. ئێستا لەم خەباتەدا ئێوە دەستتان بە سەرچاوەیەک دەگات کە رق و بێزاریی بۆتان هێناوە. ئێوە زیاتر گرنگی بە چەک و شاکارە گەورەکان دەدەن لەبری گرنگیدان بە ئامانج و ئارمانەکان، بەمەستی شوێنکەوتنی باوەڕەکانتان، بە شێوەیەکی دەمارگرژانە هەموو شت تێکد دەدەن.

ئێمە لە عەقڵ و گومانکردنەوە دەست پێدەکەین. کوشتنی کوڕێکی تازەلاو بەس بوو ئێمە تووڕەیی بخەینە لای عەقڵ و لێرە بەدواوە ئێمە دوو هێزین بەرامبەر بە هێزێک. دەمەوێت دەربارەی تورەیی قسە بکەم.

لەبیرتە؟ دوای ئەوەی من سەرم سوڕما بەهۆی هەڵچوونی یەکێک لە دەسەڵاتدارەکانەوە، لە بەرامبەر سەرسوڕمانەکەی مندا وتت:» زۆر باش بوو، بەڵام تۆ لەوە تێناگەی کە فەرەنساییەکان لە تایبەتمەندییەکی باش بێبەرین، ئەویش تورەییە.»، بەڵام بەوجۆرە نییە، فەرەنساییەکان ئەو کاتەی باس لە تایبەتمەندی باش دەکرێت، زۆر بە گومانەوە چاو لە شتەکان دەکەن. ئەوان هەرکات پێویست بێت خۆیان دەگونجێنن. ئەم کارە دەبێت بەهۆی تورەییەکی بەهێزو بێدەنگ، ئەو شتەی کە ئێوە تا ئێستا تەنانەت دەستتان نەکردووە بە ناسینی. بەکورتی بەمجۆرە تورەییەوە، ئەو جۆرە تورەییەی

که دەیناسم، دەمەوێت قسە بکەم، لەبەرئەوەی وەک چۆن وتوومە لە هەست و دەروونی مرۆڤەکاندا دڵنیابوون و ئەرخایەن بوون بە خۆشییەوە یەکێک نییە، ئێمە زۆر باش ئەزانین لەم ڕێگا دوورو درێـژەدا چیمان لەدەستداوە، ئێمە زۆر باش ئەزانین چ بەهایەکمان داوە بۆ ئەم شادی و حەزە دژوارو ناخۆشەمان، ئەو شادی ئەوەی کە لەم خەباتەدا، لەگەڵ خۆمان ڕێککەوتبێتین. هۆکاری ئەوەی لەم خەباتەدا، بە هەمان رادەی دڵنیابوون و هیواداربوون، رەنج و ناخۆشیشی لەگەڵدایە. ئەوەیە ئێمە بەرامبەر بەم بابەتە کە شتێکە دروست نابێتەوە زۆر هەستیارین. ئێمە زۆر دڵنیا نەبووین لە جەنگ کردن. زۆر دڵنیا نەبووین دەبێت لەگەڵتان جەنگ بکەین. نە تەوەی ئێمەی جەنگی ناوخۆیی هەڵبژارد، خەباتێکی بەکۆمەڵ و دژوارو درێژخایەن، لەخۆبردوویی و گیانبازییەک کە بە هیچ تەفسیرێک هاتە بەرباس.

نەتەوەیی ئێمە لە سەر ویستی خۆی و بە حەزی خۆی دەستیکرد بە جەنگ، نەک بە ویستی وڵاتێکی بێ مێشک و ترسنۆک. نەتەوەی ئێمە لە جەنگدا خۆی دۆزییەوەو هەوڵدەدات بە تێگەیشتنێکی دروست لە خۆی بگات و باوەڕی بە خۆی هەبێت، بەڵام ئەم نەتەوە بۆ ئەم شکۆ و گەورەییەی کە دەیویست، دەبوایە شتێکی گەورەی لە دەستدابا. تەنانەت لەم ڕووەشەوە نەتەوەی ئێمە زۆر زیاتر لە نەتەوەی ئێوە شایستەی ئەوەن بەخۆیاندا هەڵبدەن و پەسنی خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی ئەمە باشتر رۆڵەکانییەتی لە خوێندا دەگەوزێن، ئەمە دڵتەزێنترین پەرچەکرداری منە. خاڵێکی پۆزەتیڤ لێرەدا هەیە، کە لە جەنگدا زۆر گاڵتەجارە، مەرگ بەشێوەی کوت و پڕ لەشوێنە جیاوازەکان روودەدات.

لەم جەنگەی کە ئێمە هەڵمانبژاردووە، بوێری و لەخۆبردوویی خۆی دەردەخـات. ئەمە بێگەردترین گیان و دەروونی ئێمەیە هەموو رۆژێک

گولله باران دەکرێت. گەمژەیی ئێوە شتێک نییە، پێش بینی نەکرێت.

ئێوە هیچ کات لەو شتە نەگەیشتوون کە مرۆڤ دەبێت هەڵیبژێرێت، بەڵام ئەو شتەی کە دەبێ وێرانی بکات زۆر باش ئەناسن.

ئێمە ئەڵێین بۆ رۆح و دەروونی خۆمان هەستاوین و خەبات دەکەین، ئەم شتەش ئەزانین رۆح و دەروون، ئەگەر بکەوێتە بەر هێرشی هێزێکی تەواو وێرانگەر، دەمرێت. ئێمە باوەڕمان بە هێزێکی ترە. ئێوە لاتان وایە ئەتوانن روخساری راستەقینەی ئێمە لەو دونیایەدا کە بێدەنگەی هەڵبژاردووەو چاوی خۆی نوقاندووە، بە ناشیرین نیشان بدەن.

ئەو روخسارەی کە جارجارە بە گوللەکان دەیبیژن، بەڵام ئێوە ئاگاتان لەو سەبرو بەردەوامیەتە نییە، کە وادەکات لە فەرەنسا بەوەی تێپەڕینی کات لەبەرچاو دەگرێت و بەرامبەر بە دژوارییەکان دەوەستێتەوە. ئەم هیوایەکی کەمە لە بێ هیواییەدا کە لەساتە دژوارەکاندا پشت و پەنامانەو ورەمان پێدەبەخشێت. هاوڕێ و دۆستەکانی ئێمە سەبریان زۆر زۆرترە لە بکوژو جەلادەکان و زۆر زیاترن لە فیشەکەکان. وەک دەبینیت بەدڵنیاییەوە فەرانساییەکانیش دەتوانن توڕەبن و ئەو تایبەتمەندییەشیان هەیە.

**دێسەمبەری 1943**

## نامەی سێهەم

تا ئێرە من دەربارەی وڵاتەکەم قسەم کردوە. رەنگە لە سەرەتادا لات وابووبێت دەمەوێت بە شێوەیەکی جیاواز بۆچوونی خۆم دەرببڕم، لە راستییدا هیچ بەو شێوەیە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئیتر وشەکان بەلای من و ئێوە مانایەکی وەک یەکیان نییە، زمانی من و تۆ لەگەڵ یەکتر جیاوازە.

وشەکان هەموو دەم رەنگی ئەو کردەوەو لە خۆبردووویانە دەگرنە خۆیان کە سەرچاوەی دروستبوونیانن. وشەی «سەرزەمینی باوکی» بەلای ئێوەوە واتای خوێن و نەبینینی راستییەکانی هەیە کە وادەکات، تا هەتایە بەلای منەوە بێگانە بێت. ئێمە مانایەکی وشیارانەترمان بۆ ئەم وشە هەیە، وشیارانە بوون دەربارەی بوێرییەکی زۆرو بەرپرسایەتی هەڵگرتن، کەوادەکات یاریدەدەری مرۆڤ بێت، بۆئەوەی بە ویستەکانی بگات. سەرەنجام تۆ بەوە گەیشتووی من رای خۆم نەگۆڕیوە. من ئێستاش وەک ساڵی 1939 بیر دەکەمەوە.

ئەوەی ئێستا دانی پێدا دەنێم، رەنگە زیاتر ئەم ئیدیعایەی من بخاتەڕوو. بە درێژایی ئەو ماوەیەی بەشێوەیەکی شێلگیرانەو بێدەنگ لە خزمەتی وڵاتەکەماندا بووین، هیچ کات ئەو وێناو هیوایەی هەموو کات دەربارەی ئەوروپا هەمان بوو لە خۆمان دوور نەکردەوە، لە راستییدا پێنج ساڵە

دەربـارەی هیچمان نەوتووە، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە ئێوە خۆتان بە دەنگی بەرزترو ئاشکراتر لەو بارەوە قسەتان کردووە. لێرەشدا ئێمەو ئێوە زمانمان جیایە. ئەوروپای ئێمە ئەوروپای ئێوە نییە، بەڵام بەرلەوەی باس لەوە بکەم ئەوروپای ئێمە چییە دەمەوێت لانیکەم دڵنیات کەمەوە لە ناو هاندەرەکانمان بۆ خەبات دژ بە ئێوە( هەمان ئەو هاندەرانەی کە پێویستمانە بۆ سەرکەوتن بە سەر ئێوەدا) رەنگە هیچیان بە قەد ئەمە کاریگەرییان نەبووبێت و قورساییان نەبێت، ئەویش ئاگاداربوونە لەوەی کە جەستەی وڵاتەکەی ئێمە جگەلەوەی بریندار بووە، جگەلەوەی هەستیارترین خاڵی هەبوونمان خەساری بینیووە، بەڵکو بێبەریش کراوین لە جوانترین وێناکانی خۆمان، لەبەر ئەوەی ئێوە وێناکانی ئێمەتان بەشێوەیەکی ناشیرین و گاڵتەجاڕانە نیشانی دونیا داوە. ئەوەی کە مرۆڤ ببینێت ئەو شتەی کە عاشقییەتی بەشێوەیەکی درۆیینەو خراپ نیشان دەدرێت لە هەموو شت دژوارتر و ناخۆشترە. ئێوە ناوەرۆکێکی قێزەون و ناشیرینتان بۆ ئەورووپا هەڵبژاردووە، ئەو ئەورووپاییەی لە باشترینەکانی ئێمەتان سەندۆتەوە. ئێمە پێویستمان بە هەموو ئەو هێزە ئارام و جوانەی لە عەشقدایە هەیە، بۆئەوەی ئەو وێنایە لە ئێمەدا گەنج و بەهێز بەژیانی خۆی درێژەبدات، کەوایە ئێمە خەسڵەتی ئەوروپایی ئیتر لەو کاتەوەی ئەرتەشی کۆیلەی ئێوەی بەکاری دەبات بەکار نابەین. ئێمە لەبەرئەوە ئەم خەسڵەتە بەکار نابەین، بۆئەوەی بتوانین ناوەڕۆکی بەلارێدا نەبراو و رەسەنەکەی کە هێشتا لای ئێمە زیندووە بۆ خۆمان بپارێزین، هەمان ناوەڕۆک کە ئێستا بۆتم شیکردەوە.

ئێوەش دەربارەی ئەوروپا قسە دەکەن، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ئەوروپا بەلای ئێوەوە مڵک و سەرمایەیە، لە حاڵێکدا ئێمە خۆمان بە

بەشێک لە ئەوروپا دەزانین. بەرلەوەی ئێوە ئەفەریقا لەدەستبدەن بەم شێوەیە قسەتان نەدەکرد. ئەمە جۆری دروستی عاشقێتی نییە، ئەم پارچە خاکە کە ئاسەواری سەدەیەک لەدوای یەکەکانی پێوەیە بەلای ئێوەوە تەنها حەشارگەیەکی نەخوازراوە، لە حاڵێکدا ئەم خاکە بەلای ئێمەوە هەموو دەم لە بەرزترین ئاستی هیواو و پشت و پەنادا بووە. وروژان و حەزی کنوپڕو لەرادەبەدەری ئێوە دەرەنجامی رق و توڕەییە. ئەمە هەستێکە کە هیچ شانازییەک بە هیچ کەس نابەخشێت، کەوایە تۆ دەتوانی لەوە تێبگەیت ئەو کەسەی شیاوی خەسڵەتی ئەوروپایی بوونە هیچ حەزێکی نییە، بۆ ئەم هەستە(هەستەی ئێوە).

ئەو کاتەی ئێوە باسی ئەوروپا دەکەن مەبەستتان پارچە زەوییەکە کە پێکهاتووە لە سەربازەکان، مەخزەنی دانەوێڵە، ئەو پیشەسازییانەی بەچۆکدا هاتوون و کەسانێکی بیرتیژ کە بوون بە کەرەسەیەک بە دەستی ئێوەوە. ئاخۆ راست ناکەم؟ بەهەرحاڵ دڵنیام ئەو کاتەی باسی ئەوروپا دەکەن ئیزن بە خۆتان ئەدەن درۆکانی خۆتان بتانخەڵەتێنن، تەنانەت لە باشترین دۆخدا، ناتوانن ئەم بیرکردنەوەیە لە خۆتان دووربخەنەوە کە ژمارەیەک لە نەتەوەکانی یەکگرتوو لەژێر فەرمانڕەوایی رەگەزی سەرتری ئەڵمانیدا بەرەو داهاتوویەکی یۆتۆپیایی، بەڵام خوێناویی دەڕۆنە پێش. حەزدەکەم بە تەواوی هەست بەو جیاوازییە بکەن. بەلای ئێوەوە ئەوروپا پارچە زەوییەکە کە لەلایەن کێو، دەریا، بەربەست (سەد)ە فەراوانەکان، کە پڕن لە کانگاو بە مەزرای پڕ بەرهەم داپۆشراون، گەمارۆ دراوەو ئەڵمانیا دەوری خۆی بەشێوەیەک دەگێڕێت وەک ئەوەی تەنها چارەنوسی ئەڵمانیا گرنگە و بەس، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەوروپا پەناگەو سەرزەمینێکی مینۆکی(مەعنەوی)ە کە لەو سەرزەمینەدا سەرسوڕهێنەرترین بەسەرهاتە مرۆییەکان روو دەدەن،

له سەدەی پێشترەوە تا ئێستا(مەبەست لەسەدەی نۆزدەیەمەوەیە) ئەوروپا پانتایەکی ناوازەو بێوێنە بووە، کە لەوێدا مرۆڤی رۆژئاوایی دژ بە دونیا، دژ بە خوداکان و دژ بە خۆی خەباتی کـردووەو ئەمرۆکە گەیشتوەتە شۆڕشگێڕانەترین سەردەمی خۆی. وەک چۆن دەبینی هیچ خاڵێکی هاوبەش نییە، لە نێوانماندا.

پێویست ناکات بترسیت بەوەی نەوەک من بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە تۆ، هەمان رستە ریکلامییە کۆنەکان بەکار ببەم، من ناگەڕێمەوە بۆ نەریتی مەسیحی. پرسەکە شتێکی ترە. ئێوە لەم بارەوە زۆرتان قسە کـردووە. ئێوە هەموو دەم لایەنگری رۆم بوون و هیچ هەنگاوێکتان نەناوە بۆ بڵاوکردنەوەو بانگەشەی ناوبانگی مەسیح. ئەو ناوبانگەی کە لە رۆژێکەوە، بۆ مەسیح دەستی پێکرد کە ماچێک ئەوی نیشاندا بۆ ئەوەی لە خاچی بدەن. نەریتی مەسیحییەت تەنها یەکێک لەو نەریتانەیە کە ئەوروپای دروستکردووە و من لەو پێگەیەدا نیم بەرامبەر بە تۆ بەرگری لێبکەم، بۆ ئەم کارە غەریزەو هاندەرێک پێویستە کە لە رۆحێکی باوەڕدار دایە. زۆر باش دەزانیت من ئەو کەسە نیم، بەڵام ئەو کاتەی لاموایە وڵاتەکەم بە ناوی ئەوروپاوە قسە دەکات، منیش نەریتی خۆمم هەیەو ئەو کاتەی بەرگری دەکەین لە وڵاتەکەمان بەرگری دەکەین لە هەردوو شت.

ئەم نەریتە لە هەندێ لە کەسایەتییە گەورەکان و هاوکات لە ناو جەماوەرێکی ماندونەناسیشدا هەیە. نەریتی من دوو گروپی هەڵکەوتەو هەڵبژێردراوی هەیە، گروپی بیرتیژەکان و گروپی بوێرەکان. ئەم نەریتە رێبەرانی رۆشنبیر، هەروەها جەماوەری بێ ئەژماری خەڵکی هەیە. تۆ لەم بارەوە بڕیار لە سەر ئەوروپا بدە، ئەو ئەوروپایەی سنورەکانی بەرهەمی هەڵکەوتەیی ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکان، هەروەها رۆح و گیانی سەرجەم

ئەو کەسانەیە لەو سەرزەمینەدا دەژین، لەگەڵ ئەو دڵۆپە ڕەنگانەی ئێوە لەسەر نەخشە کاتییەکەی خۆتان داتاناوە زۆر جیاوازە.

لەبیرتە ڕۆژێک کە بێزاربونی منت بە گاڵتە دەگرت وتت:» دۆنکیشۆت هیچ هێزێکی نەدەبوو، ئەگەر فاوست دەویست بەسەریدا زاڵ بێت.» ئەو کات پێم وتیت نە فاوست، نە دۆنکیشۆت نەیاندەویست هێرش بکەنە سەر یەکتر، هونەر بۆ ئەوە دروست بووە شەیتان بێنێتە ئەم دونیاوە.

تۆ زیاتر حەزت لە وێناو فەنتازیای تا ڕادەیەک زێدەڕۆیانە بوو، هەر بۆیە بەم شێوەیە درێژەت پێداو بۆچوونی خۆت دەربڕی:» مرۆڤ ئەبێت لەنێوان هۆملێت و زیگفریددا یەکیان هەڵبژێرێت.» من ئەو کات نەم دەویست هەڵبژێرم و گرنگتر لە هەموان من ئەو کات لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم ڕۆژئاوا لە شوێنێکدایە لە دەرەوەی ئەم هاوسەنگییەی نێوان هێزو زانستەوە، بەڵام تۆ گرنگیت بە زانست نەدەداو تەنها باست لە هێزو قودرەت دەکرد. ئەمڕۆکە من باشتر لەوە تێدەگەم و دەزانم تەنانەت فاوستیش، بۆ تۆ هیچ کەڵکێکی نەبوو. ئێمە لە ڕاستییدا ئەوە ئەزانین هەندێ کات هەڵبژاردن پێویستە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکەمان لە ڕووی وشیارییەوە نەبایە، ئاگاداربوون لەوەی ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی نائینسانییەو ئەوەی کە بەها مینۆکییەکان جیاناکرێنەوە، ئەو کات هەڵبژاردنی ئێمە لەچاو هەڵبژاردنی ئێوە هیچ جیاوازی و گرنگییەکی نەبوو. ئێمە دواتر ئەتوانین کەڵکیان لێوەربگرین. ئەو شتەی کە ئێوە هیچ کات نەتانتوانیوە بیکەن، وەک چۆن دەبینیت جۆری بیرکردنەوەی من بەهەمان شێوەی پێشترە. ئێمە مەرگمان بە چاوی خۆمان بینیوە. بەهایەکی زۆرمان داوە بۆئەوەی بتوانین وەفادار بین بەم جۆرە بیرکردنەوەوە، بۆئەوەی من بەوە بگەم کە بڵێم ئەوروپای ئێوە ئەوروپای ڕاستەقینە نییە، لەو ئەوروپای ئێوەدا هیچ شتێک

نییە، کە ببێت بەهۆی یەکگرتوویی یان ئیلهام بەخش بێت. ئەوروپای ئێمە گەڕانێکی هاوبەشە بەناو شتەکاندا. ناسین و جۆری روانینمان یارمەتیمان ئەدات بەرامبەر بە خواستەکانی ئێوە ملکەچ نەکەین.

ئیتر زۆر درێژەی پێنادەم. کاتێک من لە پشوودانێکی کورتدا، دوای چەندین کاتژمێر خەباتی هاوبەش، لە سوچی شەقامێکەوە گوزەر دەکەم زۆر جار بیر لە سەرجەم ئەوروپا دەکەمەوە، کە بە باشی دەیناسم. سەرزەمینێکی شکۆدارە کە لە رەنج و ئازار دروستکراوەو مێژووی هەیە. ئێستا جاریکی تر بینا مێژوویی و ئایینییەکان دەبینم، گوڵە رۆزەکان لە باخچەی پەرەستگەکاندا لە فلۆڕانس، پیازە بچوکە زێڕنەکانی«کاراکۆ»، «رادشین» و شوێنە مردووەکانی، پەیکەرە تێک شکاوەکانی «پردی چارلز» کە لەسەر «وێڵتاوا» دروستکراوە، باخە دڵڕفێن و جوانەکانی «سالتزبۆرگ». سەرجەم گوڵ و بەردو تەپۆڵکەو دیمەنەکان کە مرۆڤ و دونیاو دارە کۆن و بینا مێژووییەکانی لایەکەوە داناوە (دەبینم). سەرجەم ئەم وێنانە کە لە زەین و بیرەوەرییمدا لەسەر یەک کۆبۆتەوە، دەتوێنەوەو تێکەڵی یەکتر دەبێت و فۆڕم و شکڵێکی یەکە دەگرێتەخۆ. ئەمەیە سەرزەمینی راستەقینەی باو و باپیرانم. ئەو کاتەی بیر لەوە دەکەمەوە سێبەری تۆ لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە کەوتووە بەسەر ئەم فۆڕم و شکڵە پڕ لەوزە، لە هەمانکاتدا ئازارچێشتووەدا، هەستدەکەم تەزێک بەناوشانمدا دێت. تەنانەت بەشێک لەم شوێنانەمان پێکەوە بینیوە. ئەو کات وا بیرم نەدەکردەوە رۆژێک پێویست دەکات، لە چنگی ئێوەی دەربێنین و ئازادی بکەین. هێشتا هەندێ جار روودەدات لەکاتی تورەیی و هەست بە سوکایەتی پێکردندا بەداخەوەم بۆ ئەوەی کە رۆزکان هێشتا لە پەرەستگەی «سێن مارکێز» دەتوانن گوڵ بدەن، هێشتا کۆترەکان بەپۆل لەسەر کڵێسەی «سالتزبۆرگ»دا هەڵدەفڕن

و دوور دەکەونەوەو هێشتا گوڵە شەمدانییە سورەکان ماندوو نەناسانە لە گۆڕستانە بچوکەکان لە «سی لە سیا «گوڵ دەردەدەن، بەڵام لەو ساتانەدا کە راستەقینەن، هەست بە شادی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەم هەموو دیمەن و گوڵ و کێڵگەی کشتوکاڵ و کۆنترین شوێنی ئەم سەرزەمینە، هەموو بەهارێک ئەوەمان پێدەڵێن شتێک هەیە کە لە خوێندا ناگەوزێت.

بەم وێنایە دەمەوێت کۆتایی بە قسەکانی خۆم بێنم. ئەوەی کە لام وابێت هەموو رۆژئاوا، هەروەها سی نەتەوەی جیاواز لایەنگری ئێمەن بەس نییە بۆم. من هیچ کات ناتوانم بێ ئەم خاکە بژیم، کەوایە دەزانم هەموو شتێک لە ئەوروپا، هەم سروشت و هەم رۆح و گیان، بێ هیچ بێزارییەکی رادەبەدەر، بەڵکو بە هێزێکی ئارام و روو بە سەرکەوتن، پشت لە ئێوە دەکەن. ئەو چەکانەی کە رۆح و گیانی ئەوروپایی دەستی پێیان گەیشتووە، بۆ ئەوەی دژ بە ئێوە بەکاری بێنێت، هەمان ئەو چەکانەیە کە لەم خاکەدا بوونی هەیە، ئەو خاکەی کە هەموو دەم لەبەرهەمەکانیدا و لە شکۆفەکاندا جارێکی تر گوڵەکان دەڕوێنەوە.

ئێمە لەم شەڕەدا بە سەر ئێوەدا سەردەکەوین، لەبەر ئەوەی وەک بەهار ماندوونەناسین.

سەرەنجام دەزانم ئەو کاتەی ئێوە شکستدەخۆن، هێشتا شتەکان کۆتایی پێ نەهاتووە. بونیادنانەوەی ئەوروپا ئەرکی سبەی رۆژی ئێمەیە. ئەوروپا دەبێت بەردەوام زیندوو بوونەوە بە خۆیەوە ببینیت، بەڵام هێشتا هەر ئەوروپایە. هیچ شتێک لە دەست ناچێت. ئێمە بەو شێوەی کە ئەمڕۆ هەین وێنا بکەن، دڵنیاین لە هاندەرەکانمان، عاشقی وڵاتەکەمان، ئێمە عاشقی ئەوروپایەکی دانەبڕاوین، هاوکات لەگەڵ هاوسەنگی هەستیار لە نێوان لەخۆبردوویی و چاوەڕوانی بەختەوەریی، لەنێوان گیان و شمشێردا. جارێکیتر

ئەمە ئەڵێمەوە، لەبەرئەوەی ئەبێ بیڵێم و دەیڵم، لەبەرئەوەی راستییەو ئەو راستی پێشکەوتنەی کە منو وڵاتەکەم لە سەردەمی هاوڕێیەتییەمانەوە بە خۆیەوە بینیوە نیشانت بدەم، لێرە بەدواوە ئێمە هەڵگری جۆرێک سەروەرین کە دەبێت بەهۆی لەناوچوونی ئێوەی

**ئاپریلی 1944**

## نامەی چوارەم

«مرۆڤ لە ناوناچێت، زۆر باشە، بەڵام با ئێمە لەکاتی بەرخۆداندا بمرین، ئەگەر چارەنوسی ئێمە لەناوچوونە، وەها هەڵسوکەوت نەکەین چما عەداڵەت بەڕێوە چووە.»

ئۆبێرمەن، نامەی 90

ئێستا سەردەمی شکستی ئێوە هاتووە. من لە شارێکەوە نامەت بۆ دەنوسم کە لە هەموو دونیادا ناودارە و هەموان بە باشە ناوی دەبن و خۆی ئامادە دەکات بەوەی بە بەرچاوی ئێوەوە جێژنی ئازادی بگێڕێت. مرۆڤ لەم شارەدا دەزانێت کارەکان بێ دژواری و ناخۆشی ناڕۆنە پێش و ئەوەی کە دەبێت سەرەتا شەوی تار تێپەڕ بکات، شەوێکی تارتر لەو سەردەمەی چوارساڵ لەوە پێش بە هاتنی ئێوە دەستی پێکرد.

من لە شارێکەوە نامەت بۆ دەنوسم کە هیچ شتێکی نییە، شارێک بێ رووناکایی و گەرما، شارێک کە برسییەتی بەسەریدا داسەپاوە، بەڵام هێشتا سەری دانەناوەندوەو ملکەچ نییە، بەم زوانە لێرە گڕێک هەڵدەستێت کە ئێوە ناتوانن بیری لێبکەنەوە، ئەگەر بەخت یارمان بێت رەنگە بکرێت یەکتر ببینینەوەو رووبەڕووی یەکتر بوەستینەوە.

ئەوکات رەنگە بتوانین بە ئاگاداربوون لەو مەترسییەی لە بەردەماندایە،

دژ بە یەک جەنگ بکەین، من زۆر باش لە هاندەرەکانی تۆ تێدەگەم و تۆش دەتوانێت بزانیت چییە هاندەری من بۆ ئەم جەنگە.

ئەم شەوانەی جولای هاوکات هەم سوک و ئارامە و هەم قورس. ئەم شەوە لە سەر چۆمی «سێن» و لەناو دارەکاندا سوک و ئارامە، بەڵام لەسەر رۆح و دەروونی ئەو کەسانە قورسایی دەکات، کە چاوەڕوانی بەرەبەیانن کە دەیناسن.

من چاوەڕوانم و بیر لە تۆ دەکەمەوە، شتێکیتر هەیە کە پێت بڵێم و ئەمە دوایین شتە. دەمەوێت پێت بڵێم چۆنە من و تۆ کە ئەوەندە وەک یەک دەچووین، ئێستا بووین بە دوژمنی یەکتر. ئەوەی کە چۆن توانیبووم لەگەڵ تۆدا بم و بۆچی ئەمڕۆکە هیچ خاڵێکی هاوبەش نییە، لەنێوان من و تۆدا.

من و تۆ هەردووکمان ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو باوەڕە بووین هیچ هاندەرێکی بەرز لەم دونیایەدا بوونی نییە، کە وایە فریو دراوین. من بە ئێستاشەوە تا رادەیەک لەسەر ئەو باوەڕەم، بەڵام بە کۆمەڵێک دەرەنجام گەیشتووم جیاواز لەو شتەی تۆ قسەی لەسەر دەکەیت. ئێوە لەچەند ساڵ لەوە پێشەوە هەوڵتانداوە ئەم دەرەنجامانە بخەنە ناو رەوتی مێژووییەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر من بەڕاست شێوەی بیرکردنەوەی تۆم قبوڵ کردبایە، کەوایە ئەمڕۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئێوەم بە باش دەزانی و پەسەندم دەکرد. ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگ و جیدییە کە من ئەبێ لەدڵی ئەم شەوە هاوینییەدا، کە ئێمە زۆر دڵمان پێی خۆشەو هیوابەخشە بۆمان و ئێوە لێی دەترسن، خۆم رابگرم و سنورەکانی خۆم دیاری بکەم.

تۆ هیچ کات لەسەر ئەو باوەڕە نەبووی ئەم دونیایە مانایەکی هەیە، هەربۆیە بەو باوەڕە گەیشتووی کە هەموو شت یەکسانەو چاکەو خراپە

بەپێی خواستی کەسەکان پێناسە بکەیت. تۆ رازی بووی بەوەی لە نەبوونی بەها مرۆیی و خواوەندییەکاندا هیچ بەهایەک نییە، جگە لەو بەهایانەی لە دونیای ئاژەڵەکاندا زاڵە، واتە توندوتیژی و لێهاتوویی. تۆ بەو ئەنجامە گەیشتی مرۆڤ بێ بەهایەو هیچ گرینگییەکی نییە، دەکرێت رۆحی لە ناو ببیەن و لە شێتانەترین سەردەمە مێژووییەکاندا تەنها کەڵکەڵەی تاکەکان بەسەرهاتی هێزو تەنها ئەخلاقیاتی ئەو فەتح و داگیرکارییانەی، کە دەیکات. من کە لەسەر ئەو باوەڕە بووم وەک تۆ بیردەکەمەوە لە راستییدا هۆیەکەم نەبوو کە لەبەرامبەریدا دایبنێم مەگەر عەشقێکی گەرم و گوڕ بۆ راستی و حەقیقەت کە سەرەنجام ئەویشم وەک عاشق بوونێکی کتوپڕ لە باری عەقلییەوە بە نادروستم زانی.

جیاوازی بابەتەکە لە چیدایە؟ تۆ بێ هیچ بیرکردنەوەیەک و بە شێوەیەکی رووکەشیانە، بێ هیوایی و نائومێدیت وەرگرت و دەستت لە هیوا بەردا، ئەو شتەی کە هیچ کات لای من رووی نەدا. تۆ بەرادەیەک ملکەچی ئەو زوڵم و زۆرانە بووی کە بەسەر ژیانی ئێمەدا زاڵە، بڕیارتدا خۆشت ئەم ناعەداڵەت و زوڵم و زۆرانە زیاتر بکەیت، ئەمە لە حاڵێکدا لاموایە مرۆڤ ئەبێت رێز لە عەداڵەت بگرێت و دژ بە ناعەداڵەتی خەبات بکات، بەختەوەری بخولقێنێت. بۆ ئەوەی دژ بە چارەڕەشی دونیا بوەستێتەوە. تۆ بێ هیوایت و بێ هیوایی خۆتتکرد بە مەستی و سەرخۆشی، بە گەورەکردنەوەو گۆڕانی بە بنەمایەکی گشتی خۆت لێی رزگارکرد.

تۆ خوازیاری ئەوە بووی مرۆڤ لەناو ببەیت و دژ بە مرۆڤ شەڕ بکەیت، بۆ ئەوەی ناهەمەتییەکانی زیاتر بێت. من ئامادە نەبووم ئەم جۆرە بێ هیوایی و نائۆمیدییە، هەروەها دونیایەکی وەها پڕ لە عەزاب و ئازار وەربگرم. تەنها شتێک کە من دەمویست ئەوە بوو مرۆڤەکان جارێکی تر

یەکگرتوو بن، بۆ ئەوەی دژ بە چارەنوسی شێواوی خۆیان بجەنگن.

وەک دەزانیت ئێمە شتی جیاواز لە بنەمایەکی گشتی یەکە فێربووین. بە تێپەڕبوونی کات، تۆ دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بووی کە دەکرێت بە گەشبینی ناوی ببەین و بەوە گەیشتی زۆر ئاسانترە (یان هیچ جیاوازییەک ناکات) کەسێک بە جێگای تۆ یان بە جێگای بە میلیۆن کەس ئەڵمانی بیربکاتەوە. لەو رووەوە کە ئێوە لە جەنگ دژ بە بەهەشت ماندوو ببوون کەوایە ئامانجتان لە گەڕانێکی بێوچاندا بینی، کە لەو گەڕانەدا ئەرکی ئێوە ئەوەیە رۆحی مرۆڤەکان وێران بکات و دونیا بەرەو وێرانی ببات. ئەوەی راستی بێت ئێوە زوڵم و زۆرتان پەسەندکرد و خۆتان کرد بە خوداکانەوە. لۆژیکی ئێوە تەواو روون و ئاشکرایە.

من بە پێچەوانەوە عەدالەتم هەڵبژارد، بۆئەوەی بتوانم بەرامبەر بە جیهان وەفادار بمێنمەوە. من ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم هیچ ماناو چەمکێکی بەرز لەم دونیایەدا بوونی نییە، بەڵام ئەوە دەزانم شتێک هەیە لەم دونیایە کە مانایە هەیەو ئەو شتە مرۆڤە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکە خوازیاری مانایە. لەم دونیایەدا لانیکەم راستییەک بوونی هەیەو ئەو راستییەش مرۆڤەو ئەرکی ئێمە ئەوەیە مرۆڤ دژ بە خودی چارەنوس بوەستێنەوەو خوازیاری بەدی هاتنی حەقیقەت بێت. تەنها هۆکار بۆ بوونی دونیا مرۆڤە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت وێناو مانایەک کە دەربارەی ژیان هەیە بپارێزێت، ئەبێ مرۆڤ بپارێزێت. تۆ بە پێکەنین و سوکایەتییەوە دەپرسیت: پاراستنی مرۆڤ چ مانایەکی هەیە؟ من بە هەموو توانامەوە هاوار دەکەم: واتە خەسار نەگەیاندن بە مرۆڤ و لەبەرامبەردا دەرفەت دان بە عەداڵەت، لەبەرئەوەی ئەوە تەنها مرۆڤە لە عەدالەت تێدەگات.

لەبەر ئەمەیە ئێمە خەبات دەکەین، لەبەرئەوەی ئێمە ناچار بووین لەو رێگایەی نەماندەویست پێیدا بڕۆین شوێن ئێوە بکەوین. هەمان ئەو رێگایەی سەرەنجام شکستمان خوارد تێییدا، لەبەرئەوەی بێ هیوایی و نائومێدی ئێوە هێزی ئێوە بوو. بێ هیوایی و نائومێدی هێزێکی زۆر و نەگۆڕێ هەیە، راستەقینەو رەسەنە، لەخۆی دڵنیاییەو بێ رەحم و کەمتەرخەمە بەرامبەر بە ئەنجامی ئەو کارانەی دەیکات، ئەمە ئەو شتە بوو ئێمەی تێک شکاند، لە حاڵێکدا ئێمە دوو دڵ بووین و هێشتا وینایەک لە بەختەوەرییمان لە بەردەم خۆماندا دەبینی. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین بەختەوەری گەورەترین سەرکەوتنە، سەرکەوتن بەسەر چارەنوسێکدا کە بەسەرماندا داسەپابوو. تەنانەت لەسەردەمی شکستیشدا ئەم حەزە زۆرە، ئەم هەست بە کەمبوون وازی لێنەهێناین، بەڵام ئەوەی پێویست بوو ئێوە کردتان و ئێمە کەوتینە بن و قوڵاییەکانی مێژووەوە، بۆماوەی پێنج ساڵ، لە فێنکایی ئێوارانداا نەمان دەتوانی گوێ لە چریکەی باڵندەکان بگرین. خۆدانە دەستەوەی بێ هیوایی و نائومێدی بوو بە شتێکی ناچاری. لەو رووەوە هەر چرکەیەک لە ژیان کاریگەری وێنای مەرگ هێنەری لەگەڵدا بوو، ئێمە بە گشتی لێی دوور کەوتینەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ زەوی هیچ بەرەبەیانێکی بێ ترس لە مەرگ، هیچ ئێوارەیەکی بێ زیندانەکان، هیچ نیوەشەوێکی بێ قەتڵ و عامی و کوشتنی بە کۆمەڵ بە خۆوە نەبینی. بەڵێ ئێمە ناچار بووین شوێن ئێوە بکەوین، بەڵام کاری دژواری ئێمە لەوێوە دەستی پێکرد کە بە لاسایی لە ئێوە هاتینە ناو جەنگەوە، بێ ئەوەی بەختەوەریمان لە بیرکردبێت. سەرەڕای هات و هاوارو توندوتیژی هەوڵماندا بیرەوەری دەریایەکی شاد و هیوابەخش، تەپۆڵکەی لە بیرنەکراو و پێکەنینی روخسارێکی خۆشەویست و ئازیز لە

هەست و دەرونی خۆماندا بپارێزین، لەبەرئەوەی هەرکاتێ ئەم چەکە لە دەست بدەین ئێمەش وەک مردوویەک دەبین و هیچی تر. ئێستا زۆر باش دەزانین بەکارهێنانی چەکە رووتەکان، بۆ بەرگری لە بەختەوەری چەندەی کاتێ پێویستەو چەنە خوێنی دەوێت.

ئێمە ناچاربووین وەک ئێوە بیربکەینەوەو قبوڵمان کرد، تا رادەیەک وەک ئێوە بین. ئێوە جۆرێک پاڵەوانی لێل و ناڕوونتان هەڵبژارد، لەبەرئەوەی لە دونیایەکدا کە مانای خۆی لەدەستداوە ئەمە تەنها بەهایەکە بوونی هەیە. ئێوە ئەم جۆرە پاڵەوانییەتان بۆ خۆتان هەڵبژارد، بۆ ئێمەشتان هەڵبژارد.

ئێمە بۆئەوەی نەمرین ناچاربووین وەک ئێوە هەڵسوکەوت بکەین، بەڵام دواتر بەوەمان زانی سەرکەوتنی ئێمە لەوەدایە ئامانجمان هەبێت. ئێستا کە سەرجەم ئەم بەسەرهاتە روو لە کۆتاییە، ئەتوانین بڵێین ئەو شتەی ئێمە فێربووین ئەوەیە قارەمانی و پاڵەوانی شتێکی ناڕوونە کە دەربارەی قسە دەکەین. ئەوەی کە زۆر دژوارترو ئاڵۆزترە، بەختەوەرییە.

ئێستا ئەبێت هەموو شتێ بۆ روون بووبێتەوە. تۆ دەزانیت ئێمەش دوژمنین. تۆ لایەنگرو پشتیوانی زوڵم و زۆریت و من لە هیچ شتێک لەم دونیایە بە قەد زوڵم و زۆر بێزار نیم. ئێستا هۆکاری ئەو شتەی کە سەردەمانێک جۆرێک حەزو هەستی خێرابوو بە لامەوە دەزانم. لەو ترس و دڵەڕاوکەیەی کە لەماوەی ئەم چوارساڵدا بەسەر ئێمەتاندا سەپاند، عەقڵ و شعوری تۆ بە هەمان رادەی غەریزەو هەستی تۆ بەشدار بووە. هەر بۆیە من بە تەواوی تۆ سەرکۆنە دەکەم و شەرمەزارت ئەکەم. بەلای منەوە تۆ پێشتر مردووی، بەڵام هاوکاتێ کە من دادوەری دەکەم دەربارەی هەڵسوکەوتی ترسێنەری تۆ، دەبێت لەبیرم بێت ئێوەو ئێمە لە

گۆشە گیرییەکی وەک یەکەوە دەستمان پێکرد و تووشی جۆرێک تراژیدیای وشیارانە بووین. سەرەڕای دژایەتی خۆتان، هێشتا بە مرۆڤ بانگتان دەکەم، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە خۆمان وەفادار بمێنینەوە ئەبێ بە پێچەوانەی ئێوە، رێز لە هەموو ئەو شتانە بگرین لە دەروونی مرۆڤدایە. ماوەیەکی زۆر باروودۆخەکە لە بەختی ئێوەدا بوو، لەبەر ئەوەی زۆر ئاسانتر لە ئێمە مرۆڤ بکوژن. تا کۆتایی زەمەن ئەم سەرێتییە لەلایەن ئەو کەسانەوە کەڵکی لێوەر دەگیرێت کە وەک ئێوەن، بەڵام تا کۆتایی زەمەن، ئێمە کە وەک ئێوە نین، شاهیدی ئەدەین مرۆڤ سەرەڕای هەموو هەڵەو کەموکورییەکانی شایستەی بوونەو بێ تاوانە.

ئێمە لە کۆتایی ئەم جەنگەو لەناو جەرگەی ئەم شارەدا کە بووە، بە جەهەنم دەژین. سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی چێشتوومانە، سەرەڕای هەموو کوژراوەکان، سەرەڕای هەموو جەستە لەتوپەت کراوەکان و گوندە پڕ لە هەتیو و بێ سەرپەرەستەکان دەتوانین بڵێین راست لەو ساتەدا بێ هیچ بەزەییەک ئێمە لەناو دەبەین هیچ رق و بێزارییەکمان لە دڵدا نییە، بەرامبەر بە ئێوە. تەنانەت ئەگەر سبەی، ئێمەش وەک زۆر کەسی تر ناچار بین رووبەڕووی مەرگ بینەوە هێشتا هیچ رق و بێزارییەکمان لە ئێوە نییە، ناتوانین دڵنیابین بەوەی لەو کاتەدا ئێمە ناترسین، بەڵام هیچ رق و بێزارییەکمان لە دڵدا نییە، بەرامبەر ئێوە. ئێمە لە گەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە دونیا دەتوانین لێیان بێزار بین، رێک کەوتووین. ئێمە دەمانەوێت بێ ئەوەی خەسار بە رۆحی ئێوە بگەیەنین، ئێوە لە ناو ببیەن.

وەک چۆن دەبینی، دەتوانن ئەو سەرتربوونەی بەرامبەر بە ئێمە هەتانبوو هەر بمێنێنەوە و هەتان بێت، بەڵام ئەم سەرتربوونە دەبێت

بەهۆی سەرکەوتنی ئێمە. ئەم سەرکەوتنەیە وادەکات ئەم شەوە بێ کەڵکەڵە بێت بۆم. هێزی ئێمە لەوەدایە ئێمەش وەک ئێوە بیر لە جەوهەرەی بوون دەکەینەوە، بەڵام نکۆڵی لەو نەهامەتییە ناکەین کە بەسەر ئێمەدا هاتووە، لە هەمانکاتدا ئامانجی مرۆڤایەتیمان لە کۆتایی کارەساتی وشیارانەدا پاراستووەو ئەم ئامانجە بوێرییەکی ماندوو نەناسانەمان پێدەبەخشێت، بۆئەوەی باوەڕمان بە لە دایکبوونی دوبارە بێت. بەدڵنیاییەوە تۆمەتی ئێمە دژ بەبوون و هەبوون بەم شێوەیە سوکتر نابێتەوە. بەهایەکی زۆر کە ئێمە بۆ ئەم وشیارییەمان داوە ئەوەندە قورسە وا دەردەکەوێت دۆخی بێ هیواکەری ئێمە هەر بەردەوام بێت. سەدان هەزار کوژراو لە بەرەبەیاندا، دیوارە ترسناک و تۆقێنەرەکانی زیندان، ئەوروپایەک کە لە خۆڵەکەی بۆنی تەرمی بە ملیۆن کوڕو کچی کوژراوی ئەو خاکە هەڵدەستێت. هەموو ئەمانە پێویست بوو بۆئەوەی ئێمە دوو یان سێ خاڵی زۆر کەم بایەخ بە دەست بێنین، ئەو خاڵانەی رەنگە هیچ بەهایەکیان نەبێت، مەگەر یارمەتیدان بە ژمارەیەکی کەم لەناو ئێمەدا بۆ ئەوەی گەورەترو بەرچاوتر گیانی بەخت بکات. بەڵێ ئەمە دەتوانێت ببێت بەهۆی بێ هیوایی و دڵشکاویی مرۆڤەکان، بەڵام ئێمە دەبێ بیسەلمێنین شایستەی ئەم هەمووە ناعەداڵەتییە نین.

ئەمە ئەرکێکە ئێمە بە ئەستۆمان گرتووەو سبەی دەست پێدەکات. لەم شەوەی ئەوروپادا کە شنەیەکی هاوینی دێت بە ملیۆن مرۆڤی چەکدارو بێ چەک خۆیان بە جەنگ ئامادە دەکەن.

بەرەبەیان نزیکەو کاتی شکستی ئێوە نزیکە. من دەزانم بەهەشت کەمتەرخەم بوو بەرامبەر بە سەرکەوتنە ترسینەرو تۆقێنەرەکانی ئێوەو کەمتەر خەمیش ئەبێت بەرامبەر بە لەناو بردن و وێرانی تەواوی ئێوە،

بەڵام ئەمڕۆش من هیچ چاوەڕوانییەکم لە بەهەشت نییە، بەڵام ئێمە لانیکەم بۆ رزگاری مرۆڤ لە تەنهایی هەوڵدەدەین، ئەو مرۆڤەی ئێوە هەوڵدەدەن پلەو پێگەکەی دابەزێنن. ئێوە باوەڕ بە جۆری مرۆڤایەتیتان بێ بەهاکردو هەزاران کەس لە ئێوە لە تەنیاییدا دەمرن. ئێستا دەتوانم ماڵئاواییت لە گەڵ بکەم.

**جولای 1944**

## «هونەرمەند و سەردەمەکەی»
## خولقان بە مەترسیەوە.

دانایەکی رۆژهەڵاتی بەردەوام لە نزاکانیدا داوای لە خوداوەند دەکرد لوتف بکات و لە ژیان لە سەردەمی پڕکێشمەکێش بیبەخشێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە دانانین، خوداوەندی مەزن بەخشێکی لەم جۆرەی بە ئێمە ڕەوا نەدیوەو ئێمە لەسەردەمی پڕکێشمەکێشدا دەژین، بە هەرحاڵ ئەم سەردەمەی ئێمە قبوڵی ناکات لە ئێمە بەوەی گرنگی بەم شتە نەدەین. نوسەرانی ئەمڕۆ ئەمە دەزانن، ئەگەر قسە بکەن دەکەونە بەر هێرش و ڕەخنە، ئەگەریش سەریان دابخەن و بێدەنگ بمێننەوە، بەتاوانی بێدەنگی سەرزەنشت دەکرێن.

لە میانەی ئەم هەراوزەنایەدا، نوسەر ئیدی ناتوانێت کەمتەرخەم بێت و سەرقاڵی حەزە تایبەتەکانی خۆی بێت. تا هەنوکە بە ڕەوتی مێژوودا، هەموو دەم دەکرا کەمتەرخەم بێت. ئەو کەسەی کە جیاواز بیری دەکردەوە دەیتوانی بێدەنگ بێت، یان دەربارەی شتیتر قسە بکات. ئەمڕۆ هەموو شتێک گۆڕاوە، تەنانەت بێدەنگییش مانایەکی سامناکی بەخۆوە گرتووە.

ئەو کاتەی هونەرمەند ئامادە نابێت شتێک هەڵبژێرێت، ئەم هەڵنەبژاردنە خۆی جۆرێک هەڵبژاردنەو بەم هۆیەوە یان ئەوەیە سزا دەدرێت، یان

دەست خۆشانەی لێ دەکەن. هونەرمەند بیەوێت و نەیەوێت ناچارە خزمەت بکات. من لاموایە وشەی «ناچار» لەم پەیوەندیەدا زۆر دروستترە لە وشەی «دەربەست»، لە راستیدا بۆ هونەرمەند پابەندبوونی خۆویستانە لەئارادا نییە، بەڵکو دەبێ بڵێین جۆرێک ئەرکی ناچاری لە ئارادایە. هەر هونەرمەندێک ئەمڕۆکە سواری پاپۆڕی کۆیلەتی سەردەمی خۆی بووەو سەوڵ لێدەدات . ئەو ئەبێ خۆی لەناو ئەم پاپۆرەدا ببینێتەوە تەنانەت ئەگەر لایوایە ئەم پاپۆڕە بۆنی تیژی رابردووی لێدێت و کۆیلەکان سەرقاڵی سەوڵ لێدانن و جگەلەمەش رەوت و رێگا پاپۆڕەکە بەروونی دیاری نەکراوە ئێمە راست لە ناوەڕاستی دەریاکەداین. هونەرمەند وەک ئەوانی دی، دەبێ سەوڵ لێبدات، هەوڵ بدات لە مەرگ دوور بکەوێتەوەو درێژە بە ژیان ئەفراندن بدات.

لەڕاستیدا ئەم کارە ئاسان نییە، من دەتوانم لەوە تێبگەم بۆچی هونەرمەند لە حەسرەتی ئاسایشی پێشتری خۆیدایە. ئەم گۆڕانە تا رادەیەک بێ رەحمانەو دڵڕەقانەیە، لە راستییدا هەموو دەم قوربانی و شیری برسی لە گۆڕەپانی شانۆی مێژوودا بوونیان بووە، لە راستییدا هەموو دەم قوربانی شێری برسی لە گۆڕەپانی شانۆیی مێژوودا بوونیان بووە. یەکەمیان رێک و قیت دەوەستێتو ئامانج لەوەدا دەبینێت کە ببێت بە هەرمان و هەمیشەیی و دووهەمیان بە خواردنی گۆشتی کاڵ ئارام دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا هونەرمەند لە پەراوێزدا بووە.

ئەو بۆ دڵی خۆی ئاوازی خوێندوە، یان لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئیلهام بەخشین و هاندانی قوربانی و ناچارکردنی شێر بەوەی کە لەبیری بکات برسییەتی، بەڵام ئەمڕۆ هونەرمەند لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدایە. کەواتە دەنگیشی وەک جاران نییە، دەنگی ئەلەرزێت و دوودڵە.

به ئاسانی ئەتوانین بڵێین هونەرمەند بەوەی کە هەموو دەم هەست بکات ئەبێت ئەرکێک ئەنجام بدات و ئەرکێکی لە ئەستۆیە، هەندێ شت لەدەست ئەدات. بەر لە هەر شتێک ئەو ئازادییەی خواوەند ئاسایەی لە دەست ئەدات کە لە بەرهەمەکانی مۆتزارتدا دەبیندرێت. هەربەم شێوەیە بەرهەمە هونەرییەکانی ئێمە ئاڵۆزو بێ رۆحن و کتوپڕ تێک دەشکێن و ئێمە هەواڵنێرمان زۆرترە لەچاو نوسەری داهێنەر، زیاتر شێوەکاری ساکارو مەشقکاری نیگارکێش دەبینین نەک نیگارکێشێکی وەک «سێزان»، کتێبە وروژێنەرو چیرۆکە پۆلیسییەکان جێگانی نوسراوەگەلێکی وەک «جەنگو ئاشتی» و «پەرەسنگەی یارما»ی گرتۆتەوە. هەڵبەت مرۆڤ هەموو دەتوانێت ئەم رەوتە لە روانگەی کاڵی مرۆڤگەراییەوە لێک بداتەوە، سەرەنجا ببێت بەو شتەی «ستیپان ترۆپیمۆیچ» لە(چیرۆکی) داگیرکراودا دەیەوێت ببێت. ئابڕوچوونێکی تەواو، هەروەها دەکرێک وەک کەسایەتی ئەم چیرۆکە کە هەندێجار وەک هاوڵاتێک هێرشی نیشتمانپەروەرانەی مالیخولیایی هەبوو، بەڵام ئەم مالیخولیا هیچ کات واقع ناگۆڕێت. کەوایە لاموایە باشترە گرنگی بدەین بە سەردەمی خۆمان لەبەر ئەوەی ئەم سەردەمە ئەم شتەی لێمان دەوێت. ئەبێ بێ هیچ دوودڵییەک ئەوە قبوڵ بکەین سەردەمی مامۆستا بەرێزەکان، هونەرمەندە گوڵ لەسەر سنگ و هەڵکەوتە جوان پۆشەکان و بێ کردەکان بەسەر چووە. خولقان لەم سەردەمەی ئێمەدا خولقانە لە هەلومەرجێکی پڕمەترسیداردا.

نوسین و بڵاوکردنەوە بەردەوام کردەیەکە و ئەم کردەیە ئەبێت، بەهۆی هەڵخراندنی هەست لە سەردەمێکدا کە لە هیچ هەڵەیەک ناگوزەرێت. کەوایە پرسی گرنگ ئەوە نییە، ئەمکارە مەترسیدارە بۆ هونەر یان نە، پرسی گرنگ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ناتوانن بێ هونەرو ئەوەی هونەر

هەڵگرییەتی بژین ئەوەیە چۆنە ئازادی تایبەتی خولقان سەرەڕای هەموو ئەم ئایدۆلۆژیا فرەچەشنانە (ئەم هەمووە کەنیسەیە، ئەم هەمووە تەنهایی) هەر بوونی هەیە.

لێرەدا هەرئەوە بەس نییە، کە بوترێت دەوڵـەت و دەسەڵاتەکان بەداسەپاندنی زۆر هەڕەشەن لەسەر هونەر، ئەگەر وابوایە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەڕاستی ئاسان بوو، یان ئەوەیە هونەرمەند خەبات دەکات، بۆ هونەرەکەی یان ئەوەیە خۆی ئەدات بە دەستەوەو واز دەهێنێت.

ئەو کاتەی دەردەکـەوێـت ئەم جەنگە لە دەروون و ناخی خودی هونەرمەندا سەرهەڵدەدات ئەو کاتەیە پرسەکە ئاڵۆزترو پڕکێشەتر ئەبێت. بێزاربوون لە هونەر، ئەو شتەی کۆمەڵگاکەی ئێمە نمونەی زۆری ئەم شتەی بە خۆیەوە بینیوەو نمایشی کـردووە، هەربۆیە کاریگەری زۆری لێدەکەوێتەوەو لەلایەن خودی هونەرمەندەوە زیندوو دەهێڵدرێتەوە. گومان و دوودڵی ئەو هونەرمەندانەی بەر لە ئێمە دەژیان گرێ درابۆوە بە توانایی و لێهاتوویانەوە. گومان و دوودڵیی هونەرمەندانی ئەمڕۆ، بۆ پێویستی هونەرەکەیان دەگەڕێتەوەو دواجار بۆ بوونیان.

ئەمساڵ واتە ساڵی 1957، «راسین» شەرمی دەکرد لەوەی کە «بێرنیس»ی نووسیوەو بە جێگەی ئەوە هەوڵی نەدا بەرگری بکات، لە نامەی سەرئاوەڵ لە «نانت». بەژێر پرسیاربردنی هونەر لەلایەن هونەرمەندەکانەوە کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازی هەیە، تەنها دەتوانین ئەو هۆکارە بەڕاست باشانە لە بەرچاو بگرین کە هونەرمەند بەو هۆکارانە مشتومڕ دەکات دەبارەی هونەر. ئەم مشتومڕانە ئەو کاتە گونجاوەو دەتوانین لێیان تێبگەین کە هونەرمەندی ئەمڕۆ هەست بکات درۆدەکات، یان قسەی بێمانا دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەمتەرخەمە بەرامبەر بە ئازارو نەهامەتییە مێژووییەکان. تایبەتمەندی

سەردەمی هەستیاری ئێمە ئەوەیە جەماوەر دەبینین سـەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانیان بە دژواری ڕێگای خۆیان دەکەنەوە. ئێستا ئێمە لە چییەتی بوونی جەماوەر دەگەین، لە حاڵێکدا پێشتر هەوڵماندەدا فەرامۆشیان بکەین. ئەوەی ئێمە وشیارتر بووینەتەوە بەو هۆیەوە نییە، چینی سەرتری ئێمە یان هەر شتێکی تر بە پلەیەکی بەرزتر گەیشتووە. نە وا نییەو مەترسن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە جەماوەر بەهێزبوون و وریابن فەرامۆش نەکرێن.

هەندێ هۆکاری تریش هەیە، هەندێکیان گرنگترن، لەبەرئەوەی هونەرمەند ئەرکەکەی خۆی بەجێ هێشتووە، بەڵام ئەنجامەکە هەرچی بێت، ئامانجەکە هەر یەکە. تۆقاندن و بەرگرتن بە داهێنانی ئازاد لەرێگای هێرشکردن بۆ سەر ئەو بنەمایانەی کە سەرچاوەی باوەڕو ئیمانی داهێنەرن بە خۆی. ئێمێرسۆن زۆر باش وتویەتی:» سەردانەواندنی مرۆڤ بەرامبەر بە هەڵکەوتەییەکەی، رەسەنترین و کامڵترین شێوەی باوەڕو ئیمانە». نوسەرێکینری ئەمەریکایی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێت:» تا ئەو کاتەی مرۆڤ باوەڕ بەخۆبوونی بپارێزێت، هەموو شت بەپێی ویستی ئەو دەچێتە پێش، دەسەڵات، کۆمەڵگا، تەنانەت هەتاو، مانگ و ئەستێرەکان، هەموو ئەمانە.» ئەم گەش بینییە سەیرە ئەمڕۆکە وادیارە مردووە. هونەرمەند زۆربەی کات بەرامبەر بەخۆی و بەرامبەر بەو ئیمتیازو خاڵە پۆزەتیڤیانەی کە هەیەتی، هەست بە شەرم دەکات. هونەرمەند دەبێت بەر لە هەر شتێک وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: هونەرمەند جوانکارییەکی فریودەرە؟

1

یەکەم وەڵامێکی سەرڕاستانە کە بکرێ بدرێتەوە ئەمەیە: هونەر دەکرێت جوانکارییەکی فریودەرانە بێت. هەر بەوشێوەیەی کە دەزانین هەمیشەو لە هەموو جێگەیەک، دەتوانرێت لەسەر رووی کەشتی بەندەکان دابنیشیت و گۆرانی بڵێیت، لە حاڵێکدا مەحکومەکان لە نهۆمی خوارەوەی کەشتییەکە سەوڵ لێدەدەن و ماندوو شەکەتن. کاتێک شێر خەریکە قوربانییەکەی لەتوپەتدەکات، دەکرێت گفتوگۆی تەماشاچییانی بێخەیاڵی چـواردەوری گۆڕەپانەکە تۆمار بکرێت. زۆر سەختە مرۆڤ دژی هونەرێک بوەستێتەوە کە لە رابردوودا هێندە دەگمەن بووە، بەڵام بارودۆخ گۆڕاوە و مەحکومان و قوربانییەکان لەسەر رووی زەوی زۆر زۆر زیادی کردووە. لە هەمبەر ئەم هەموو رەنج و ئازارەدا، هونەر ئەگەر بیەوێت هەروا جوانکاری بێت، درۆش دەبێت.

باشە هونەر دەتوانێت باسی چی بکات؟ هونەر ئەگەر خۆی لەگەڵ خواستەکانی زۆربەی کۆمەڵگای ئێمە بگونجێنێت، دەبێت بەسەرگەرمییەکی بێماناو بێ بەها، ئەگەر کوێرانەش ئەم کۆمەڵگەیە رەتبکاتەوە، ئەگەر هونەرمەند بڕیار بدات پەنا بۆ خەونەکانی خۆی بباث، ئەوکاث هونەر شتێک جگەلە رەتکردنەوەو تکۆڵیکردن دەرنابڕێت. بەم شێوەیە ئێمە یاخود لەگەڵ بەرهەمی کەسانێکدا کە سەرگەرمان دەکەن، یان کەسانێک کە رێزمان دەنوسنەوە رووبەڕوودەبینەوە، لە هەردوو باردا، سەروکارمان لەگەڵ هونەرێکدا دەبێت دابڕاو لە واقیعی زیندوو.

نزیکەی یەک سەدەیە ئێمە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیـن کە تەنانەت کۆمەڵگەی پارەش نییە، «ئەو کۆمەڵگایەی لەوێدا زێڕو پارە دەبێت بەهۆی وروژانی هەوەسە نەفسانییەکان»، بەڵکو کۆمەڵگایەکی بە کۆمەڵێک هێمان

سمبۆلی دەرهەست و ئینتزاعییەوە بۆ پارە. کۆمەڵگای مامەڵەچییەکان ئەکرێت بە کۆمەڵگایەک پێناسە بکەین، کە لەوێدا کەرەستەو شتە مادییەکان لەناو دەچن و کۆمەڵێک هێماو رەمز جێگایان دەگرنەوە.

ئەو کاتەی چینی دەسەڵاتدار سەرمایەکەی خۆی نەک بە دۆنمە زەوییەکان یان شێشمە زێڕەکان، بەڵکو بە کۆمەڵێک رەقەم و ژمارە هەڵدەسەنگێنێت، کە دەرخەری ژمارەیەکی دیاریکراوی دانوستان و ئاڵوگۆڕی پارەیە، خۆی ناچار دەکات بە جۆرێک خۆفریودان لە ناو کاروبارە ئەزمونکراوەکانیدا و ئەو دونیایەی بۆ خۆی خولقاندووە. کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای هێماو ئاماژەکان بێت لە راستییدا کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی ساختەکراوە کە بەشێوەیەکی دەستکرد لەو کۆمەڵگایەدا لەگەڵ واقعی جەستەیی مرۆڤدا مامەڵە دەکرێت. ئەوکات ئیتر سەیر نییە، ئەم کۆمەڵگایە جۆرێک هێماو ئاماژەی دیاریکراوی ئەخلاقی فەرمی وەک جۆرێک ئایین هەڵبژێرێت، هەروەها سەیر نییە، وشەگەلێکی وەک ئازادی و یەکسانی هەم لەسەر دیواری زیندانەکان بنوسن و هەم لەسەر دیواری پەرەستگەکان، بەڵام کەڵکی نابەجێ لە وشەکان ئەنجامی خراپی دەبێت، کە لە سەردەمی ئێمەدا ئەم شتە روودەدات، وەک کەڵک وەرگرتن لە وشەی «ئازادی».

مرۆڤە زەین جوانەکان (من هەموو دەم لەسەر ئەو باوەڕە بووم دوو جۆر هۆشمەندی بوونی هەیە، هۆشمەندی زرینگانە و هۆشمەندی گەمژانە) ئەم شتەمان فێردەکەن ئازادی تەنها لەمپەرێکە لە بەردەم پێشکەوتنی راستەقینەدا و بەس. ئەم گەمژێتییە توانیویەتی جێگایەک بۆخۆی بکاتەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای بەرخۆر بۆ سەدان ساڵ توانیویەتی ئازادی تەنها بۆ مەبەستی خۆی بەکار بباث و زیاتر وەک جۆرێک ماف چاوی لە ئازادی کردووە نەک ئەرک و بەرپرسایەتی و تەنانەت لەمە بەولاتریش رۆشتوون

و زۆرجار تا ئەو شوێنەی توانایان بووە جۆرێک ئازادی یۆتۆپیاییان خستۆتە خزمەت زوڵم و زۆرەوە. ئیتر بۆسەیرە ئەگەر پێویستی کۆمەڵگای بەرخۆر ئەوە بێت هونەر لەبری ئەوەی بکەوێتە خزمەت ئازادییەوە ببێت، بە بابەتێکی سادە یان ئاکارێکی بێ ئەنجام، یان سەرقاڵکەر.

کۆمەڵگایەک کە دابونەریتی نوێ هەڵدەبژێرێت،کە کەڵکەڵەکەی پرسە ئابورییەکانەو غەمە دەروونییەکانی کەمتر نیگەرانی دەکات، کۆمەڵێک چیرۆکنوس بەرهەم دەهێنێت کە بە بێهودەترین جۆری هونەرەکان لە دونیادا رازی و دڵخۆشە. ئۆسکار وایلد بەرلەوەی بکەوێتە زیندان دەیوت:»خراپترین خوی نائەخلاقی، دوو روویيە.» ئەو کاتە ئەو بیری لەخۆی دەکردەوە.

ئەوانەی کە لە ئـەوروپـای سەرەتای سـەدەی بیستەمدا هونەریان بەرهەم دەهێنا(من هێشتا نەموتووە هونەرمەند) قبوڵیان کردبوو هیچ بەرپرسایەتییەکان لەسەر شان نەبێت. بەرپرس بوون پێویستی بەوە بوو کە ئەوان بەراست لە کۆمەڵگە دابڕێن(ئەوانەی کە بەراست لە کۆمەڵگا دابڕابوون بریتی بوون لە (رامبۆ، نیچە، سترین بێرگ و ئێمە دەزانین چ بەهایەکیاندا بۆ ئەم کارەیان). لەم سەردەمەدایە تیۆری «هونەر بۆ هونەر» جێگای خۆی دەکاتەوە ئەم تیۆرییە تەنها جۆرێک نیشاندانی نابەرپرس بوونە.

هونەر بۆ هونەر، تەنها سەرقاڵی هونەرمەندێکە کەلە راستییدا هونەری دەستکردی پێویستی کۆمەڵگایەکی دەستکردو ناحەقیقیە. وەها تیۆرییەکی هونەری یان ئەوەیە سەر بە گروپێکی تایبەتە لە کۆمەڵگا، یان دەبێت بە هونەرێکی تەواو چوارچێوەدار، کە لەوێدا تەنها خۆدرخستنەکان و دەرهەستییەکان دەبین درێت کە دەبێت بەهۆی لەناوچوونی واقیع، بەم شێوە بەشێک لەم بەرهەمانە سەرنجی کۆمەڵێک کەس بۆلای خۆیان

رادەکێشن لە حاڵێکدا بەشێکی زۆریان کرچ و کاڵ و توندوتیژن و ئەبن، بەهۆی لەناوچوونی کەسانیتر. سەرەنجام هونەر لە دەرەوەی کۆمەڵگاوە شکڵ دەگرێت و لە رەگە زیندووەکانی خۆی دادەبڕێت. بەرەبەرە تەنانەت ناودارترین هونەرمەند تەنها دەمێنێتەوە، یان تەنانەت لە ناو نەتەوەکەی خۆشیدا نەناسراو دەمێنێتەوە، مەگەر لە رێگای رۆژنامەکان یان رادیۆوە بە شێوەیەک بناسێندرێت. هونەر هەرچەن تایبەتیتر بێتەوە خەڵکیتر کردنەوەی دژوارترە. بە میلیۆن کەس بەم شێوەیە تەنها هەست دەکەن ژمارەیەک لە هونەرمەندە ناودارەکانی دونیا دەناسن و ئەوەی کە بۆ وێنە دەزانن فڵانە هونەرمەند سەیرە بە خێو دەکات، یان ئەوەی کە هیچ کات ژیانی هاوسەرێتییەکی زیاتر لە شەش مانگی نەخایاندووە. ئەمڕۆکە زیاترین ناوبانگ لە دوو رێگاوە بە دەست دێت، یان ئەوەی زۆر بێزراو بێت ئەو کەسە یان ئەوەی زۆر خۆشەویست بێت و وەسف بکرێت، بێ ئەوەی بەرهەمەکانی بخوێندرێنەوە، هەر هونەرمەندێک کە حەز دەکات ناوبانگ پەیدا بکات ئەبێـ ئەوە بزانێـ ئەوە ئەو نییە ناوبانگ پەیدا دەکات، بەڵکو کەسێکی ترە کە ناوەکەی ئەوی هەڵگرتووە، ئەوکەسەی کە سەرەنجام خۆی لە دەست هونەرمەندەکە رزگار دەکات و رەنگە رۆژێک هونەرمەندی راستەقینە لە دەروونی خۆیدا بکوژێت، کەوایە سەیر نییە دەکرێت بڵێین سەرجەم بەرهەمە گرنگەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمی ئەورووپای تیجاری، بۆ وێنە لە ئەدەبدا، بە نارەزایەتی بە کۆمەڵگای سەردەمی خۆی خولقاوە. دەکرێت بە دڵنیاییەوە ئەو شتە بڵێین تا شۆڕشی فەرەنسا زۆربەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی ئەخولقان زیاتر هاورا بوون، واتە ئەدەبێک نەبوون نارازی بن بە دۆخی هەبوو، لە لایەکەوە بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی چینی مامناوەند وەک بەرهەمی شۆڕش سەرهەڵدەدات ئەدەبێکی

شۆڕشی سەرهەڵدەدات و گەشە دەستێنێت. بەها فەرمییەکان، بۆ وێنە لە فەرەنسادا، لە لایەن ئەوانەی کە پێبەند بوون بە بەها شۆڕشییەکانەوە، لە ڕۆمانتیکەکانەوە تا رامبۆ، پشتی لێکرا. تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کە زۆر پابەندبوون بە بەها ئەرەستۆکراتییەکانەوە پشتی لێکرا، لەم بارەوە ڤیگنی(Vigny) و بەلزاک نمونەی باشن. هەم خەڵک و هەم خانەدان و ئەرستۆکراتەکان کە وەک هەر شارستانییەتێک دەچن، دژ بە کۆمەڵگای دەستکرد و ناواقعی سەردەمی خۆیان دەوەستنەوەو شۆڕش دەکەن، بەڵام ئەم بیرکردنەوە وشک و بێڕۆح بووە، لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بێ هیچ جۆرە پرسیار کردنێک وەریان گرتبوو و بەلایانەوە پەسەند بوو، کەوایە بەنۆبەی خۆی دەستکرد و رووکەشانە بوو و دەبوو بەهۆی دروستبوونی جۆرێکی تر لە بێ باوەڕی. ناوەڕۆک ئەو شیعرە ناوازانەی لە کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بنەمای تیجاری و بازرگانی داڕێژراوە(چاتێرتۆن نوسراوەی ڤیگنی باشترین نمونەی ئەم جۆرە شیعرانەیە) گریمانەیەکی لە پێشدا دیاریکراوە کە باس لەوە دەکات مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە هونەرمەندێکی گەورە، مەگەر ئەوەی کە بە پێچەوانەی شەپۆلی زاڵی کۆمەڵگا مەلە بکات، جا ئەو کۆمەڵگا چۆن دەبێت با ببێت. وتنی ئەوەی کە هونەرمەندێکی راستەقینە ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگایەک هەڵبکات کە لەسەربنەمای بازرگانی و پارە دامەزراوە لە سەرەتا دروستە، بەڵام یاسایەکی گشتی و نەگۆر نییە، ئەو ئەنجامەی کە هونەرمەند ناتوانێت ببێت بە هونەرمەند مەگەر ئەوەی کە بە گشتی دژ بە هەموو شت بێت، ئەنجامێکی هەڵەیە. هەربۆیە زۆربەی هونەرمەندەکانی ئێمە هەوڵیان ئەوەیە جیاوازبن و ئەگەر وا نەبن لە خۆیان رازی نابن و جۆرێک عەزابی ویژدان ئەیانگرێت. ئەوان هەوڵیان ئەوەیە هاوکات هەم ستایش بکرێن و هەم بە جۆرێک وەرنەگیردرێن، کەوایە

لە کۆمەڵگای ماندوو و کەمتەرخەمی ئەمڕۆدا ستایشکردن و وەرنەگرتن هەندێ جار روو دەداث. رۆشنبیری سەردەمی ئێمە هەموو هەوڵی خۆی دەداث بەوەی کە گەورەتر خۆی نیشان بداث، بەڵام هونەرمەندی ئەمڕۆیی لە رێگای نەفیکردنی هەموو شتێکەوە، تەنانەث گرێدراوێتی هونەرییەوە، ئەم وێنا هەڵەیە پەیدا دەکاث، کە خولقێنەری یاسای تایبەتی خۆیەتی و سەرەنجام خۆی بە جێگای خودا دادەنێث. هاوکاث لای وایە دەتوانێث واقعی تایبەث بە خۆی بخولقێنێث، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا تەنها بەرهەمی یاسادارو دەرهەسث دەخولقێنێث. ئەم بەرهەمانە بەرهەمی ئەزمون و تاقیکردنەوەن و بەدوورە لە ناوەرۆک و بەهرەیەی هونەری راستەقینە هەیەتی و مەبەستەکەی پەیوەندی گرتنە، بە کورتی لە نێوان بەرهەمە تەکنیکی و دەرهەستەکانی ئەمڕۆیی و بەرهەمی کەسانێکی وەک تیۆلستۆی یان مولێر بە هەمان رادە جیاوازی هەیە وەک لە نێوان بەرهەمی چەکەرەیەکی خۆڕسک و نادیارو بەرهەمی بەرهەمێک کە لەناو خاکدا دروسث دەبێث.

2

بەم شێوەیە هونەر دەکرێت جوانیکارییەکی خەلەتێنەر بێت. سەیر نییە لەوە بەدوا خەڵک خوازیاری رامان بن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ راستی. ئەوان لەگەڵ ئەوەی دوبارە هەڵوێستەیان کرد نکۆڵی دەکەن لەوەی مافی ئەوەیان هەیە تەنها بن و لە خەڵوەتدا بن. ئەم تەنهاییە بۆ هونەرمەند نەک لایەنێکی خەون ئامێز، بەڵکو لایەنی بابەتیانەی هەبێت، بابەتێکی راستەقینە کە بوونی هەیەو هەموان لەگەڵیدا دەژین. ئەوان دڵنیابوون لەسەر ئەوەی «هونەر بۆ هونەر» نە لە هەڵبژاردنی بابەت و نە لەستایلێکدایە کە خەڵک لێی ئێدەگەن و وەها هونەرێک هیچ کات دەربڕی حەقیقەتی خودی ئەوان نییە. هەربۆیە حەزیان دەکرد بۆ زۆرینەی و دەربارەی زۆرینەی خەڵک قسە بکات، ئەگەر ئەو دەربڕی دەرد و ئازاری هەمووان بێت و بە زمانی خەڵکانی رەشۆکی قسە بکات هەمووان لێی ئێدەگەن، کەوایە باوەڕی رەها بە پاداشتەکەی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تەواو پێوەندی بگرێت لەگەڵ مرۆڤەکان.

کەماڵی تەواو، واتە سەرکەوتوو بوون لەوەی پەیوەندی بگرێت بە جیهانەوە، لە راستییدا ئەمە خواستی هەر هونەرمەندێکی گەورەیە. ئەگەر کەسێک هەیە کە مافی تەنهایی و خەڵوەتی نییە، ئەو کەسە هونەرمەندە. ئەو شتەی کە بەپێی پێش داوەرییەکان باو نییە.

هونەر ناتوانێت مۆنۆلۆگ بێت. ئەوکاتەی تەنهاترین و نەناسراوترین هونەرمەند روو دەکاتە بەرەی داهاتوو و رووی دەمی لەوانە بەتەواوەتی قوڵایی و ئاستی کاریگەری دانانی هونەرەکەی خۆی دەخاتەروو. ئەو کاتەی دەزانێت ناتوانێت لەگەڵ خەڵکانی نابیست و شێواوی سەردەمەکەی خۆیدا دیالۆگ بکات دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی داهاتوو، بەڵام بۆ ئەوەی

بکرێت لەگەڵ هەمووان، بۆ هەمووان قسە بکرێت پێویستە دەربارەی شتێک قسە بکرێت کە هەمووان دەیزانن و واقعی هاوبەشی نێوان هەموومانە. ئەو شتەی دەبێت بەهۆی یەکگرتوویی هەموومان دەریاییە، بارانە، پێویستی ئێمەیە، حەزو خولیای ئێمەیە، خەباتی ئێمەیە دژ بەمەرگ. ئێمە ئەو شتەی کە پێکەوە دەیبینین، لەو شتەیدا کە پێکەوە ئازار دەچێژین بە دەستیانەوە بۆ هەمووان وەک یەکە. خەونی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک جیاوازە، بەڵام واقعی جیهان بۆ هەموومان وەک یەکە. کەوایە هەوڵدانی ریالیزمی لە پەیوەند لەگەڵ گەڕانی هونەریانەدا شتێکی تەواو دروستە.

کەوایە دەبێت ریالیست بین، یان بە دەربڕینێکیتر دەبێ هەوڵ بدەین ئەگەر دەتوانین واقیعگەرا و ریالیست بین، لەبەر ئەوەی دڵنیا نین لەوەی جیهان مانایەکی هەبێت، دیارنییە ریالیست بوون لە هونەردا، ئەگەر ویستی ئێمە بێت، بکرێت رووبدات، ئەگەر باوەڕمان بە راگەیاندنی ناتۆرالیستەکان سەدەی نۆزدەیەم هەبێت، ئەبێ بزانین ئەوان جەختیان لەسەر دوبارە خولقاندنەوەی وردبینانەی واقیع دەکرد. کەوایە ریالیست بون لە هونەردا هەمان ئەو دەورو نەخشەی هەیە کە وێنەگرتن چ شتێک دەخولقێنێتەوەو واقیع چییە؟ ؟ ئاخر تەنانەت باشترین وێنەکانیش خولقاندنەوەی تەواو وەفادارانە نین، هێشتا ریالیستی تەواو نین، بۆ نمونە چ شتێک لە جیهاندا واقیعی ترە لە ژیانی مرۆڤ و چۆن دەتوانین ئومێدەوار بین باشتر لە فیلمێکی ریالیستی ئەم ژیانە تۆمار بکەین؟ بەڵام لە چ هەلومەرجێکدا دروستکردنی فیلمێکی وا لواوە؟ لە هەلومەرجێکی تەواو خەیاڵیدا. دەبێت وای دابنێین کامێرایەکی خەیاڵی شەو و رۆژ لەسەر ئەم مرۆڤە زووم کراوە و بەردەوام جوڵە بە جوڵەی تۆمار دەکات. ئەسڵەن نیشاندانی وەها فیلمێک تەمەنێک درێژە دەکێشێت و تەنها کەسانێکیش تەماشای دەکەن، کە ئامادەبن

ئەمەنیان بۆ تەماشاکردنی وردەکارییەکانی ژیانی کەسێکی دیکە تایبەت بکەن. تازە بەم شێوەیەش وەها فیلمێکی لە وێنا بەدەر دیسان ریالیستی نابێت، بەم هۆکارە سادەیە کە واقیعی ژیانی کەسێک سنوردار نابێت بەو شوێنەی ئەو بەڕێکەوت تێیدایە. واقیعی ژیانی ئەو لە ژیانی ئەوانی دیکەشدا هەیە کە ژیانی ئەو دروست ئەکەن هەم ژیانی ئەوانەی کە ئەو خۆشی ئەوێن دەبێت وێنە بگیرێت و هەم ژیانی کەسانی نەناسراو، گرنگ و نا گرنگ، هاوڵاتییەکان، پاسەوانەکان، مامۆستاکان، هاوڕێی نەبینراوی کانەکان و کارگەکان، دیپلۆماتەکان و دیکتاتۆرەکان، چاکسازە ئاینییەکان، ئەو هونەرمەندانەی ئەفسانە گەلێک دروست دەکەن کە کاریگەریی لەسەر ژیانمان دادەنێن. بەکورتی، جۆرەها نمونەی ئەو بارودۆخە بێ ڕکابەرەی بەسەر ئاسایی ترین شتەکاندا فەرمانڕەوایە. کەواتە تەنها یەک فیلمی ریالیستی دەتوانێت بوونی هەبێت، فیلمێک کە کامێرای نەبینراو بەردەوام لەسەر پەردەی جیهان نیشانی ئێمەی دەدات، کەواتە تاقانە هونەرمەندی ریالیست هەمان خودایە. کەواتە هیچ هونەرمەندێک بۆ واقیع وەفادار نییە.

هەر لەم روەوە، ئەو هونەرمەندانەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی و هونەرە وێنەییەکەی رەت دەکەنەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەبێ قسە لەسەر واقیع بکرێت و نەوەک شتێکی دیکە، بەڵێ، دەکەونە ناو سزایەکی بە ئازارەوەو دەبێ ریالیستی کار بکەن، بەڵام ناتوانن دەیانەوێت هونەرەکەیان بکەنە شوێنکەوتەی واقیع، بەڵام ناتوانرێت وەسفی واقیع بکرێت، مەگەر بەدەستگرتن بە هەڵبژاردنێکەوە کە واقیع شوێن داهێنانخوازی هونەری دەخات. بەرهەمە جوان و تراژیکەکانی یەکەمین ساڵەکانی شۆڕشی روسیا بە روونی ئەم عەزابە هونەرییە نیشان دەدەن. ئەوەی روسیا لەگەڵ بلۆک و پاستەرناکی مەزن، مایا کۆفسکی و یەسەنین، ئایزنشتاین و یەکەمین

ڕۆماننوسەکانی چیمەننۆ و ئاسن پێشکەشی ئێمەی کرد، ئەزمونگەیەکی دڕەوشــاوە بــوو لە فــۆرم و نــاوەڕۆکــەکــان، جۆرێک نائارامی ئــاوس، جۆشوخرۆشێکی هەوسار پچڕاو بۆ گەڕان و دۆزینەوە، بەڵام پێویست بوو ئەنجام وەربگرین و بڵێین چۆن دەکرێت ریالیزم بین لەگەڵ ئەوەی کە ریالیزمی تەواو ناومکینە. لەم بوارەشدا، وەک بوارەکانی دیکە، دیکتاتۆریەت یەکسەر چووە سەر ئەسڵی مەبەستەکە. بەڕای دیکتاتۆریەت، ریالیزم سەرەتا پێویست، پاشان مومکین بوو، بەڵام بەو مەرجەی سۆسیالیستی بووایە.

مانای ئەم فەرمانە چییە؟ وەها فەرمانێک بە کردەوەو بە راشکاوی دانپێدانانێکە بەوەی کە ناتوانرێت بێ دەستدانە هەڵبژاردن، واقیع دروست بکرێتەوەو تیۆری ریالیزم بەوشێوەیەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا فۆرمالیزە کراوە رەتدەکاتەوە، کەواتە تەنها شتێک کە پێویستە دۆزینەوەی بنەمایەکە بۆ هەڵبژاردن کە شێوە بە جیهان دەدات و وەها بنەمایەک نەوەک لەو واقیعەدا کە ئێمە دەیناسین، بەڵکو لەو واقیعییەتەدا کە دواتــر دێت دەدۆزرێتەوە. بەکورتی لە ئایندەدا بۆ دروستکردنەوەی ئەوەی هەیە، دەبێ ئەوەش کە دواتر دێت وێنە بکێشرێت، بە گوزارەیەکی دیکە ئامانجی راستەقینەی ریالیزمی سۆسیالیستی بە وردی شتێکە هێشتا هیچ واقیعییەتێکی نییە، پارادۆکسێکی ناڕادەیەک جوانە، بەڵام دەی هەرئەم زاراوەی ریالیزمی سۆسیالیستییەش خۆی دژوازیئامێز بوو، لە کاتێکدا واقیع تەواو سۆسیالیستی نییە، ریالیزمی سۆسیالیستی چۆن مومکینە؟ بۆنمونە واقیع نە لە رابردوودا سۆسیالیستی بووەو نە بەگشتیش لە کاتی ئێستادا. وەڵامەکەی سادەیە: دەبێ لە واقیعی ئەمڕۆ یان دوێنێ شتێک هەڵبژێرین کە موژدە دەری شاری نمونەیی ئایندەو لە راژەی دەودابێت. کەواتە لە لایەکەوە، دەبێت هەر لایەنێک لە واقیع کە سۆسیالیستی نەبێت رەتبکەینەوەو لەلایەکی دیکەوە،

ئەوشتەی کە سۆسیالیستییە، یان دواتر دەبێت بە سۆسیالیستی بەرزڕابگرین. بەم پێیە بە ناچار، دەگەین بە هونەری پڕوپاگەندە، بە پاڵەوانە باش و خراپەکانییەوە، بە گوزارەیەکی دیکە، ئەدەبیاتێکی ئاڕاستەکار کە ڕێک بە ئەندازەی هونەری فۆرمالیستی لە واقیعی دژوارو زیندوو بەدوورە، لە کۆتاییدا ئەم هونەرە بەهەمان ئەندازە کە ریالیستی نەبێت سۆسیالیستی دەبێت.

بەم پێیە ئەمجۆرە جوانیناسییە کە ئەیویست ریالیستی بێت، دەگۆڕێت بە ئایدیایەکی نوێ کە بۆ هونەرمەندی راستەقینە، وەک ئایدیای بۆرژوایی نەزۆکە. واقیع بە مکوڕی هەرچی زیاتر لە پلەی بەرزتردا قەرار دەگرێت تەنها بۆئەوەی ئامادەتر دوور فڕێبدرێت.

هونەر رادەستی هیچ دەکرێت. بەکرێ دەگیرێت و دوای بەکرێ گیرانیش دەگۆڕێت بۆ کۆیلە. تەنها ئەو کەسانەی دەست لە وەسفی واقیع هەڵدەگرن بە ریالیست ناودەبرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت. بە پشتگیری هەمان ئەو کەسانەی بە ریالیست ناودەبرێن، ئەوانی دی سانسۆر دەکرێن. ناو و ناوبانگ کە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا یەکسان بوو بە نەخوێندنەوەی بەرهەمی ناودارەکان یان نێنەگەیشتنیان، لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاردا یەکسان دەبێت بە نەخوێندنەوەی بەرهەمی ئەوانی دیکە. دیسان هونەری راستەقینە دەشێوێندرێت، یان رادەگیرێت و هەمان ئەو کەسانەی بە جۆشوخرۆشەوە خوازیاری پەیوەندی گرتن بوون لەگەڵ هەمواندا هەرئەم پەیوەندییە نامومکین دەکەن.

لە هەمبەر وەها شکستێکدا، سادەترین کار ئەمەیە کە قەبوڵی بکەین ئەم ریالیزمە بە زراراوە سۆسیالیستییە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هونەری باڵا نییە، ئەسڵەن شۆڕشگێڕەکان بۆ راژەی بەرژەوەندییەکانی شۆڕش دەبێت

بەدوای جوانناسییەکی دیکەدا بگەڕێن، بەڵام هەموان دەزانین بەرگریکارانی تیۆری ریالیزمی سۆسیالیستی بە دەنگی بەرز پێمان دەڵێن لە دەرەوەی ئەم تیۆرییە هیچ هونەرێک مومکین نییە بوونی هەبێت. تەواوی کاتەکان هەرئەمە بە دەنگی بەرز دەڵێنەوە، بەڵام من باوەڕی قوڵم بەوە هەیە کە ئەوان باوەڕیان بەشێکی لەم جۆرە نییە، لەناخی دڵیانەوە بەم ئەنجامە گەیشتوون کە بەها هونەرییەکان دەبێ بکرێنە شوێنکەوتەی بەهاکانی کردەی شۆڕش، ئەگەر ئەمەیان بە راشکاوی بوتایە، باسەکە زۆر سادەتر دەبوویەوە. بۆنمونە دەکرا رێز لەم چاوپۆشییە گەورەیە بگیرێت لەلایەن ئەو کەسانەوەی لە دژوازی نێوان مەینەتی هەموان و ئەو تایبەتمەندییانەی هەندێکجار بەر هونەرمەندان دەکەوێت بەڕاستی ئازار دەچێژن و بەهەرحاڵ رەتیدەکەنەوە ئەو مەودا تەحەمولنەکراوەی نێوان کەسانێک کە لەژێر نیری هەژاریدا دەژین و ئەو کەسانەی کاروباریان زیاتر خۆدەرخستنە. بەڵێ بەم شێوەیە، دەکرا لە خەم وخولیای ئەمانە تێبگەین، دەکرا جۆرێک دیالۆگیان لەگەڵدا دەستپێبکەین، دەکرا بۆ نمونە بەوان بڵێین سەرکوتکردنی ئازادیی ئەفراندن رەنگە رێگەیەکی دروست نەبێت، بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆیلەییداو مادام نەیانتوانیوە ئازادیی رادەربڕین بۆ هەموان بهێننە دی، ئەوپەڕی بێ عەقڵییە کە توانای رادەربڕین لە کۆمەڵێکی کەمیش بسەننەوە. بەڵێ ریالیزمی سۆسیالیستی دەبێت ئەم خاڵە قەبوڵ بکات کە برای دووانەی ریالیزمی سیاسییە.

هونەر دەکاتە قوربانی ئامانجێک کە لەگەڵ هونەر بێگانەیە، بەڵام لە زنجیرەی پلەبەندی بەهاکاندا دەڵێی لە پلەیەکی باڵاتردایە. وەختێک لە ئایندەیەکی نادیاردا دادپەروەریی بەرقەرار بوو، هونەر دیسان دەگەشێتەوە. بەم پێیە رێسای زێڕینی عەقڵی هاوچەرخ لە قەڵمڕەوی هونەردا بەکار دێت،

ئەو ڕێسایەی کە دەڵێت بەبێ شکاندنی هێلکەکان ناکرێت هێلکەوڕۆن دروستبکرێت، بەڵام وەها عەقڵێکی تەندروستی بێ چەندوچون نابێت گومڕامان بکات، بۆ دروستکردنی هێلکەوڕۆنێکی باش شکاندنی هەزاران هێلکەش بەس نییە، بەڕای من بەهای کاری چێشتلێنەر نابێت لە ژمارەی هێلکە شکاوەکاندا ببینرێت، ئەگەر چێشتلێنەرە هونەرییەکانی سەردەمی ئێمە زیاتر لەوەی مەبەستیان بووە سەبەتە هێلکەکان سەرەو نگون بکەن، هێلکەوڕۆنی شارستانییەت رەنگە ئیدی هیچ کات باش دەرنەچێت و هونەر رەنگە هیچ کات نەگەشێتەوە. بەربەرییەت هەرگیز بەلەزو کاتی نییە، هیچ کات لە ناوچەیەکی تایبەتدا سنوردار نابێت و ئۆتۆماتیکی بە سروشتی خۆی لە قەڵەمڕەوی هونەرەوە بۆ قەڵەمڕەوی ئەخلاق ئەگوێزرێتەوە. ئەوکات لە ئازارو خوێنی مرۆڤەکان جۆرەها ئەدەبیاتی نزم بەرهەم دێت؛ چاپەمەنییە هەمیشە ئاست نزمەکان، ئەو پۆرترێتانەی لە وێنە ئەچن، نمایشنامەی بێتام کە تیایاندا نەفرەت لە جێگەی ئایین دادەنیشێت، بەم شێوەیە کاری هونەر بەرەو گەشبینی زۆرەملێیی دەڕوات کە ئیدی خراپترین جۆری جوانکارییەو پێکەنیناویترین جۆری درۆ.

جێگەی سەرسوڕمانە؟ رەنجی مرۆڤ ئەوەندە بابەتێکی فراوانە کە رەنگە هیچ کەس نەتوانێت دەستی لێبدات، مەگەر کەسێک بە هەستارێتی جان کیتس(7)، کە ئەڵێن بە دەستەکانی دەیتوانی خودی ئازارو رەنج هەستپێبکات. بابەتەکە کاتێک روونتر دەبێتەوە کە ئەدەبیاتی رامکراو دەیەوێت بە مەرهەمدانانە فەرمییەکان ئەم ئازارو رەنجە کەم بکاتەوە. درۆی هونەر بۆ هونەر وای نیشاندەدا لە خراپە بێئاگایەو هەر لەمڕووەوە بەرپرسیارێتی ئەم بێئاگاییەی قبوڵ دەکرد، بەڵام درۆی ریالیستی لەگەڵ ئەوەی بە ڕێگەیەک بەدبەختی هەنوکەی مرۆڤ رادەگەیەنێت، زۆریش

بەجدی لەم بەدبەختییە خراپ کەڵک وەردەگرێت، لەبەرئەوەی بەهرەی لێوەر دەگرێت تا ڕێز لە جۆرێک خۆشبەختی ئایندە بگرێت کە کەس شتێک لەبارەیەوە نازانێت، هەر لەم ڕووەوە ئایندە بیانوویەک دەبێت، بۆ جۆرەها فریوکاری.

ئەم دووجۆرە جوانیناسییە کە ماوەیەکی زۆرە دژایەتی یەک دەکەن، واتە یەکێکیان ڕەتکردنەوەی تەواوی ژیانی واقیعی ڕێگە پێدەدات و ئەوی دیش بانگەشەی ڕەتکردنەوەی هەرشتێک دەکات کە ژیانی واقیعی نەبێت، بەڵێ هەردووکیان لەیەک خاڵدا بەیەکدەگەن، تەواو دوور لە واقیع، لە درۆیەکی تاقانەداو لەسەرکوتی هونەردا. ئەکادیمیزمی ڕاست لەبنەڕەتدا نکۆڵی لە بوونی ئەو بەدبەختی و مەینەتییە دەکات کە ئەکادیمیزمی چەپ بە هۆکاری دیکە بەهرەی لیوەردەگرێت. لە هەردوو حاڵەتدا، بە ڕەتکردنەوەی هونەر، بە دبەختی و زەبوونی تەنها توندتر دەبێتەوە.

3

دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم دەربڕینە ناڕاستە لە زانی هونەردایە؟ بەپێچەوانەوە، من دەڵێم ئەم تێڕوانینانەی قسەم لەبارەوە کردن، تەنها بەم هۆکارە ناڕاستن کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە هونەرەوە نییە، باشە کەواتە هونەر چییە؟ بەدڵنیاییەوە شتێکی سادە نییە، لەنێوان هاواری ئەم هەموو خەڵکەدا کە دەیانەوێت هەموو شتێک سادە بکەنەوە، دۆزینەوەی وەڵام قورستر دەبێت، لەلایەکەوە چاوەڕێن کەسی بلیمەت شکۆدار و گۆشەنشین بێت، لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێی ئەوەن هاوشێوەی هەمووان بێت. بەڵام ئەفسوس واقیعییەت ئاڵۆزترە لەم قسانە.

بەلزاک لە رستەیەکدا ئەم قسەیەی کردووە: «بلیمەت لە هەمووان دەچێت، بەڵام کەس لە بلیمەت ناچێت.» هونەر ئاوایە بەبێ واقیعیەت بێمانایە، بەڵام واقیعییەتیش بێ ئەو بێمانایە. ئەسڵەن چۆن دەکرێت هونەر شوێنکەوتەی واقیع بێت؟ هونەرمەند هەڵبەتە بابەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام بابەتەکەش ئەو هەڵدەبژێرێت.

هونەر بە گوزارەیەک، شۆڕشێکە لە دژی هەموو شتێکی زوو تێپەڕو ناتەواو لە جیهاندا. لەم رووەوە تەنها ئامانجی ئەوەیە شێوەیەکی دیکە ببەخشێت بە واقیعێک، کە لە هەمانکاتدا ناچارە بیپارێزێت لەبەرئەوەی هەروا سەرچاوەی هەستی هونەرییە. لەم بارەیەوە ئێمە هەموومان ریالیستین، لە هەمانکاتدا هیچ کەسیش ریالیست نییە، هونەر نە رەتکردنەوەی تەواوی شتێکە کە هەیە، نە قەبوڵکردنی تەواوەتی ئەو شتەشە. هەم رەتکردنەوەیەو هەم قەبوڵکردن، هەر بەم هۆیە جۆرێک لێکپچڕانە کە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە.

هونەرمەند هەمیشە لە وەها حاڵەتێکی دووفاقیدا ئەژی: ناتوانێت واقیع

ڕەتبکاتەوە، لە هەمانکاتدا بەردەوام ناچارە لەلایەنە هەمیشە ناتەواوەکانی واقیعدا پرسیار بکات، بۆ کێشانی تابلۆی سروشتی بێ گیان دەبێت لەنێوان نیگارکێش و سێودا ڕووبەڕووبوونەوە و هاوسەنگی دوو لایەنە بوونی هەبێت. شێوەکان بەبێ سێبەرو ڕووناکییەکانی دونیا شتێک نین، بەڵام بە نۆرەی خۆیان شتێک دەخەنە سەر ئەم سێبەرو ڕووناکییانە. دونیای واقیعی کە بە درەوشانەوەی خۆی جەستەو قەبارەکان بەرجەستە دەکات و خۆیشی لەوانەوە ڕۆشناییەکی دیکە وەردەگرێت کە کاریگەری دەکاتە سەر ڕووناکی ئاسمان. لەم ڕووەوە شێوازی باڵا لە جێگەیەکدایە لەنێوان هونەرمەندو بابەتەکەیدا.

پێویست ناکات بڵێم هونەر دەبێت لە واقیع هەڵبێت، یان ڕادەستی بێت، بەڵکو دەبێت ببینین بە وردی چەندێک لە واقیع وەک قورسایی هاوسەنگی بخرێتە ناو باڵۆنی بەرهەمی هونەرییەوە تا نە لەنێوان هەورەکاندا ون ببێت و نە لەبەر زۆریی سەنگینی بەسەر زەویدا بەکێش بکرێت. هەر هونەرمەندێک ئەم بابەتە بە گونجان لەگەڵ توانا و لێهاتوویی خۆیدا حەل دەکات. هەرچی شۆڕشی هونەرمەند لە دژی واقیعی جیهان زیاتر بێت، قورسایی واقیع بۆ هاوسەنگ کردنی ئەم شۆڕشە دەتوانێت قورستر بێت، بەڵام ئەم قورساییە هیچ کات ناتوانێت پێویستی هونەرمەند بە خەڵوەت لە ناو بەرێت. باشترین بەرهەمەکان، وەک بەرهەمی تراژیدی نوسانی یۆنانی، ملویل، تۆڵستۆی و مولیر، بەردەوام ئەو بەرهەمانەن کە جۆرێک هاوسەنگی لەنێوان واقیع و ڕەتکردنەوەی مرۆیی ئەم واقیعە بەرقەراردەکەن، بەشێوەیەک کە واقیع و ڕەتکردنەوەی واقیع لە بازرەقەیەکی بێوەستاندا، کە تایبەتمەندی خودی ژیان لە شادی بەخشترین و دڵگەرمکارترین مەرزەکانی ئەوە، یەکدی بەرزدەکەنەوە. بەم شێوەیە جارجارە دونیایەکی نوێ دەردەکەوێت کە

جیاوازە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە، بەڵام هەمان دونیایە، بەشە بەڵام گشنە، لێوانلێو لە نادڵنیایی بێگەردانە کە بە هێزو خرۆشی بلیمەتی چەند سەعاتێک دەدرەوشێنەوە.

خودی خۆیەتی بەڵام ئەو نییە، دونیا هیچەو دونیا هەموو شتێکە- ئەمە هاواری دژوازو ماندونەناسانەی هەموو هونەرمەندێکی ڕاستەقینەیە، هاوارێک کە ئەو بەچاوی هەمیشە کراوەوە لەسەر پێ ڕادەگرێت و هەندێک جاریش بۆ هەموو ئەم خەوتوانەی ئەم دونیایە وێنەیەکی تێژتێپەڕ، بەڵام پێداگر لە واقیع ئاشکرا دەکات، کە ئێمە دەیناسین بێئەوەی هیچ کات لە بوونی بەئاگا بین.

هەر بەم شێوەیە هونەرمەند نە دەتوانێت لەسەردەمەکەی ڕوو وەربگێڕێت و نە دەتوانێت لە تێویدا ون ببێت، ئەگەر ڕوو وەربگێڕێت، لە بۆشاییدا قسە دەکات، بە پێچەوانەوە تا کاتێک سەردەمەکەی بکاتە بابەتی کارەکەی، خەریکە بوونی خۆی وەک بکەر دەسەلمێنێت و ناتوانێت یەکسەر ڕادەستی سەردەم بێت، بە گوزارەیەکی دیکە هونەرمەند لەهەمان ئەو ساتەدا کە بڕیاردەدات لە چارەنوسی هەمواندا بەشداربێت، ڕێک لەو ساتەدا خەریکە لەسەر تاکێتی خۆی جەخت دەکاتەوە.

هونەرمەند ناتوانێت لەم بارودۆخە دووفاقییە هەڵبێت. هونەرمەند شتێک لە مێژوو وەردەگرێت کە خۆی دەیبینێت یان تامی دەکات، چ ڕاستەوخۆ و چ نا ڕاستەوخۆ، بە گوزارەیەکی دیکە ڕووداوە هەنووکەییەکان و کەسانێک کە ئەمڕۆ زیندوون دەبینێت و ئەزمون دەکات، نەوەک پەیوەندی ئەم ڕووداوە هەنووکەییانە لەگەڵ ئایندەیەکدا کە لەبەردەم نیگای هونەرمەندا زیندوو نییە، داوەریکردن لەبارەی مرۆڤی هاوچەرخەوە بە نوێنەرایەتی مرۆڤێک کە هێشتا نەهاتووە، کاری پەیامبەرانە، بەڵام هونەرمەند

لەبارەی ئەو ئەفسانانەوەی کە ئەخرێنە بەردەمی تەنها لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییانەی ئەم ئەفسانانە لەسەر مرۆڤە زیندووەکان دایدەنێن دەتوانێت بەها دیاری بکات. پەیامبەران، چ ئایینی چ سیاسی، دەتوانن بە رەهایی داوەریی بکەن و بەو شێوەیەی دەزانین، لەم کارەدا دریغی ناکەن، بەڵام هونەرمەند ناتوانێت ئەگەر بەرەهایی داوەریی بکات، بەدڵی خۆی واقیع بەسەر باش و خراپدا بەش دەکات و دەکەوێتە نێو گێژاوی میلۆدرامەوە، بەڵام ئامانجی هونەر ئەمە نییە یاسا دابنێت، یان فەرمانڕەوایی بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئامانجی بە پلەی یەک ئەمەیە تێبگات. هەڵبەتە دوای تێگەیشتن هەندێک جار فەرمانڕەواییش ئەکات، بەڵام هیچ بەرهەمێکی هونەری هیچ کات لەسەر بنەمای رق و نەفرەت بینا نەکراوە، لەبەرئەوەی هونەرمەند لە کۆتایی ئەو رێگەیەدا کە بە هێواشی پیایدا دەڕوات، هیچ مەحکوم ناکات، بەڵکو تۆمەت لادەبات. دادوەر نییە، پارێزەرە، بەرگریکاری هەموو بوونەوەرە زیندووەکانە، لەبەر ئەوەی گیانیان هەیە، لە راستیدا برەوپێدەری عەشقە بە دراوسێ، نەوک عەشق بە نامۆیەکی دورە دەست، چونکە ئەم جۆرە عەشقە بنەمای مرۆڤدۆستی هاوچەرخ وێران دەکات، بەشێوەیەک کە دواجار دەگۆڕێت بۆ روونکردنەوەی بابەتی دادگەکان، لە بنەڕەتدا بەرهەمی بەرجەستەی هونەری هەموو دادوەرەکان چەک دەکات. هونەرمەند بەبەرهەمەکەی هەم رێز لە نمونەی باڵای مرۆڤ دەگرێت هەم لەبەرامبەر خراپترین تاوانباراندا سەری رێز دادەنەوێنێت.

ئۆسکار وایڵد کە لە زیندان بوو نوسیبووی: «تەنانەت چارەڕەشێکیش لەم شوێنە شوومەدا لە تەنیشتمەوە نییە کە پەیوەندییەکی سیمبولیکی لەگەڵ بنەمای رازی ژیاندا نەبێت.» بەڵێ، ئەم رازی ژیانە هەماهەنگە لەگەڵ رازی هونەردا.

له سەدوپەنجا ساڵی دواییدا، ئەو نوسەرانەی لەکۆمەڵگەی بازرگانیدا ژیــاون، جگەلە چەند ئاوارتەیەک، پێیان وابــووە دەتوانن بەجۆرێک نابەرپرسیارێتی بە خێرو خۆشی بژین. هەڵبەتە ئەژیان، بەڵام لە تەنیاییدا دەمردن، هەر بەوشێوەیەی لە تەنیاییدا ژیابوون. ئێمەی نوسەرانی سەدەی بیستەم نابێت ئیدی لە تەنیاییدا بمێنینەوە، بە پێچەوانەوە دەبێ بزانین ناتوانین لە بەدبەختی گشتی هەڵبێین و تاقانە کاری شیاوی ئێمە (ئەگەر کارێکی شیاو بوونی هەبێت) ئەمەیە کە بەوپەڕی توانامانەوە قسەی کەسانێک بکەین کە ئێستاو هەر لەم چرکەساتەدا خەریکن ئازار دەچێژن، بە چاوپۆشین لە شانازییەکانی رابردوو و ئایندەی وڵاتەکان خراپتر بوونی نییە، هەر لەم رووەوەیە کە تەنانەت ئەمڕۆ و بەتایبەت ئەمڕۆ، جوانی ناتوانێت لەراژەی هیچ پارتێکدا بێت. چ لە درێژماوە و چ لە کورتماوەدا. جوانیی ناتوانێت لە راژەی هیچ شتێکدا بێت، جگەلە رەنج و ئازادیی مرۆڤەکان. هونەرمەندی پابەند بەراستی کەسێکە سەربەخۆ کار بکات. بەم شێوەیە وانەیەک کە لە جوانیی وەردەگرێت، ئەگەر دروست وانە وەربگرێت وانەی خۆپەرستی نییە، بەڵکو وانەی برایەتی گیانی بە گیانییە. بەم تێڕوانینە جوانیی هیچ کات کەسی نەکردۆتە کۆیلە.

هەزار ساڵە هەموو رۆژ و هەموو سانێک جوانیی بۆتە هۆکاری ئارام بوونەوەی ئازاری کۆیلەیی میلیۆنان مرۆڤ و جارجارەش هەندێکی بۆ هەمیشە لە ئازاری کۆیلەیی رزگارکردووە، لە کۆتاییدا رەنگە گەورەیی هونەر هەر لەم کێشمەکێشەدا بــەردەوام لە نێوان جوانی و ئــازاردا بێت لە نێوان عەشقی مرۆڤەکان و شێتیی ئەفراندندا، لەنێوان خەڵوەتی تەحەمولنەکراو و جەنجاڵی تاقەتپڕوکێن، لەنێوان رەتکردنەوەو قەبوڵکردندا هونەر لەنێوان دوو هەڵدێرگەدا دەچێتە پێشەوە، یەکێکیان سەرگەرمی

و سەرسوکی و ئەوی دی هەراو زەناو پڕوپاگەندە. لەم باریکە ڕێیەدا کە هونەرمەندی گەورە تیایدا دەچێتە پێشەوە، هەر هەنگاوێک دەینێت جۆرێک ڕووداوەو جۆرێک ریسک کردنە، بەڵام ئازادی هونەر لەم ریسک کردنەدایە و بەس. ئایا ئازادی دژوارەو زیاتر لە دیسپلینێکی زاهیدانە دەچێت؟ کام هونەرمەند نکۆلی لەمە دەکات و کام هونەرمەند پڕکێشی دەکات بڵێت شایستەی بەجێهێنانی وەها ئەرکێکی بێوچانە؟ ئەم ئازادییە پێویستی بە تەندروستی جەستەو زەین هەیە، شێوازێک کە کاردانەوەی هێزی رۆح بێت، جۆرێک رووبەڕووبوونەوەی ئارامگرانە. وەک هەموو ئازادییەکان، ئەم ئازادییەش ریسک کردنی بەردەوامە، سەرکێشییەکی بێ کۆتایی و هەر بەم هۆیەوە کەسانێک ئەمڕۆ لەم ریسک کردنە خۆیان بەدوور دەگرن. هەر بەوجۆرەی لە ئازادی و خواستە توندوتۆڵەکانی خۆیان بەدووردەگرن تا بە هەرجۆرە کۆیلەیەتییەک رازی بن و لانیکەم بە ئاسایشی رۆحی بگەن، ئەگەر هونەر جۆرێک سەرکێشی نییە، کەواتە چییە و چ ئاڕاستەیەکی هەیە؟ نا هونەرمەندی ئازادیش وەک مرۆڤی ئازاد ئەهلی ئاسایش نییە، هونەرمەندی ئازاد کەسێکە بەهەوڵ و تێکۆشانی زۆر سیستمی خۆی بەدیدەهێنێت. هەرچەند خۆی پێداگری دەکات. ئەندریە ژێد قسەیەکی هەیە  من هەمیشە هاوڕابووم لەگەڵیدا. هەرچەندە دەکرێت بە ئاسانی هۆکاری بەدحاڵی بوون بێت. وتویەتی: «هونەر بە گیروداو زیندووە و بە ئازادی ئەمرێت.» راستە. نابێت والێکبدرێتەوە کە دەتوانین هونەر رام بکەین. هونەر تەنها بەو گیروداوانەی خۆی بۆخۆی دروست دەکات ئەژی. بەهەر گیروداوێکی دیکە دەمرێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر گیروداو بۆخۆی دانەنێت ئەکەوێتە وڕێنە و دەبێتە دیلی تارماییەکان. ئازادترین هونەر و سەرکێشترین هونەر بەم شێوەیە، کلاسیکترین هونەر دەبێت. سەرئەنجامی

گەورەترین هەوڵەکان دەبێت. تا کاتێک کۆمەڵگە و هونەرمەندەکانی ئەم هەوڵە دورو درێژو ئازادانەیە بە گیان نەکڕن، تا کاتێک لە ئاسوودەیی و سەرگەرمی و شوێنکەوتن و هاوشێوەیی کۆمەڵدا جێگەیان خۆشکردبێ، تا کاتێک سەرقاڵی گەمەی هونەر بۆ هونەربن، یان ئەو رێکارانەی لەبارەی هونەری ریالیستییەوە دەردەچن، بەڵێ تا کاتێک ئەم هەلومەرجە بەرقەرار بێت، هونەرمەندان دووچاری پوچگەرایی و نەزۆکی دەبن. سەرئەنجامی ئەم قسەیە ئەمەیە ئەمڕۆکە لەدایکبوونەوەی دوبارە پەیوەندی بە ئازایەتی و ویستی ئێمەوە هەیە، بۆ بە روونی و راشکاوی قسەکردن.

بەڵێ، دوربارە ژیاندنەوە لە دەستی هەموو ئێمەدایە، ئەگەر بڕیار بێت رۆژئاوا ئەو «دژە ئەسکەندەرانە» بخولقێنێت بۆئەوەی «گرێی گۆردیۆن» ی شارستانییەت دوبارە گرێبدەنەوە کە بە شمشێری ئەو پچڕێندراوە، ئەمکارە لە ئەستۆی ئێمەیە، بۆ ئەمکارە دەبێت جۆرەها مەترسی و دژوارییەکانی ئازادی بە گیان بکڕین. پێویست ناکات بزانین ئایا بەرۆیشتن بەرەو رووی دادپەروەریی دەتوانین ئازادی بپارێزین یان نا. پێویستە بزانین بەبێ ئازادی بەهیچ شتێک ناگەین و هەم دادپەروەریی ئایندە لەدەست دەدەین و هەم جوانیی رابردوو. تەنها ئازادییە مرۆڤەکان لە گۆشەگیری رزگار دەکات. کۆیلەیی تەنها بەسەر کۆی گۆشەگیرییەکاندا دەبێتە فەرمانڕەوا.

هونەر بەهۆی هەمان زاتی ئازادەوە، کە هەوڵمدا پێناسەی بکەم، یەکێتی و پەیوەندی دروست دەکات، لە کاتێکدا ستەمکاری جودایی و دووبەرەکییە، کەواتە جێگەی سەرسامی نییە، کە هەر شێوەیەک لەستەم هونەر بە دوژمنی ئاشکرای خۆی دەزانێت. جێگەی سەرسامی نییە کە هونەرمەندان و رۆشنبیران یەکەمین قوربانییەکانی ستەمکارییە مۆدێرنەکانن. چ ستەمکارییەکانی راست و چ ستەمکارییەکانی چەپ. ستەمکاران دەزانن

لەکاری هونەریدا جۆرێک هێزی ڕەهایی بەخش هەیە تەنها بۆ کەسانێک کە ڕێزی لێناگرن پڕ ڕازو نهێنی دێنە بەرچاو. هەر بەرهەمێکی هونەری، سیمای مرۆڤ جێگەی ستایش تروتەژی تر دەکات و تەواوی ڕازی هونەر هەر ئەمەیە، بە هەزاران ئۆردوگای کارو زیندانی تاکەکەسیش ناتوانێت ئەم گەواهی سەرسوڕهێنەرەی پلەوپایەو ڕێزی مرۆڤ لەبەرچاوان بشارێتەوە، هەر بەم هۆیەوە درۆیە ئەگەر بڵێین دەتوانین، هەرچەندە بەشێوەیەکی کاتیش، کەلتورێک رابگرین تا ڕێگە بۆ کەلتورێکی دیکە بکەینەوە. گەواهی توندوتۆڵی مرۆڤ لەسەر ڕەنج و گەورەیی ئەو ڕاناگیرێت. هەناسەدان ڕاناگیرێت. هیچ کەلتورێک بێ میرات نییە، ئێمە ناتوانین و نابێت هیچ گۆشەیەک لە میراتی خۆ و میراتی ڕۆژئاوا ڕەتبکەینەوە. بەرهەمەکانی ئاییندە، هەرچییەک بن، هەر ئەم ڕەمزوڕازەیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، لە کاڵای دلێری و ئازادی، پەروەردەی بوێری هەزاران هونەرمەندی هەموو زمانەکان و هەموو نەتەوەکانن، بەڵێ ستەمکاری مۆدێرن حەقیەتی بڵێت هونەرمەند، تەنانەت ئەگەر تەنها کاری پیشەیی خۆی بکات دیسان بە دوژمنی خەڵک دێنە ئەژمار، بەڵام ستەمکاریی، بە هەمان وتەی خۆی لە بارەی هونەرمەندەوە خەریکە ڕێز لە وێنەیەکی مرۆڤ دەگرێت کە هەرگیز هیچ شتێک نەیتوانیوە تێکیبشکێنێت.

کۆتایی قسەکان سادەیە. دەڵێم لە هەناوی ڕق و هەراوزەنای مێژووماندا «وەرن با شاد بین» بەڵێ وەرن با شاد بین، لەبەرئەوەی مەرگی ئەوروپای درۆزن و خۆشگوزەرانیخواز دەبینین، لەگەڵ حەقیقەتێکی پەتیدا ڕووبەڕووین. وەرن مرۆڤگەلێکی شاد بین، لەبەرئەوەی فریوێکی درێژخایەن ئاشکرا بووەو بە ڕوونی دەبینین چ شتێک هەڕەشەمان لێدەکات. وەرن هونەرمەندانێکی شاد بین، لەبەرئەوەی لەخەو ڕابووین و لە نەبیستن هاتووینەتە دەرەوەو

ئێستا ناچارین لەبەرامبەر بێنەوایی و زیندان و خوێنڕشتندا چاو بکەینەوە، ئەگەر لە ئاستێ وەها دیمەنێکدا بتوانین یادەوەریی رۆژگارو سیماکان زیندوو رابگرین، هەروەها ئەگەر لە ئاستێ جوانیی جیهاندا بتوانین زەبوونەکان لە یاد نەکەین، ئەوکاتێ شارستانییەتی رۆژئاوا وردە وردە دەسەڵاتێ و سەروەریی خۆی بەدەستێ دەهێنێتەوە. کاتێک تەنانەتێ سادەترین وشەو گوزارشتەکان بەهایەک بە ئەندازەی ئازادی و خوێن پەیدادەکەن، هونەرمەند دەبێ فێربێتێ بە گیروداو بە پارێزەوە وشەو گوزارشتەکان بەکاربهێنێتێ. ریسک مرۆڤەکان کلاسیک مەشرەب دەکاتێ، بەڵام مەزنییش دواجار رەگی لە مەترسیدایە.

سەردەمی هونەرمەندانی نا بەرپرسیار بەسەر چووە. حەسرەتی بۆ دەخۆین، لەبەرئەوەی بیری چرکەساتە خۆش و زووتێپەڕەکانمان دەکەین، بەڵام دەبێتێ قەبوڵی بکەین ئەم ئەزمونە بە سەختی لە هەمانکاتدا کۆمەکی بەختمان دەکاتێ بۆ دەستخستنی دەسەڵاتێ و رێزو دەبێتێ بچینە نێو ئەم نەبەردەوە. ئازادی هونەر هێندە ئەرزشی نییە، ئەگەر ئامانجەکەی تەنها دابینکردنی ئاسایشی هونەرمەند بێتێ، بۆ رەگداکوتینی ئەرزش یان فەزیلەتێ لە کۆمەڵگەدا، جار جارە پێویستێ دەکاتێ بەهاکەی بدەین، ئەگەر ئازادی مەترسیدار بووە، کەواتە ئیدی کڕین و فرۆشتنیشی دەبێ رابگیرێتێ. بۆنمونە من ناتوانم هاوڕابم لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەمڕۆکە لە کەوتنی مەعریفە و حیکمەتێ سکاڵایانە. بە ڕواڵەتێ لەسەر حەقن، بەڵام لە راستیدا مەعریفەو حیکمەتێ کاتێک زیاتر روو لە کەوتن و داڕمان بوو کە پێویستی بە هیچ ریسککردنێک نەبوو و تەنها لە ناو دەستی چەند زاناو لێکۆڵەرێکی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بوو کە لە نێوان کتێبەکانیاندا نقووم بووبوون، بەڵام ئەمڕۆکە مەعریفەو حیکمەتێ ناچارە لەگەڵ ریسکە واقیعییەکاندا

رووبەڕووبێتەوە ئەم شانسەشی هەیە، کە جارێکی دیکە لەسەر جێگە هەستێتەوەو ڕێز بۆخۆی بگەڕێنێتەوە.

ئەڵێن نیچە دوای پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ لوسالومە، لە قۆناغی تەواوی تەنیاییدا تێکشکاو، لە هەمانکاتدا پڕجۆش وخرۆش بۆ ئەو کارە مەزنەی لە بەردەمیدا بوو و دەبوو بێ یارمەتی هیچ کەسێک ئەنجامی بدات، بەڵێ هەر لەم قۆناغەدا شەوان بەسەر ئەو کێوانەدا کە بەسەر دوورگەی جێنوا دەیانڕوانی پیاسەی دەکرد، بە گەڵاو لقی درەختەکان ئاگری دەکردەوە و تەماشای سوتانی ئەم گەڵاو لقانەی دەکرد.

من زۆرجار کەوتومەتە بیری ئەم ئاگرانە و بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان و بەرهەمەکانیان هەندێکجار مرۆڤەکان و بەرهەمەکانیانم لە بەرامبەر ئەم ئاگرانەدا وێنا کردووە، بەڵێ سەردەمی ئێمە یەکێکە لەم ئاگرانە کە تینی تەحەمولنەکراوی بە دڵنیاییەوە زۆرێک لە بەرهەمەکان دەکاتە خۆڵەمێش! بەڵام ئەو بەرهەمانەی ئەمێننەوە بە سەلامەتی دەرئەچن و تەماشایان ئەکەین دەتوانن بێ هیچ گیروداوێک خۆمان بدەینە دەست ئەو خۆشی وشادییە باڵایەی عەقڵا کە ناومان لێناوە «ستایش».

دەکرێت وەک من ئارەزوو بکەن بڵێسەکانی ئەم ئاگرە هێواشتر بێت، ئارامی و دەستبەتاڵییەک لە ئارادا بێت، دەرفەتێک بۆ تێڕامان، بەڵام ڕەنگە هیچ ئارامییەک بۆ هونەرمەند نەبێت، جگە لەو ئارامییەی لە گەرماو تینی خەباتدا بەدوایدا دەگەڕێت.

ئیمرسۆن جوانی دەوت: «هەر دیوارێک دەرگایەکە». کەواتە با لە هیچ جێگەیەک بەدوای دەرگاو ڕێگەی دەرچووندا نەگەڕێین لەسەر ئەو دیوارە نەبێت کە لەبەرامبەریدا دەژین. وەرن ئارامی و دەستبەتاڵی لەو شوێنەدا کە هەیە بۆی بگەڕێین، لە ناو جەرگەی خەباتدا، لەبەرئەوەی بەڕای من

ئارامی و دەستبەتاڵی هەر لێرەدایە. بە دەربڕینی ئەم رایە کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم. وتویانە بیرۆکە گەورەکان بە نەرمی فڕینی کۆترەکان دێنە ناو دونیاوە. بەم شێوەیە رەنگە ئەگەر گوێ رادێرین لەنێوان هاتوهاواری ئیمپراتۆری و نەتەوەکاندا، دەنگی ناسکی باڵەکان ببیستین و جۆشوخرۆشی سازگاری ژیان و ئومێد جیابکەینەوە. هەندێک دەڵێن ئەم ئومێدە لە نەتەوەیەکدایە و هەندێکیش دەڵێن لە تاقەکەسێکدا. من زیاتر لەو باوەڕەدام ئەم ئومێدە دانەی میلیۆنان مرۆڤ هەڵدەنێت و گیانیان پێدەبەخشێت و پەروەردەیان دەکات، تا کارو بەرهەمەکانیان هەموو رۆژێک سنورەکان بسڕێنەوەو بێهودەترین زناکەکانی مێژوو رەتکاتەوە، کەواتە دەدرەوشێنەوە ئەو حەقیقەتەی بەردەوام لەمەترسیدایەو تاک تاکی مرۆڤەکان لەسەر بناغەی رەنج و شادییەکانی خۆیان بە پایەداری بۆ هەموانی دەهێڵنەوە.

## دوا وتەی وەرگێڕی سویدی

بۆ یەکەم جار کە چەند نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی وەک کتێب چاپ کرا، لە لاپەڕەی سەرەتاییدا هاتووە، پێشکەش بە «رێنە لینۆد»، لینۆد نوسەرو شاعیرو هاوڕێی نزیکی کامۆ بوو، کامۆ ماوەیەک لای ئەو ژنەکەی لە لیۆن ژیا. وەک نوسەر لینۆد و کامۆ زۆر لەگەڵ یەک جیاوازبوون. لینۆد زیاتر «غەزەڵ»ی دەنوسی و خۆی دەیوت لە «ئەفسانەی سیزێف» سەر دەرناهێنێت، لەبەرئەوەی زانیاری دەربارەی فەلسەفە زۆر کەم بوو، جگەلەوە لینۆد کاسۆلیکێکی باوەڕدار بوو. ئەم دوو کەسە دوو ئەندامی چالاکی بزوتنەوەی «بەرەنگاری» بوون. لینۆد، ماوەیەک بەر لە ئازاد بوونی پاریس، لە هێرشێکی بەربڵاوی پۆلیس دژ بە بزوتنەوەی بەرەنگاری لە ساڵی 1944 کوژرا.

کامۆش دەیویست بڕواتە بەرەی جەنگەوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەخۆشی تەنگە نەفەسی هەبوو ئیزنیان پێنەدا ئەم کارە بکات. کامۆ چالاکی بزوتنەوەی بەرەنگاری بوو بەڵگەو ناسنامەی تەزویریان بەناو «ئەلبێرت مەتە» بۆ درستکرد، لە رۆژنامەکانی بزوتنەوەی بەرەنگاریشدا دەینوسی. لەم رۆژنامانەدا بوو دوو نامەی یەکەمی چاپ بوو، بەڵام نامەی سێهەم و چوارەم بۆ یەکەمجار دوای جەنگ چاپ و بڵاوکرایەوە. چەند ساڵ دوای

چاپی یەکەم لە ساڵی 1946دا دەقی نامەکان بە وەرگێڕانی ئیتاڵیایی چاپ بوو، ئەو کاتە وتارێکی نوسەری لەگەڵدا بوو. وەک پێشەکی لەو کاتە بە دواوە ئەو پێشەکییە لەگەڵ دەقی نامەکاندا چاپ و بڵاودەبێتەوە،

لە ساڵانی جەنگدا کامۆ لە چەند شوێنی جیاواز لە جەزائیر و فەرەنسا مایەوە، بەهۆی نەخۆشی تەنگەنەفەسییەوە لە گوندەکان و لە دەرەوەی شار دەمایەوە، لە لیۆن و پاریس وەک هەواڵنێرو لە جەزائیر وەک مامۆستای گرێبەست خەریکی کارکردن بوو، لە فەرەنسا هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەک هەواڵنێر کاری دەکرد کارمەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی «گالیمار»بوو، گالیمار هەمان ئەو دامەزراوەی بڵاوکردنەوە بوو کە زۆربەی کتێبەکانی کامۆی چاپ کرد. هاوکات کاری نوسینی دەکرد و لەوانە کتێبی «تاعون»ی نوسی، لە سەردەمی جەنگدا لە لیۆن لەگەڵ «فرانسیس فور» ژیانی هاوسەری پێکهێنا، ئەو زەواج و ژیانی هاوسەرییەی کە رووبەڕووی لەمپەری زۆر بۆوە. ئەوان ناچاربوون بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی جەنگەوە دوور لە یەکتر بژین، لەسەردەمی جەنگدا کامۆ لە پاریس لەگەڵ سارتەرو هاوژیانەکەی سیمۆن دووبۆڤار هاتوچۆی دەکرد.

ئەوکاتەی کامۆ ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبێلی بردەوە زۆرکەس بە تایبەت لە فەرەنسا، سەریان سوڕما کە بۆچی سارتەر بەر لە کامۆ ئەم خەڵاتەی پێنەبەخشراوە. ئەوانەی ئەوکات گەنج بوون ئەو دوو نوسەرە (کامۆ و سارتەر)، یان زۆر بەلاوە گرنگ بوو. گەنجەکانی دەیەی 1950 لە سوید بە تاسەیەکی زۆروە بەرهەماکی ئەم دوو نوسەرەیان دەخوێندەوە. قوتابییەکی حەڤدە ساڵەی دواناوەندی ساڵی 1958 لە رۆژنامەی ئەدەبی قوتابخانەکەیاندا نوسیبووی:» کەسێک دەربـارەی کامۆ وتویەتی نوسراوەکانی تەنها بۆ سەردەمی ئێمە سەرنجڕاکێشە. من بەپێچەوانەوە لەسەر ئەو باوەڕەم ئەم

نوسراوانە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەبن بە بابەتی رۆژ، لەبەرئەوەی باس لە کێشە هاوبەش و گرنگەکانی مرۆڤایەتی دەکات. ئەو کێشانەی کە هەموو دەم بوونیان دەبێت.» ئەو گەنجانەی وتاردانەکەی ئەویان لەژێر سەردێڕی «هونەرمەند و سەردەمەکەی» لەهۆڵی کۆبوونەوەی زانکۆی ئۆپسالا لە 14ی دێسەمبەری 1957 گوێ لێبوو، بە دڵنیاییەوە لایان وابوو کامۆ نوسەرێکە تایبەت بە خودی ئەوان.

کارین لۆفگرێن.

## بۆچی سەرقاڵی شانۆدەبم؟

بۆچی سەرقاڵی شانۆ دەبم؟ زۆرجار ئەم پرسیارەم لە خۆم پرسیوەو تەنها وەڵامێک کە بۆ ئەم پرسیارە هەم بوو ئەوەندە سواو کۆنە کە توشی سەرسوڕمانتان دەکات. بۆیە سەرقاڵی شانۆم، لەبەرئەوەی جیهانی شانۆ و سەر سێنی شانۆ شوێنێکە، کە من تێیدا هەست بە بەختەوەری دەکەم، بەڵام ئەگەر بە ویژدانەوە بڕوانینە ئەم بیرکردنەوە ئەوەندەش کە دیارە کۆن و سواو نییە، بەهۆی ئەوەی کە دەیانەوێ نکۆڵی لە بەختەوەر بوونیان بکەن بە رواڵەت ئەوەیە کە لەودا جۆرێک فێڵ و تەڵە دەبینن، کە جێگای شەرمە.

لەم بارەوە هەموان هاوڕاو کۆکن! هەندێ جار نوسراوە لە نوسینی کۆمەڵێک نوسەر، دەبینین کە باس لەوە دەکەن کەسانێک وازیان لە هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی هێناوەو پەنایان بردۆتە ژیانی تایبەتی خۆیان، ئەگەر هەڵە نەبم لەم «وازهێنان» و «پەنابردن»ەدا جۆرێ سوکایەتی شاراوەیە. سوکایەتی کردن و بەگەمژە زانین، لەبەرئەوەی ئەم دووشتە تەواوکەری یەکترن،بەڵام من زۆر کەس دەناسم کە بۆ هەڵاتن لە ژیانی تایبەتی و تاکەکەس پەنا دەبەنە بەر ژیانی کۆمەڵایەتی.

کالیگۆلاکان بەزۆری کەسانێکن کە توشی شکست هاتوون: ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوانە لە سۆزو خۆشەویستی بێبەرین. لە کوێ بووم؟

بەڵێ دەربارەی بەختەوەری قسەم دەکرد. زۆرباشە ئەمڕۆکە وەک چۆن نابێت دان بەتاوانی کەسەکان دابنرێت، نابێ دان بە بەختەوەریشدا بنرێت. گەمژانە، هەر لەخۆڕا بێ ئەوەی لە ئەنجامی کارەکە بترسن، لەخۆڕا مەڵێن «من بەختەوەرم.»، لەگەڵ ئەوەی ئەم شتەتان درکاند لەسەرلێوی بەبزەی کەسانی دەوروبەری خۆتان، مەحکوم بوونی خۆتان دەبینن. پێت دەڵێن: «بەڕێز تۆ بەختەوەریت، بەڵام بفەرموون چی بکەین، لە هەتیووەکانی کەشمیرو ئەو گولە پەراوێز خراوانەی کە بەختەوەرنین؟»بەڵێ، بەڕای تۆ دەبێ چیبکەین؟ وەک چۆن هاوڕێمان ئۆژن یۆنسکۆ دەڵێت: «چۆن دەکرێ لە شەڕی ئەم چەشنە ژیانە رزگارمان بێت؟» بێگومان دەست بەجێ خەم داتان دەگرێت.

بە هەموو ئەمانەوە من لە سەر ئەو باوەڕم دەبێت بەهێزو بەختەوەربین، بۆئەوەی بتوانین یارمەتی چارە ڕەشەکان بدەین. ئەو چارە ڕەشەی کە لەژێر باری ژیانی خۆیدا چۆکی داداوە ناتوانێت یارمەتی کەس بدات. بە پێچەوانەوە ئەوکەسەیکە بەسەر خۆیو ژیانی خۆیدا زاڵە دەتوانێت بە تەواوی یارمەتیدەر بێت، بەڕاست یارمەتی ئەوانیتر بدات. پیاوێک دەناسم ژنەکەی خۆش نەدەویست، لەم رووەوە زۆر نیگەران بوو.

سەرەنجام رۆژێک بڕیاریدا لە رووی بەزەییەوە، ژیانی خۆی تەرخانی ژنەکەی بکات، بەڵام لەو رۆژە بە دواوە ژیان بەلای ژنەکەیەوە بوو بەشتێکی تاقەت پڕوکین و جەهەنەمی. تێدەگەن لەخۆبردوویی پیاوەکە بە شێوەیەکی تەواو نەبووە. ئەمڕۆکە کەسانێکی زۆری لەم چەشنە هەن کە ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن، بۆ ئەو مرۆڤایەتییەی کە زۆر خۆشیان ناوێت. ئەم عاشقە رەزیلانە، ژیانی هاوسەرێتییان بۆ رۆژانی تاریکی ژیانە نەک رۆژە روون و هەتاوییەکان.

کەوایە بە سەر سوڕمانەوە دەبینین جیهان رووخسارێکی جوانی نییە، دژوارە لەم جیهانەد ابوتریێت بەختەوەرم، بە تایبەت بۆ کەسێک نوسەر بێت، بە مەشەوە من خۆم ناهێڵم بکەومە ژێرکاریگەری ئەم دۆخەوە، رێز لە بەختەوەری و بەختەوەرەکان دەگرم و هەمووکات هەوڵ دەدەم، بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونی خۆم هەوڵ بدەم، لە شوێنێک بم کە ژوانگەی بە ختەوەرییە، واتە شانۆ.

بە مەشەوە بەپێچەوانەی بەختەوەرییەکانی تر، ئەمە یان ئەوە بۆ زیاتر لە 20 ساڵە لەژیانی مندا ماوەتەوەو تەنانەت ئەگەر بشمەوێ ناتوانم وازی لێبێنم. ساڵی 1936 گروپێکی بچوکم سازکرد، لە هۆڵێکی بچوک لە شاری جەزائیرەدا چەن شانۆ نامەیەکم بردە سەر سێن، لە کارەکانی مالرۆ، دۆستۆیۆفسکی وئاشیل وهتاد. 23 ساڵ دواتر لە هۆڵی ئانتوانی پاریس توانیم شانۆنامەیەک ببەمە سەرتەختەی شانۆ کە بەپێی رۆمانی «جنۆکە لێدراوەکان» ی دۆستۆیۆفسکی دامرشت بوو.

لەو رووەوە کە خۆشم سەرم سوور دەمێنێت بەم هەمووە وەفادار مانەوەم بەشانۆ، زۆرجار هۆی ئەم شتەم لەخۆم پرسییوە، کە دەکرێ وەک گەورەتییەک یان وەک نوقسانییەک تەماشای بکرێت. هۆکارەکە دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ دوو شت، یەکەم یان خوو خەدەی خۆم و ئەوی تر، یان تایبەتمەندی شانۆ.

یەکەم هۆ کە زۆر بەرچاو نییە، ئەوەیە کە من بەسەرقاڵبوونم بە شانۆ لە جیهانی ماندوکەری نوسین دوور دەکەومەوەو لەو جیهانە هەڵدێم. بەر لە هەرشتێک لە نوسیندا لەشتێک هەڵدێم کەپێی دەڵێم «سەرئێشە گەمژانەکان». گریمان ئێوە ناوتان فێرناندل یان بریژێتباردۆ، یان عەلیخان یان لانیکەم پۆلڤالێرییە. لە هەموو ئەم نمونانەدا ناویخۆتان لە رۆژنامەکاندا

دەبینن و هەر کەناوتان بڵاوبۆوە سەرئێشەکان دەست پێدەکەن.

بانگهێشت کردنی پەیناپەینا دەبێ وەڵام بدەینەوە. بەشێکی زۆر لە ژیانیوەری تەرخان دەبێت بەوەی کە بەر لەدەست چوونی کاتتان بگرن، بەم شێوە نیوەیەک لە ژیانی ئێوە تەرخان دەبێت بۆ «نا» وتن بەشێوەی جۆراوجۆر. ئەمە کارێکی گەمژانە نییە؟ بە دڵنیایەوە گەمژانەیە. بەم شێوەیە ئێمە بەهۆی غورورەوە لەلایەن خودی غورور، لە خۆرازی بوونەوە تەمبێ دەکرێین.

بەمەشەوە من بەوە گەیشتووم هەمووان رێز لە کاری شانۆ دەگرن، تەنانەت ئەگەر کارێکیش بێت کە لەخۆرازی بوون و غووروری تێدا بێت. تەنها بەسە بڵێی خەریکی پرۆڤەم، ئیتر هەموو شت بە کەیفی ئێوە دەبێت، ئەگەر هاتو فێڵیشتانکرد-وەک چۆن من فێڵ دەکەم- وتتان بە درێژایی رۆژو بەشێک لە شەو خەریکی راهێنان و پرۆڤەم، ئەوکات خۆتان لە بەهەشتدا دەبیننەوە.

لەم رووەوە شانۆ، هۆڵی شانۆ عیبادەتگەو پەرەستگەی منە، لە تەنیشت دیوارەکانی هۆڵی شانۆدا بێدەنگی و ئارامش دەبیندرێ، بێدەنگییەک جیاواز لە جیهانی تورەی دەرەوە، لە ناو ئەم پەرەستگەدا، گروپێک لە کرێکارەکان، کە کارەکەیان کارێکی مەعنەوی و مینۆکییە، لەسەرقاڵییەکانی ئەم سەدە دابڕاون، خۆیان تەرخانی بیرکردنەوە دەکەن، ئەوان ئامانجێکیان هەیەو خۆیان بۆ رێوڕەسمێکی مەعنەوی ئامادە دەکەن، کە دەبێت شەوێک بۆیەکەم جاری ئەم رێورەسمە بەڕێوە بچێت.

زۆر باشە، با باس لەم پاسەوانانی مەعنەوییەتە بکەین، واتە ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی شانۆن. پێتان سەیر نییە، پێیان دەڵێم پاسەوانانی مەعنەوییەت؟ رەنگە چەند گۆڤاریکی تایبەت و پرۆفێشناڵ، نازانم کامەیان، یارمەتیتان بدەن

لەم روانگەدا کە ئەو کەسانەی کاری شانۆ دەکەن کەسانێکن، کە درەنگ دەخەون و زوو لەژنەکەیان جیادەبنەوە،بە دڵنیاییەوە بەوتنی ئەم وتەیە بێ هیواتان دەکەم، لەبەرئەوەی لە شانۆدا جیابوونەوە کەمترە لە رستن و چنین، کشتوکاڵ، رۆژنامەنوسی، بەڵام ئەوکاتەی لەناو هونەرمەندەکاندا روودەدات زۆرتر باسی لێوە دەکرێت. واتە خەڵک زیاتر دەیانەوێ ئاگاداری ژیانی «سارابێرنارد»ی هونەرمەندبن، نەک فلانە دەوڵەمەندو خاوەن کۆمپانیا. دەکرێ لەم شتە بگەین، بەڵام شانۆ پێویستی بە جۆرێ بەهێزی جەستەو خۆڕاگرتنی دەروونی هەیە.

ئەمە پیشەیەکە کە لـەودا لەش زۆر گرنگە، نە لەبەرئەوەی کە بەشێوەیەکی شێتانە بەکاری دەبەن، یان زیاتر لە شوێنەکانی تر شێتێتی، یان تێدا دەبیندرێ، بەڵکو ناچارن لەش لە چوارچێوەکەی خۆیدا راگرن، واتە رێز لە لەش بگرن.

شانۆکارەکان کەسانێکن کە گەورەییان تێدا دەبیندرێ، رەنگە بووبێت بە بەشێکی جیانەکراوەی ئەوان. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە من گروپێکی شانۆم زۆر زیاتر لە روناکبیرەکان، کە هاوڕێکانی منن خۆشدەوێ، جا ئەم گروپە گەورەی تێدابێت، یان نە.

ئەمە لەبەر ئەوە نییە، کە روناکبیران کە خۆش ویستینیان دژوارە، زۆرکەم یەکتریان خۆشدەوێ، بەڵکو من لەناو روناکبیرەکاندا نازانم بۆ وەک ئەوەی یەکێک لە یاساکانی خێڵەکەم شکاندبێت، هەموو کات جۆرێک دوورکەوتنەوە دەبینم. بەپێچەوانەوە لە شانۆدا هەموو کات هەست دەکەم کەسێکی سروشتیم، یان بە واتایەکی تر هەست بە سروشتی بوون، یان سروشتی نەبوون ناکەم، خۆشی و ناخۆشییەکان کارێکی هاوبەشە لەگەڵ هاوکارەکان، ئەمە بەلای منەوە واتە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی کە هەموو

کاتێ یەکێک بووە، لە خۆشییەکانی ژیانی من.

کاتێک ئەم خۆشییەم لە دەستدا کە بەهاوکاری چەن هاوڕێیەک گروپێکمان سازکردو رۆژنامەیەکمان دامەزران و ئەوکاتە بەدەستم هێناوە کە پەرژامە سەرشانۆو دەستمکرد بەکاری شانۆ.

ئەمە لە بەرچاو بگرن: کاری نوسەر لە تەنیایدایە، دادوەری کردنیش دەربارەی لە تەنهاییدایە، بە تایبەتی نوسەر لە تەنهاییدا دەربارەی خۆی قەزاوەتی و دادوەری دەکات و ئەمە شتێکیباش نییە، کارێکی باش نییە، ئەگەر نوسەر بەشێوەی سروشتی گەشە بکات، ساتێک دێتە پێش بۆی کە پێویستی بە مرۆڤەکان و کۆمەڵی مرۆڤەکان هەیە.

ئەم دەربڕینە مانای ئەوە دەدات کە نوسەر دەبێت زیاتر پابەند بێت بە کۆمەڵێک شت. ژیانی هاوسەرێتی، کۆڕو کۆمەڵەکان و سیاسەت . ئەم شتانەش هیچ شتێک ناگۆڕێت. دەتوانین بڵێین بەم کارانە تەنهایی نارەوێتەوە، چونکە نیگەرانی نەبوونی تەنهایین. دەیانەوێ بەشداری کۆڕو کۆمەڵەکان بکەن و کۆنسێرڤاتیش نەبن، بە روو هێنانە سیاسەت دەیانەوێ کاریگەربن و کەسانی تر، لەبەر ئەوان بڕۆنە بەرەکانی جەنگ، بەو مەرجەی ئەو مافە بۆ نوسەران بەرەوا بزانرێت کە باش نییە، ئەوان بچنە جەنگ. لێم وەرگرن ئەمڕۆکە کاری هونەرمەندەکان کارێکی ئاسان نییە، بە هەرحاڵ سەرجەم ئەو هاوکاری کردنانەی من پێویستم پێیەتی، هەموو ئەو پێویستی و بەرتەسکییانەی کە هەر مرۆڤێک و هەر دڵێک پێویستی پێیەتی، لەشانۆدا دەبینم، لە تەنیایدا هونەرمەند دەسەڵاتدارە، بەڵام لەسەر کورسی خاڵی، لە شانۆدا هونەرمەند ناتوانێت دەسەڵاتدار بێت.

ئەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدات گرێ دراوەتـەوە بە ئەوانی ترەوە. دەرهێنەر پێویستی بە شانۆکار هەیەو شانۆکارو هونەرمەند پێویستی

بەدەرهێنەر. ئەم پێویستی و هاوکاری کردنە، ئەگەر بەشێوەیەکی بێ فیزانەو دوور لە غرورەوە بێت، دەبێت بەهۆی بونیاتنانی هاوڕێتییەکی رۆژانە لێرەدا (لەسەر شانۆ) هەمووماں گرێ دراوینەتەوە بە یەکترەوە بێ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان لە دەست بدەین. ئاخۆ ئەمە گەلاڵەیەک نییە، بۆ کۆمەڵگایەکی دڵخواز لە داهاتوودا؟

زۆر دوور نەکەوینەوە، هونەرمەندەکان، وەک هەر تاکێک لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی، لەوانە کرێکارەکان، هەندێ لایەنیان هەیە کە نیگەران کەرە.

بە تایبەت ئەگەر هات و خەڵک زۆریان خوش بوێن، بەڵام ئەگەر ئەم لایەنە بێ هیواکەر ئەگەربوونی ببێت، بە زۆری دوای تەواو بوونی شانۆکە روودەدات، بەهەمان ئەو باوەڕەوە دەڵێن کە شکست، گروپەکانی شانۆ لەناو دەبات و سەرکەوتن بەرزیان دەکاتەوە. هەرچەن ئەمە شتێکی راست و دروست نییە، ئەوەی دەبێ بەهۆی لە ناوچوونی گروپەکان کۆتایی هاتن بەو هیوایەیە کە لەکاتی پرۆڤەدا کۆیان دەکاتەوە، لەبەرئەوەی گروپێکی شانۆ پێکەوە کۆدەکاتەوە نزیکبوونی ئامانجەکانەو ئەوەی کە هەر کەسێکی گروپەکە ئامادەیە لە خۆبردوویی بکات. حزب و بزوتنەوەو کۆمەڵە ئاینییەکانیش کەسەکان کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەمان بینین ئەمانە لە شەوی دواتردا تەواو دەبێت و لەناو دەچێت، بە پێچەوانەوە لە شانۆدا، بەرهەمی کار، تاڵ یان شیرین، لە شەوێکدا دەچنرێتەوەو کۆدەکرێتەوە، کە زۆر پێشتر دیاری کراوە، کارکردنی هەر رۆژێکیش ئەو شەوە نزیک دەکاتەوە.

رووداوێکی هاوبەش مەترسی کردنێک کە هەموان دەیزانن و کۆمەڵێک ژن و پیاو دەخولقێنێت، کە هەموان لە یەک ئامانج دەگەن و هیچ شتێک نییە، لەو شەوە جوانتر بیت کە هەموان چاوەڕێی بوون و سەرەنجام ئەو

کاتە دیاری کراو بەڵێندراوە دەگاتْ.

گروپی ئەو بیناسازو شێوەکارانەی کە لەسەردەمی ڕێنسانسدا بە کۆمەڵ کاریان دەکرد، دەبێتْ خۆشی و ئەو کەسانەیان ناسیبێتْ کە خەریکی کاری شانۆن، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کە بیناکان دەمێننەوە، لە حاڵێکدا شانۆ شتێکە کە زوو تەواو دەبێتْ، لەم ڕووەوە خۆشەویستْ بوونی دەرهێنەر دەمێنێتەوە، کە ئەویش دەبێتْ ڕۆژێک بمرێتْ.

من تەنها لە وەرزشە بەکۆمەڵەکان، لە سەردەمی گەنجیدا، ئەم هەستی هێزو هیوایەم بینییوە کە لەکاتی پرۆڤەدا هەیە. ئەوەی ڕاستی بێتْ ئەو خوو خەدەی کە من هەمە لەکاتی یاری دوو گۆڵی و لەکاتی پرۆڤەی شانۆدا، کە لەڕاستییدا دوو زانکۆی گەورەن، بۆ من کە زۆر شتیان لێ فێربووم، بەڵام لەبەر ئەوەی دەمەوێ باس لە ئەزمونی تاکەکەسی خۆم بکەم، دەبێ ئەوەش بڵێم کە شانۆ بوو بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵگا دوور نەکەومەوە کە زۆر جار وەک مەترسییەک ڕێ بە نوسەرەکان دەگرێتْ، وەک چۆن لە کاتی ڕۆژنامەنوسیدا، کاری چنینی لاپەڕەکان لە چاپخانە پێ باشتر بوو لە نوسینی ئەو ئامۆژگارییانەی پێدەڵێن سەروتار، لە شانۆشدا حەز دەکەم بەرهەم لەناو کۆمەڵێ شپرزی دیکۆرو شتەکاندا ڕەگ داکوتابێتْ. نازانم کێ وتویەتی دەرهێنەری باش ئەو کەسەیە کێشی دیکۆرەکانی بەدەستی خۆی تاقیکردبێتەوە. ئەمە یاسایەکی گرنگە لە هونەردا. من پیشەیەکم خۆشدەوێتْ کە لەگەڵ ناسینی زەینی مرۆڤەکانی شانۆکەدا، جێگای فلانە چراو فلانە گوڵدان، زبربوونیفلانە قوماش و قورسی فیسارە سندوق تاقیکەمەوە.

ئەو کاتەی «جنۆکە لێدراوەکان»ی دۆستۆیۆفسکیم پیشان دەداتْ، لەگەڵ دیکۆراتۆرەکەدا ڕێکەوتین کە دەبێ دیکۆری ڕاستەقینە دروستْ بکرێتْ، بۆئەوەی شانۆکە هێدی هێدی بەرەو قوناغێکی سەرتر بڕواتْ کە زۆر کەمتر

ڕەگی لە مادەدا هەیە و دیکۆرەکە دەبێت سوک بێت.  بەم شێوەیە شانۆکە بەشێوەیەکی ناواقعی بوون وناڕاست بوون کۆتایی دەهات کە خۆی بەشێک بوو لە واقع، ئاخۆ ئەمە پێناسەی هونەر نییە؟ نەک واقعی تەواو، نە خەیاڵ و فەنتازیای تەواو، بەڵکو فەنتازیایەک لەسەر بنەمای واقع.

ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە وادەکەن ڕوو بهێنمە شانۆ و لەو میوانیانە خۆم دوور بگرم کە دەبن بەهۆی هەدەر چوونی کاتم. ئەمانە هۆکارەکانی منن وەک تاکێک لە مرۆڤایەتی، بەڵام وەک هونەرمەند کۆمەڵێک هۆکاری ترم هەیە، کە جیاوازن لەم هۆکارانە.

## ئەو رۆژەی کە کامۆش رۆیشت

**ن: سمیۆن دووبۆڤار**

بیرەوەرییەکانی سیمۆن دووبۆڤار ئاوێنەیەکی باڵانوێنە لە ژیانی هونەری-ئەدەبی فەرەنساو بەشێکی زۆر لە هەڵکەوتەکانی جیهانی ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە.

دوانیوەڕۆیەکی مانگی ژانیوەری لەماڵی سارتەر تەنها بووم، تەلەفۆن زەنگی لێدا. «لانزمەن»پێی وتم، «کامۆ» بەهۆی روداوی ئۆتۆمبیل مردووە، لەگەڵ هاوڕێیەکی لە باشورەوە دەگەڕانەوە، سەیارەکەیان داویە لە دارچنارێک و دەستبەجێ کامۆ مردووە. تەلەفۆنەکەم داخست. قوڕگم گیرابوو، لێوە لەرزەم گرتبوو، بەخۆمم وت ناگریم، خۆ ئەو زۆر نزیک نەبوو لێم.

بەپێیەوە لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستابووم کە دەیڕوانییە سەر «سەنزێرمەندێپرە». نەدەم توانی خۆم راگرم و نە دەمتوانی لەخەمدا نوقم بم. سارتەریش نیگەرانبوو و بەدرێژایی شەو لەگەڵ «بووست»باسمان لە کامۆ کرد. بەر لە خەو حەبی»بلادنال»م خوارد. لەو کاتەوەی سارتەر چاک ببۆوە ئیتر ئەم دەرمانەم نەدەخوارد. دەبوو بخەوتبام، بەڵام نەم دەتوانی بخەوم. جلەکانم کردە بەرم و چوومە دەرەوەو خەریکی پیاسەکردن بووم.

بەداخەوە نەبووم بۆ ئەو پیاوە پەنجا ساڵە،بەداخەوە نەبووم بۆ ئەم ڕاستگۆ ناعادلە، کە تەواو بە گومان بوو لە فەرەنساو ئەمە شتێکی شاراوە بوو لە دەروونییدا. بە داخەوە بووم بۆ گەنجێکی پڕ هیواو بەرزەفڕ کە شێتی ژیان، چێژەکانی، سەرکەوتنەکانی، هاوڕێیەتی، هاوکاری، عەشق و بەختەوەری بوو. دوێنی بەلای ئەوەوە زیاتر لەپێریَ بەراست دەرنەدەکەوت.

کامۆ بەو شێوەی پێم خۆشبوو لە دڵی تاریکی شەودا دەردەکەوت. یەک سات دەردەکەوت و ساتێکی تر، بەشێوەیەکی دڵتەزێن لەناو دەچوو. ئەو کاتەی پیاوێک دەمرێت، منداڵی، مێرمنداڵی، گەنجێتی لەگەڵیدا دەمرێت. هەموو کەس بۆ ئەوشتەی کە بەلایەوە ئازیز بووە دەمرێت.

بارانێکی سارد دەباری، لە لای درگاکاندا، بێ خانەولانە هەژارەکان لەسەرما کزۆڵەیان کردبوو خەوتبوون. هەموو شت ئازاری دەدام.

ئەم هەژارییە، ئەم چارە ڕەشییەی ئەم شارە، جیهانی ژیان و مەرگ.

کە هەستام لام وابوو، ئیتر ئەم بەیانییە نابینێت.

جاری یەکەم نەبوو ئەم شتەم لەبەر خۆمەوە دەوت، بەڵام هەموو جارێک جاری یەکەم بوو. «کایات»هات و لەبیرمە دەربارەی سیناریۆ(فیلمنامە) قسەمانکرد. ئەم قسەکردنە تەنها وەک گفتوگۆیەک دەچوو. کامۆ لەبری ئەوەی جیهان بەجێبێڵێت، بەهۆی ڕووداوێکەوە کەبۆی هاتبووە پێش ببوو بەچەقی جیهانو من ئیتر تەنها بەچاوی قوچاوەوە دەیبینم.

بەرەو لای هەڵهاتبووم، ئەو شوێنەی کە هیچ شتێکی لێنەبوو من گەمژانەو نیگەران باسم لەو شتانە دەکرد کە هێشتا بوونیان هەبوو، ئەمە لەحاڵێکدا بوو کەخۆم لەوانەدا ئیتر هیچ بوونێکم نەبوو. بە درێژایی ڕۆژ بە ئەزمونێکی بێ ئەگەرو چاوەڕواننەکراوە وەتلامەوە. هەستم بەودیوی نەبوو نیخۆم دەکرد.

ئەو شەوە پێوە بووم بڕۆم بۆ تەماشای «هاوشاریکین». بەر لەکاتی دیاری کراو گەیشتمە سینەماو لە کافەیەکی تەنیشت سینەماکەدا لەشەقامی ئۆپێرا دانیشتم. خەڵک بێ لەبەرچاوگرتنی مانشێتی لاپەڕەی یەکەم و ئەو رەسمەی کە کوێری دەکردم رۆژنامەیان دەخوێندەوە. بیرم لەژنێک دەکردەوە کە کامۆی خۆشت دەویست، هەروەها بیرم لەو ئازارە دەکردەوە ئەو کاتەی رەسمی کامۆ لەسەر رۆژنامەکان لەسەر شەقامەکان دەبینێت.

ئەو کامۆیەی کەوا دیاربوو ئەوەندەی هی ئەو ژنەیە هی هەموانیشە. بەڵام ئیتر ئەو کامۆیە زیندوو نییە، کە پێچەوانەی ئەم شتە بەژنە بڵێت.

شەیپوورەکان کە بانگەوازی بی هیوایی مرۆڤەکانیان سـەردەدا لام وابوو زۆر دەستکردن. «میشێل گالیمار»بەتوندی بریندار ببوو. گالیمار لە جێژنەکانی 1944 و 1945 لەگەڵمان بوو. میشێلیش مرد. «گیان»، «کامۆ»، «میشێل». زنجیرەی مەرگەکان دەستی پێ کردبوو، تا دەگاتە مەرگی خودی من کە دەرەنگ یان زوو دەگات هەر درێژەی دەبێت

## ژیان و بەرهەمەکانی ئەلبێر کامۆ

ئەلبێر کامۆ هەشتی نۆڤەمبری 1913 لە مۆندۆوی جەزائیر لە دایکبوو. لوسینی باوکی کە بۆخۆی فێری خوێندن و نوسین ببوو، لە کارگەیەکی شەراب دروست کردندا کرێکاری دەکرد کاترین ئەلەن سینتزی دایکی نەخوێندەوار بوو، لە قسەکردن و بیستندا کێشەی بوو.

دایک و باوکی کامۆ هەردوویان لەو بنەماڵە هـەژارە ئەوروپییانە بوون، کە بەهیوای بینینی رۆشناییەک لە ژیانیاندا لە ئەوروپاوە هاتبوون بۆ جەزائیر. بنەماڵەی باوکی خەڵکی فەڕەنسا بوون و بنەماڵەی دایکی لە سپانیاوە هاتبوون و خەڵکی دوورگەی مینۆرکا بوون. هەشت مانگ پاش لە دایکبوونی ئەلبێر، باوکی برا بۆ بەجێهێنانی خزمەتی سەربازی لەشەڕی یەکەمی جیهانی. بەو یۆنیفۆڕمە سورو شینەی یەکەی یەکەمی زواوەکانەوە، زۆر ئاسان کەوتە بەر گوللەی رەشاشە ئەڵمانییەکان.

سێپتەمبەری 1914 لە شەڕی مارن بە پارچەی هاوەن بریندار بوو و پاش چەند هەفتە لە ژیاندا نەما. سەرجەم ئەو شتانەی ئەلبێر سەبارەت بە باوکی دەیزانی، ئەو چیرۆکانە بوو کە لە ماڵەوە دەیان گێڕاوە. منداڵیی کامۆ لە جەزائیر ئاوێتەیەک بوو لە هەژاری زۆرو خۆشی و چێژی سادە. لەگەڵ دایک، برا، دایەگەورە و دوو خاڵۆی لە ئاپارتمانێکی سێ ژووریی

بچوکدا ژیانیان بەسەر دەبرد.

ئاپارتمانەکەیان نە کارەبای بوو نە بۆری ئاو. چەن دانەیەک توالێتی تورکی* تێدابوو. کونێک لەسەر چاڵەکە هەمیشە بۆگەن بوو. دایکی کارەکەر بوو. کاروباری ماڵ و بنەماڵە لەسەر دەستی دایەگەورەی بەڕێوەدەبرا، کە ئەویش نەخوێندەوار بوو، بۆ ئەدەب کردن و بارهێنانی منداڵەکان کەڵکی لە قامچی وەردەگرت.

بە هەموو ئەمانەشەوە ئەلبێر دایکی ستایش دەکـرد و چێژی لە هاوڕێیەتی و هاودڵی لەگەڵ براو دوو خاڵۆکەی وەردەگرت. عاشقی قەراغ دەریا و هەتاو بوو. حەزی لە یاری لەگەڵ منالآنی گەڕەکی بلکور، دراوسێی گەڕەکێکی عەرەب، بوو. کامۆ لە دوا بەرهەمیدا رۆمانی ژیاننامەیی نا تەواوی «یەکەم مرۆڤ» جەخت لەسەرسەری بوونی روانینی بنەماڵەی بۆ دین دەکاتەوە. گەرچی بنەماڵەی کامۆ بە ناو کاتۆلیک بوون، بەڵام هاتوچۆی قەشەکانیان نەدەکرد و باسی خوایان نەدەکرد «کاتۆلیک بوونیان لە چەن بۆنەی وەکو ... بابتیزم (لە ئاوکێشان)، شێوی خواوەندی، زەماوەندو... و رێو رەسمی ناشتندا کورت دەبۆوە» (FM،165)

ئـەوەی دەورێکی هەرە گرنگی لە ژیانی کامۆدا گێڕا، یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانە سەرەتاییەکەی بوو بە ناوی لوویی جێرمەن. جێرمەن بە تواناکانی کامۆی زانی و دایەگەورەی رازی کرد رێگەی پێبدات وانەی تایبەت بە کچەزاکەی بڵێتەوە، تاکو بتوانێ لە تاقیکاری بورسی خوێندندا بەشداری بکات. دایەگەورەی ئیزنیدا و ئەلبێر لەو تاقیکارییە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و توانی بە جێگەی ئەوەی وەکو براکەی بچێتە سەرکار، بڕوات بۆ دواناوەندی.

کامۆ لە دواناوەندیدا مامۆستایەکی دیکەی هەبوو، مامۆستایەکی فەلسەفەی گەشبیر بە ناوی ژان گرۆنیە، لەنێوان ئەو هەموو کتێبەی کامۆ لە خولی دواناوەندیدا خوێندیەوە، زیاتر لە دووان لەو کتێبانە چێژی بینی، دوورگەکانی ژان کرۆنییە و چارەنوسی مرۆڤی ئاندرە مالرۆ.

کامۆ ساڵی 1959 نوسی، دورگەکان بە بیرهێنانەوەی «رازەکان... شتە پیرۆزەکان ... و سروشتی بە کۆتای مرۆڤ» نەبوونی ئامۆژەی ئایینی بۆ قەرەبوو کردمەوە.(LCE،328 )

کامۆ وەکو تر لە دوورگەکانەوە فێری ئەوە بوو کە چۆنە کە دەکرێ بە وەسفکردنی شتەکان و رووداوە بەرهەستەکان، ئەندێشە فەلسەفییەکان گەڵاڵە بکرێت.

لە یەکەم ساڵی دواناوەدیدا زانیان گیرۆدەی نەخۆشینی سیلە، ئەم نەخۆشینە سەرتاسەری ژیانی ئازاریدا. ئەودەم هێشتا ئانتی بیۆتیک نەدۆزرا بوویەوە، بەڵام دەرمانە باوەکان سییەکانی، لە هێرشە فەلەجکەرەکانی ئەو نەخۆشینە رزگاری کرد.

کامۆ 1933 بوو بە خوێندکاری زانکۆی جەزائیر و لە فەلسەفەدا بەکالۆریۆسی تەواوکرد. ناوی تێزەکەی میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی نێئو ئەفلاتونی بوو. هەرچەن پلەیەکی زۆر باڵای لە خولی بەکارلۆریۆس وەرنەگرت بوو، بەڵام ئیزنی پێدرا کە لە خولی دکتورا (ئاگرکاسیۆن) درێژە بە خوێندن بدات و بەڵگەنامەی مامۆسنایەتی فەلسەفە وەربگرێت. ساڵی 1938 داخوازیی کامۆ بۆ بەدەسهێنانی کاری مامۆستایەتی فەلسەفە لەلایەن ئیدارەی پزیشکی جەزائیرەوە رەتکرایەوە.

دەوەڵەت نەیدەویست لە داهاتوودا بە ئەرستۆ بکرێت. دەواو دەرمانی نەخۆشییەک ئاوێنەی بڕوا بەخۆیی و ناسکبوون، جل و بەرگی جوان و

سیمای رازاوەو دڵنشین (لە هەمفری بووگارت دەچوو)، ببووە هۆی ئەوەی لای ژنان زۆر خۆشەویست بێت، بە هەموو ئەمانەوە لە 20 ساڵەییدا بە پەلە لەگەڵ ژنێکی سوک و بێ خەیاڵ و خوێن شیرین بە ناوی «سیمۆن ئایە»  زەماوەندی کرد.

دایکی سیمۆن کە پزیشکێکی چاوی سەرکەوتوو بوو، بە دڵکراوەیی خەرجی ژیانی ئەو جوتەی دابین دەکـرد، بەو هیوایەی کامۆ یارمەتی سیمۆن بدات کە واز لە بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان بێنێت، بەڵام کامۆ نەیتوانی. کامۆ کاتێ کە زانی سیمۆن لەبەر وەرگرتنی مادەی سڕکەر، لەگەڵ پزیشکێکدا پەیوەندی سێسکی هەیە، لێی جیابۆوە.

کامۆ دیسان زەماوەندی کردەوە. ژنی دووهەمی، فرانسیس فۆڕ ی مامۆستای ماتماتیک و خەڵکی ئوران بوو. فرانسیسیش جوان بوو، بەڵام دەروون گەرا بوو.

کاترین و ژان ئەو دوو منداڵە دووانە بوون کە ساڵی 1945 لە فرانسیس بوون. هەرچەن فرانسیس هەرگیز کامۆی بەجێنەهێشت و لێی جیانەبۆوە، بەڵام خیانەتی هەمیشەیی و ئاشکرای کامۆ زۆر ئازاری دەدا.

ناوەڕاستەکانی دەهەی 1930 کامۆ لێوان لێوبوو لە وزە. ڕۆژنامەگەری دەکرد بۆ ئەلجەر ڕیۆبللیکن . ڕۆمانێک و چەن وتارو شانۆنامەی نوسی. گروپێکی شانۆکاریی پێکهێنا بوو بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست. ماوەی ئەندامێتیی لە حزبی کۆمۆنیستدا کورت بوو.

ساڵی 1937 یزب بەهۆی پشتیوانی کردینی لە رادیکاڵە عەربەکان بۆ وەرگرتنی مافی کۆمەڵایەتی و مەدەنی دەریکرد، بەڵام کە کاری نوسیندا، هێشتا لە سەرەتای ڕێگەدا بوو. یەکەم ڕۆمانی (واتە) مەرگی خۆش  هێند یەکگرتوو و یەک دەست نەبوو، کە شیاوی چاپکردن بێت.

ساڵی 1939 ساڵی دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانیش بوو. کامۆ هەوڵیدا لە ئەرتەشدا خۆی ناونوس بکات، بەڵام لەبەر نەخۆشینەکەی وەرنەگیرا. بەهاری 1940 ئەرتەشی ئەڵمانی، فەڕەنسای بەزاند. پاش ماوەیەکی کورت ئالجەررپۆبلیکی لیبڕال داخراو کامۆ بێکار بوو. پاسکاڵ پیایی هاوڕێی، لە پاریس کارێکی بۆ دۆزییەوە دیزاینەری رۆژنامەی پاری سوار.

کامۆ ساڵی 1942 رۆمانێکی گرنگی بڵاوکردەوە، «بێگانە»و دوابەدوای ئەویش لە 1943دا کۆمەڵ وتارێکی بە ناوەڕۆکی سەر بەبابەتی رۆمانەکە. ئۆستورەی سیسوفوس .

کە وەکو نوسەر نێوبانگی دەرکرد ئەو دەرفەتەشی بۆ رەخسا کە لای بڵاوکەرەوە تازەکەی واتە گالیمار، پیشەی پێداچوونەوەش بۆ خۆی وەربگرێت. کامۆ تا کۆتایی ژیانی بە هاوکاری خۆی لەگەڵ گالیمار درێژەیدا.

کامۆ رقی لە هەموو شتێکی نازییەکان بوو، لە رەگەز پەرەستی و دژە جولەکەیەتیان، لە تۆتالیتاریزمیان، لە مرۆڤ کوژییە سەرەڕۆیانەکەیان. ساڵی 1943 چووە جەرگەی بزوتنەوەی خۆراگری فەڕەنسا و ماوەیەک دواتر بوو بە سەرنوسەری رۆژنامەی ژێرزەمینی کۆمبا . 1944 بۆ 1945 دوو شانۆنامەی بەهێزی نووسی و بردیانیە سەر شانۆ. «لێک ئێنەگەیشتن» و «کالیگوولا». لەم سەروبەندەدا بوو بە هاوڕێی ژان پۆل سارتەرو سیمۆن دی بۆڤارو دیکەی ئەندامانی بەرەکەی ئەوان. ئەزمونی ئامادەیی کە ناوەندی شانۆی رۆشنبیریی پاریسی بۆ کەسێکی وەکو کامۆ کەلە هەژاری و نەخوێندەواریدا پەروەردە کرا بوو، شادی هێنەرو تارادەیەک ترسێنەر بوو.

سەردەمی داگیرکاری نازییەکان بوو، کە یەکەم جار ناوی کامۆ بەسترا بە ئیگزیستانسیالزمەوە هەرچەن وا دیارە وشەی فەڕەنسایی «ئێگزیستانسیالیزم» لەسەر دەستی فەیلەسوفێکی کاتۆلیک، (واتە) کابریل مارسل، تەزویر کراوە،

بەڵام دەکرێ ئەندێشەیەکی فەلسەفیی پەیوەست بە پرسی هەستی مرۆڤ، هەڵبژاردن و ڕەسەنایەتی تاکو «سۆرن کیر کگۆری» پڕۆتستاینی رادیکاڵ پێشوێن بکرێت.

کامۆ ئێجگار حەزی لە پرسەکانی ئیگزیستانسل بوو، بە زۆریش لە ژێر کاریگەری ئەو دوو بیرمەندەدا بوو، کە لەشێوە هەڵگریی ئێگزیستانسیالیزمدا دەوریان نواند بوو: فیۆدۆر دۆستۆیۆنسی و فردریش نیچە، بەڵام کامۆ هەمیشە دەترسا لەوەی خۆی بە ئێگزیستانسیالیزم دابنێت. سەرەتاکان لەبەرئەوە دەترسا کە لای وابوو ئێگزیستانسیالیزم و «قەڵەمبازی ئیمانی» یەکێک بوون، پاشان لەبەر ئەو هۆکارەی کە پێی وابوو ئێگزیستانسیالیزم هەمان فەلسەفەی ژان پۆل سارتەر بوو، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی کامۆ هەم لە جیهاندا خوێنەری بۆ خۆی دۆزی بووە و هەم شانس ودەرفەتێک بۆ بەشداری لە نۆژەن کردنەوەی فەڕەنسادا.

چوار ساڵی ڕێک بەوپەڕی تواناوە هەوڵیدا ئەو وانە ئەخلاقی و سیاسیانەی لە شەڕ لەگەڵ دیکتاتۆریای نازییەکان فێری ببوو لەسەر وتارەکان، لە چەن نامە بۆ هاوڕێی ئەڵمانی لە«نۆ قوربانی، نۆ جەللاد» لە دووهەم رۆمانیدا (واتە) تاعون، لە شانۆنامەی «شاربەندان» بگێڕێتەوە.

ساڵی 1948 شەڕی سارد، ئەو ڕێکەوتننامەیەی نێوان وڵاتانی شەڕی دووهەمی جیهانی خستە ژێر چەتری خۆیەوە. کامۆ لە شانۆنامە عادڵەکان (1949)، لە نامیلکەی مرۆڤی سەرکەش (1951)دا پرسی شۆڕشکردن و هەستان و جەبارییەتی خستە بەرباس و لێکدانەوە. کامۆ دەیوت مارکسیزم و یەکێتی سۆڤییەت مەترسییەکی جدیترن لە سەرمایەداری رۆژئاوایی بۆ ئازادی و گەورەیی و بەختەوەری مرۆڤ. هەر لەم کاتەدا سارتەر گەیشتە ئەنجامێک راست پێچەوانەی ئەنجامی کامۆ. پاش ئاڵوگۆڕی چەن نامەی تاڵی

ئاشکرا، هاوڕێیەتی ئەوان کۆتایی هات. کامۆ پێشتر لە هاوڕێیەتی (پاسکاڵ پیا)ش بێبەری ببوو. ئەو پاسکاڵ پیایەی هەنوکە بەرگری لە شارل دوو گوڵ و حزبی سانترسیتی ئەو دەکرد.

کامۆ ساڵی 1954 کۆمەڵەو تاریکی بچوکی بە ناوی هاوین بڵاوکردەوە، هەرچەن ئەم وتارانە لە کات و ساتی جۆراجۆردا نوسران، بەڵام دەربڕی عەشقی کامۆن بە جەزائیرو رۆحی مەدینەرانەیی ئەو. بەداخەوە هاوئاهەنگی ئەم رۆحە لە تێکشکاندا بوو.

ئۆکتۆبری 1954 رێکخراوێکی شۆڕشگێڕانە «بـەرەی رزگـاری دەری نەتەوەیی» (FLN) هێرشی کردە سەرجەزائیری ئەوروپی. ساڵی 1955 چەکدارانی فەڕەنسایی دەستیان دایە هێرشی لە هەمبەر کوشت و بڕەکانی FLN و بەپێی سیاسەتی «بەرپرسارێتی گشتی» خوێنی گەلێک بێ گوناحیشیان رژاند. لە درێژەی شەڕی جەزائیردا فەڕەنساییەکان بە مەبەستی سازکردنی کەش و هەوای ترساوی و بەدەسهێنانی زانیاری، دەستیان دابووە ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان. سارتەرو بنەماڵەکەی بوونە لایەنگری FLN کە دەیانویست جەزائیر لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا نەمێنێتەوە، بەڵام کامۆ بوو بە دولەت. لە لایەکەوە لەو رەگەز پەرەستییەی، 8 ملیۆن جەزائیری بوومی گۆڕا بوو، بۆ هاوڵاتیانی پلە دوو بێزار بوو، بەڵام توندوتیژیی FLN یشی مەحکوم و ئیدانە دەکرد، بە ناحەز لە قەڵەمی دەدا. دەیزانی کە «رزگاری» جەزائیر لەسەر دەستی FLN بێگومان دەرکردنی زیاد لە یەک جەزائیریی نا عەرەبی لێدەکەوێتەوە لەوانە ئەندامانی بنەماڵەی خۆی. دەیوت: «بڕوام بە عەداڵەت هەیە، بەڵام پێش عەداڵەت بەرگری لە دایکم دەکەم» (TODD 378). ئەو بۆ گەیشتن بە ئاشتی مەدەنی خەباتی دەکرد، جەختی لەسەربەخۆیی جەزائیر دەکردەوە لە فدراسیۆنێکی فەڕەنساییدا. رۆشت بۆ جەزائیر کە

پشتیوان بۆ خۆی دەسنەبەر بکات. کاتێک کە هیچ کام لەو دوو لایەنە ڕوانگەکانی ئەویان بە واقیع بینانە وەرنەگرت، دوو ساڵ بێدەنگ بوو.

ساڵی 1962 جەزائیر بە تەواوی سەربەخۆ بوو، بەڵام زۆربەی جەماوەری ئەوروپی ئەم وڵاتە بەهۆی ترسیانەوە هەڵاتن بۆ باشوری فەڕەنسا.

ساڵی 1956 کامۆ «روخان»ی، وەکو سێهەم رۆمانی خۆی بڵاوکردەوە. ستایل و پەیامی ئەم رۆمانە لەگەڵ ئەوەی کامۆ پێشتر نوسیبووی جیاوازی پڕەنگی هەبوو، لەناو ئەو رەخنانەی بەرەو رووی ئەم رۆمانە کرانەوە هەم رەخنەی پۆزەتیڤ بەرچاو دەکەوت کە بەسەر رۆمانەکەدا هەڵیدا بوو، هەم رەخنەی نێگەتیڤ و بەرپەرچدەر، بەڵام کتێبەکە لە ژمارەیەکی زۆردا فرۆشرا. شەش مانگی یەکەم 126500 بەرگی لێ فرۆشرا. ساڵی دوایی کامۆ کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە لەژێر ناوی «دابەزین و مەلەکوت» و وتارێک دژ بە ئیعدام، وەکو سزادان بەناوی هەندێ رامان سەبارەت بە گیۆتین ی بڵاوکردەوە.

ساڵی 1957 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات درا بە کامۆ. دەبوایە ئەم خەڵاتە بۆ کامۆ ببوایەتە نیشانەی سەرکەوتویی و دڵخۆشی بکردابەت، بەڵام گەلێک نیگەرانی هەبوو کە ئەم شادییەی لێڵ و رەش دەکرد. نیگەران بوو نەوەک ئەم خەڵاتە بە ناحەق بە ئەو درابێت، بە دەیان جار وتی کە ئەم خەڵاتە دەبوایە بدرایە بە ئاندرێ مالرۆ. نیگەرانی خەمۆکی و هەوڵ بۆ خۆکوژیی فرانسیس، هەروەها نیگەرانی سەلەمەتی روو لە نەمانی خۆی بوو. نیگەرانی ئاژاوە لە جەزائیر، شەڕو جیابوونەوەی لە رۆشنبیرانی دیکەی فەڕەنساو تواناکانی بۆ خۆلقانەنی بەرهەمی باش بوو. لە چل و سێ ساڵەییدا دەترسا باشترین ساڵانی تەمەنی تێ پەڕاندبێت. بە هەواڵنێرێکی وت: «خەڵاتی نۆبڵ هەستێکی پیری ناکاوی پێبەخشیم» (ToDD 381).

یەکێک لە دڵ خۆشییەکانی کامۆ لە سەرتاسەری ژیانیدا وەرگرتن و بردنە سەرشانۆی بەرهەمی نوسەرەکانی دیکە بوو. سەرەتاکان واتەساڵی 1936 کامۆ بەپێی رۆمانی «رۆژانی تورەیی» مالرۆ شانۆنامەیەکی نوسی. کۆتاییەکانیش واتە ساڵی 1956 شانۆنامەیەکی بەپێی پرسەیەک بۆ یەک راهیبەی فاکنەری نوسی و بردیە سەر شانۆ. ساڵی 1959 ش بەپێی داگیرکراوانی داستایۆفسکی شانۆنامەیەکی نوسی. دەیویست دە ساڵ بۆ شانۆ تەرخان بکات، بەڵام زیاترین هیوای بە رۆمانی ژیاننامەی خۆی واتە یەکەم مرۆڤ بەستبوو.

کامۆ بەو پاداشتی نوسینەی وەریدەگرت و بەپارەی خەڵاتی نۆبڵ دەوڵەمەند ببوو. بۆیە هەوڵیدا ئاپارتمانێکی گەورەتر لە پاریس بدۆزێتەوەو ماڵێکی هاوینەی بەردینی جوانی لە پرۆڤانس بۆ بنەماڵەکەی کڕی. (مەی، دڵداری دانمارکی کامۆ، زۆربەی کات لە ماڵێکی هاوینەدا بوو هەر لەو نزیکیانە). کامۆ دوور لە نائارامی پاریس دەرفەتێکی زیاتری هەبوو تاکو درێژە بە نوسینی رۆمانی «یەکەم مرۆڤ» بدات. لای وابوو کە ئەمە دەبێتە باشترین رۆمانی و پێشکەشی کرد بە دایکی. پێشکەش نامەکەی وەها بوو: «بۆ تۆو کە هەرگیز ناتوانی ئەم کتێبە بخوێنیتەوە». (FM 3) دەسنوسی 144 لاپەڕەیی هیچ ئاماژەیەکی فەلسەفی ئاشکرای تێدا نییە، بەڵام دەربڕی هەندێ رووناکی تازەیە بۆ فامکردنی کامۆ لە رووی بارهاتنی ئەخلاقیی ئەوەوە، بۆ نمونە لە شوێنێکی کتێبەکەدا دەنوسێ: لە منداڵیدا زۆر هەوڵمدا جیاوازی نێوان راست و هەڵە (حەق وناحەق) دەرک بکەم، بەڵام هیچ کەس پێوەرێکی بە دەستم نەدا. «هەنوکە کە هەموو شتێک لە من هەڵدێ، تێدەگەم کە پێویستم بە کەسێک هەیە، کە رێگام نیشان بدات، تەمێنی بکات و سزام بدات. هانم بدا نەک بەهۆی هێزو دەسەڵاتییەوە، بەڵکو بە

مەشروعییەتی، من باوکم دەوێ« (FM 36)

سێی جێنیڤەری 1960 کامۆ وێڕای میشل و ژانین گالیمار، کچەکەی ئەوان و سەگەکەیان ماڵە هاوینەییەکەیان، بۆ ماوەی دوو رۆژو بە مەبەستی رۆشتین بۆ پاریس بەجێهێشت. رۆژی دوایی کە میشل لێی دەخوڕی، ماشین لە رێگا لایداو درا بە دوو دارداو تێکشکا.

کامۆ دەست بەجێ مرد. میشل چەن رۆژ دواتر مرد. ژان و ئان هیچیان لێ بە سەرنەهات. سەگەکەش ون بوو. کامۆ پێشتر زۆرجار بە هاوڕێکانی وتبوو هیچ شتێک ناشرین تر لە مەرگی منداڵ نییە، هیچ شتێک ساویلکانەتر لە مردن بە رووداوی ئۆتۆمبێل نییە. کاتێ کە ئەم هەواڵە درا بە دایکی کامۆ، کە کوڕەکەی لە ژیاندا نەماوە نەیتوانی بگری. تەنیا وتی: «زۆر لاو بوو». (TODD 414)

چەن رۆژ پاش مردنی کامۆ، سارتەر پرسەنامەیەکی بە هێزو جوانی نوسی و بێ دەنگ بوونی دەنگێکی زوڵاڵی لە نیوەی ژیاندا بەبێ هودەییەکی بێ بەزەییانە هێنایە ئەژمار و بۆ ستایشکردنی کامۆ نوسی: «ئەو میراتگری ئەوڕۆیی ئەو زنجیرە درێژەی ئەو ئەخلاقگەرایانە بوو، کە رەنگە رەسەنترین شتەکانی ئەدەبیاتی فەڕەنسا هی ئەوان بێت . (SARTER 1965–110–111).

دانانی کامۆ بە ئەخلاق گەراو هاوپلەی کەسانێکی، وەکو مۆنتنی، پاسکاڵ، ڤۆڵتەرو کەسانی هاوشێوە بە تەواوی جێی خۆیەتی. توانایی و رەسەنیی کامۆ لەوەدا بوو کە دەیتوانی سەرکەوتوانە ئەندێشە فەلسەفییەکان بخاتە قاڵب و دارێژگەی ئەدەبەوە و بەم چەشنە شعوری ئەخلاقی خوێنەرەکانی بەخەبەر بێنێتەوە. ئەم سەرکەوتوییە زیاتر لە سێ رۆمانەکەی ئەودا، لە ژمارەیەک لە وتارەکانیدا بۆ نمونە «ئۆستورەی سیسۆفوس» بەرچاو دەکەوێت. بەرهەمەکانی دیکەی بەم رادە سەرکەوتوو نەبوون. هەندێ جار

ئەندێشە فەلسەفییەکانی کامۆ لە گەیشتن لە پرسەکان، یان لێهاتوویی ئەو بۆ دەربڕینیان بەشێوەی ئەدەبی تێدەپەڕی.

کامۆ بە زۆری نکۆڵی لەوە دەکرد کە فەیلەسوفەو زۆربەی رەخنەگرانیش بڕوایان بە وتەکەی هەبوو، بەڵام نکۆڵی کردنی کامۆ لەبەر جیاوازیی شێوە بوو نەک جیاوازیی بابەت، بۆ فرانسیس دەنوسێ: «من بڕوام بەو ئەندێشانەی لە درێژەی مشتومڕ، یان خود جیاوازی بیروڕایەک بەیان دەکرێ نییە. من فەیلەسوف نیم. ئەندێشە لای من بەسەرهاتێکی دەروونییە کە خۆی دەگرێ، یان مرۆڤ ئازار دەدا، یان لە خۆی بێ ئاگای دەکات» (280 todd) کامۆ دەیویست رامانە فەلسەفییەکەی لەناخی ئەزمونی زیندووەوە بێنەدەرو بدرێ لە مەحەکی نواڕین و هەستی ئەخلاقی، بۆئەوەی سەقام بگرێت، بە نیسبەت عەقڵی ئازاد و سیستەم گەرایی فەلسەفی بێ باوەرو رەشبین بوو. ئەو لەو شێوە فۆڕمە فەلسەفییە دەگەڕا، کە لەگەڵ وتووێژی مرۆییدا سازگارەو گرێدراوە بە سەرقاڵیی دینەوەو بکرێ بێ کەڵک وەرگرتن لە زاراوە فەننییەکان بەیان بکرێت.

سەرچاوە:

بەشی یەکەمی کتێبی فلسفە کامو نوسینی: ریچار کمبر

**وەرگێڕان بۆ فارسی : خشایار دیهمی**

## پەراوێزەکان

KaraKow.1 : یەکێک لە کۆنترین شارەکان و دووهەمین شاری پۆڵەندایە بۆ گەورەیی

– Hradchin : رادشین یان رادکانی. ناوچەیەک کە گەورەترین قەڵای دونیای لە پراگ گرتۆتە خۆ

Charles Bridge: پردی چارلێز: پردێکی مێژوویی و بە ناوبانگ لەسەر چۆمی وێلتا لە پراگ کە سەدەی 14ی زایینی دروستکراوە.

– Silesia سی لە سیا: ناوچەیەکی مێژوویی لە ئەوروپای ناوەند هەڵکەوتوو لە پۆڵەندا، هەروەها چەند بەشێکی بچوکی کەوتۆتە کۆماری چێک و ئەڵمانیا، ئەم ناوچەیەکان و سەرچاوەی سروشتی زۆر هەیە.

– وتاردان لەژێر ناوی «هونەرمەند و سەردەمەکەی» کە لە هۆڵی شانۆی زانکۆی ئۆپسالا لە سوید لە 14ی دێسەمبەری 1957 بەڕێوە چوو.

–دەزانین تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم «سەوڵ لێدان لە کەشتیدا» جۆرێک بووە لە سزادان بەکاری قورس.

Gordion Knot: گرێی گۆردیۆن: لە ئۆستورە یۆنانییەکاندا گرێیەکە ناکرێتەوە، بە وتەی پێش بینی کەرەکان ئەو کەسەی ئەو گرێ بکاتەوە دەبێت بە حاکمی ئاسیاو ئەسکەندەر ئەو گرێیەی بە زەبری شمشێر کردەوە.

– Lou Salome

. Mondovi

. Lucien

. Catherine Helene Sintes

. Minorca

. Le Premier Homme(The First Man)

. Louis Germain

. Jean Gremair

. Les Iles(Island)

. La Condition humanine(Mans Fate)

. Methaphisique Chretienne et Neopolatonisme

. Simone Hie

. Franciue Faure

. Oran

. Alger republicain

. La Mort heureuse9A Happy Death)

. Pascal Pia

. Paris Pia

. L etranger 9The Stanger)

. Le Mythe de Sisyphe(Yhe Myth of Susyphus)

. Combat

. Le Malentendu(The Misunderstanding)

. Caligula

. Gabriel Marcel

. Letters a un ami allemande (Letters to a German Friend)

. «Ni Victemes ni bourreaux»

. La Peste (The Plague)

. L Etat de siege(State of Siege)

. Les Jutes (The Just Assassins)

. L Homme revolte (The Robel)

. L Ete (Summer)

. La Chute (The Fall)

. L Exile et le royaume (Exile and the Kingdom)

. Reflexions sur laguillotine («Reflections on the Guillotine»)

.. Le Temps de mepris (Days of Wrath)

. Requiem for a Nun

. The Possessed

. Mi

# بێگانەیەک بە ناوی ئەلبێرکامۆ

« مرۆڤ تەنها بونەوەرێکە کە نایەوێت ئەوە بێت کە هەیە « (ئەلبێر کامۆ)

ئەلبێر کامۆ رێکەوتی 7ی نۆڤەمبەری 1913 لەدایکبوو و رۆژی چواری جێنیڤەری 1960 ی زایینیماڵئاوایی لە ژیان کرد. کامۆ نوسەر، فیلسوف، رۆژنامەنوسی جەزائیری-فەرەنساوی یەکێکە لە فیلسوفە دیارەکانی سەدەی بیستەم و یەکێک لە نوسەر ناودارەکان و خاوەنی کتێبی «بێگانە»یە.

کامۆ ساڵی 1957 لەبەر»بەرهەمە گرنگە ئەدەبییەکانی کە بەڕوونی باس لە ویژدانی مرۆڤایەتی لەم چەرخەدا دەکات» بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات.

هەرچەند کامۆ یەکێکە لە بیرمەندانی قوتابخانەی ئێگزیستانسیالیزم، وەک یەکێک لە بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە دەناسرێت، بەڵام بەردەوام ئەم ناولێنانەی رەتکردۆتەوە، لە وتووێژێکدا لە ساڵی 1945 کامۆ بە تەواوی ئەوە رەتدەکاتەوە، کە سەر بە قوتابخانەیەکی ئایدۆلۆژیک بێت ، ئەڵێت :» نە من ئێگزیستانسیالیست نیم. هەم من و هەم سارتەر بەردەوام پێمان سەیرە، کە بۆچی ناومان بەیەکەوە دێنن.» کامۆ لە جەزائیردا لە دایکبوو کە لە ژێردەسەڵاتی فەرەنسادا بوو، لە لایەن فەرانسەوە داگیرکرابوو، لە

زانکۆی جەزائیر خوێندنی تەواوکرد، تا ساڵی 1930 کە توشی نەخۆشی «سیل» بوو گوڵچی تیپی دووگۆڵی زانکۆکەی بوو.

ساڵی 1949 دوای ئەوەی کامۆ لە بزوتنەوەی «هاوڵاتی جیهانی» گری دیۆیۆس جیابۆوە، دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی دامەزراند و ئاندرێ برێتۆن یەکێک لە ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە بوو. دروستبوونی ئەم گروپە، بە وتەی خودی کامۆ، لەسەر بنەمای «ئیدانە کردن و مەحکوم کردنی هەردوو ئایدلۆژیای شکڵ گرت، لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت»بوو.

کامۆ لە کتێبی «مرۆڤی یاخی»دا دەنوسێت، کە هەموو ژیانی تەرخان کردووە، بۆ خەبات دژی فەلسەفەی نهێلیسم و بە تەواوەتی بڕوای بە ئازادی تاکەکەس هەیە.

**سەرەتای کارکردن**

ئەلبێرکامۆ سەرەتا لە رۆژنامەیەکی ئێواران لە پاریس دەستیکرد بە کارکردن ، دواتر بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەرتەشی نازییەکان، لەگەڵ کارمەندەکانی تری رۆژنامەکە سەرەتا رۆیشتە شارۆی کلێرمۆن فران ، دواتر بۆ شاری بۆردۆ لە رۆژئاوای فەرەنسا.

ساڵی 1942 کامۆ رۆمانی بێگان و کۆمەڵە وتاری فەلسەفی لەژێر ناوی ئەفسانەی سیزێفدا بڵاوکردەوە.

شانۆنامەی کالیگۆلای ساڵی 1943 چاپ و بڵاوکردەوە. کامۆ ئەم شانۆنامەیەی تا کۆتایی دەیەی 1950 چەند جار نوسیەوەو پێیدا چۆوە. ساڵی 1943 کامۆ کتێبێکی بە ناوی چەند نامە بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی چاپ و بڵاوکردەوە.

ساڵی 1941 کامۆ بە چاوی خۆی ئیعدامی «گابریل پێری» بینی، کە ئەم

رووداوه بە وتەی خۆی بوو بەهۆی ئەوەی هەستی وەستانەوەو شۆڕش دژ بە نازییەکان لە دەروونیدا سەرهەڵبدات. ساڵی 1942 بوو بە ئەندامی بەرگری فەرانساو ئۆکتۆبەری 1943 بە هاوکاری ئەندامانی تری گروپەکە دەستی دایە دەرکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی ژێرزەمینی. کامۆ لەم گروپی بەرگرییەدا لەگەڵ ژان پۆل سارتەر ئاشنا بوو. کامۆ جارێکیان لە حاڵێکدا سەروتاری رۆژنامەی ژێر زەمینی(وەستانەوە)ی بەدەستەوە بوو، لە پشکنینێکی گشتی سەرشەقامەکاندا دەستگیرکرا.

ساڵانی دوای جەنگ کامۆ پەیوەستبوو بە تاقمی ژان پۆل سارتەرو سیمۆن دوبۆڤار، لە قاوەخانەی (فلۆر) لە بۆلڤاری سێن ژێرمەنی پاریس. کامۆ دوای جەنگ سەفەرێکی کورتی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و لەوێ دەربارەی ئێگزێستانسیالیزم وتاری پێشکەش کرد.

ساڵی 1947 رۆمانی تاعونی چاپ و بڵاوکردەوە، کە ئەوکات یەکێک بوو لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی فەرانسا.

ساڵی 1947 کامۆ رۆژنامەی (وەستانەوە)ی بەجێ هێشت و لەو رۆژنامە هاتە دەرەوە.

شانۆنامەی عادڵەکانی لە ساڵی 1949 چاپ و بڵاوکردەوەو کتێبی مرۆڤی سەرکەشی ساڵی 1951 چاپ و بڵاوکردەوە.

ساڵی 1952 مشت و مڕێک لە نێوان کامۆ و سارتەر سەریهەڵدا دوای ئەوەی وتارێک لە گۆڤارێکدا دەربارەی کامۆ بڵاو بۆوە، کە سارتەر سەرنوسەری ئەو گۆڤارە بوو.

ساڵی 1952 وازی لە کارکردن لەگەڵ رێکخراوی یۆنسکۆ هێنا لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەندامیەتی ئیسپانیای بە رێبەری ژێنراڵ فرانکۆ قبوڵ کرد بوو. ساڵی 1953 کامۆ یەکێک لەدەگمەن کەسایەتییە چەپەکان

بوو، کە دژ بە تێکشکانی مانگرتنی کرێکاران لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات هەڵوێستی گرت.

### مەرگ

کامۆ لە دوای نیوەڕۆی چواری جێنیڤەری 1960 لە تەمەنی 46 ساڵی، بە هۆی رووداوی هاتوچۆوە نزیک «سێن» لە شاری «ویل بلۆیل» گیانی لە دەستدا، لە گیرفانی کۆتەکەیدا بلیتێکی شەمەندەفەرر بینرا کە بەکار نەهێنرا بوو. سەرەتا ئەو بڕیار بوو بە شەمەندەفەر، لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکانیدا بڕوات بۆ سەفەر، بەڵام لە دوایین ساتەکاندا پێشنیاری هاوڕێکەی لە چاپ و بڵاوکەرەوەی گالیمار قبوڵکرد بەوەی کە بە سەیارەکەی ئەو سەفەر بکەن. شۆفێری سەیارەکە و میشێل گالیمار، هاوڕێی نزیکی و بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکانی کامۆ، لەم رووداوەدا گیانیان لە دەست دا.

### کتێبەکانی کامۆ

**1- بێگانە (نامۆ)**

نامۆ ناوی کتێبێکە کە ساڵی 1942 لە لایەن بڵاوکراوەی گالیمارەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. کامۆ لە پێشەکی ئەم رۆمانەدا دەنوسێت :» لەمێژی رۆمانی «نامۆ»م لە یەک رستەدا کە لام وا نییە دژی عورف بێت کورت کردۆتەوە: ( لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر کەس لە ناشتنی دایکیدا نەگری، مەترسی ئەوەی لەسەرە ئیعدامی بکرێت.) تەنها مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم قارەمانی چیرۆک لەو رووەوە مەحکوم بە ئیعدامە کە لەو یارییەدا کە بەڵێنە بەشدار بێت بەشداری ناکات. بەم دەربڕینە لەکۆمەڵگای خۆی نامۆیەو دەکەوێتە پەراوێزەوە.

**کورتەی چیرۆکەکە.**

ئەم کتێبە چیرۆکی پیاوێکی دەرونگەرا بە ناوی «مێرسۆ» دەگێڕێتەوە کە کەسێکی کوشتووەو لە زیندان چاوەڕوانی ئەوەیە ئیعدامی بکەن. چیرۆکەکە لە دەیەی 1930 لە جەزائیر روویداوە.

چیرۆکەکە بە دوو بەش دابەش دەکرێت. لە بەشی یەکەمدا «مێرسۆ» لە رێو رەسمی ناشتنی دایکیدا بەشداری دەکات، لە هەمانکاتدا هیچ هەستێکی تایبەت لە خۆی دەرنابڕێت. چیرۆکە کە رۆژانی دوایتری ژیانی کەسایەتییەکە بەوێنا دەکێشێت.

مێرسۆ هەست بە هیچ پەیوەندییەک لە باری هەست و سۆزەوە ناکات، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی و لەوپەڕی کەمتەرخەمیدا ژیانی بەسەر دەبات. مێرسۆ لەوەی کە ژیانی بەبێ گۆڕان بەڕێ دەچێت و دەگوزەرێت رازییە، لە بەشی دووهەمدا دادگایکردنی مێرسۆ دەست پێدەکات. لێرەدا کەسایەتی سەرەکی چیرۆکە کە، بۆ یەکەمجار ئەوە دەبینێت کە کەمتەرخەمی و گوێ نەدان بە کەسانیتر چ کاریگەرییەکی هەیە لە سەری.

**رووخان**

رووخان، رۆمانێکە فەلسەفی کە لە زمانی ژان باتیست کلێمانس، کە پارێزەر بوو، ئێستا خۆی بە «قازی تۆبەکار» دەزانێت دەگێردرێتەوە. ئەو چیرۆکی ژیانی بۆ کەسێکی بێگانە دەگێرێتەوەو دان بە تاوانەکانیدا دەنێت.

کورتەی چیرۆکەکە

ژان باتیست کلێمانس لە رێستۆرانتێک بەناوی «مێکزیکۆ سیتی» لەگەڵ کەسێکی نەناسراو، کە لە راستییدا خوێنەری کتێبەکەیە- ئاشنا دەبێت و چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو دەیگێڕێتەوە کە پارێزەرێکی

پلەیەک بووەو ژیانێکی زۆر سەرکەوتووانەی بووە، بەڵام شەوێک کە لەسەر پردێکەوە رەت دەبێت، لە پاریس ژنێک دەبینێت کە بەشێوەیەکی نائاسایی لە لێواری پردەکە نزیک بۆتەوە. ژان باتیست کەمتەرخەمانە لەلایەوە رەت دەبێت. دوای چەند هەنگاو کە دوور دەکەوێتەوە دەبیستێک کە شتێک دەکەوێتە ئاوەکەوە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەهایانەوە کە باوەڕی پێی هەیە هیچ کارێک ناکات. ئەم رووداوە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی ئەو وەک پارێزەرێک.

**مرۆڤی یەکەم.**

مرۆڤی یەکەم یان پیاوی یەکەم، رۆمانی ناتەواوی ئەلبێر کامۆ. رۆژی 4 جێنیڤەری 1960 کە کامۆ بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە گیانی لە دەستدا، دەستنوسی نا تەواوی مرۆڤی یەکەم، ئۆتۆبیۆگرافییەک کە ئەلبێر کامۆ کاری لەسەر دەکرد پاش خۆی بە جێماوە. کچەکەی کامۆ، کاترین کامۆ دواتر دەستنوسەکانی ساڵی 1994 چاپ و بڵاوکردەوە. کامۆ هیوادار بوو ئەم نوسراوەیە شاکار بێت و هەندێ لە رەخنەگران لەم رووەوە لەگەڵی هاوڕابوون .

**چیرۆک.**

رۆمانەکە دەربارەی ژاک کۆرمێری  لە کاتی لە دایکبوونییەوە، تا قۆناغی دواناوەندی لە جەزائیر. ئەم رۆمانە باس لە سەردەمی منداڵی دەکات، چوونە قوتابخانەو عەشقی کوڕێک بۆ دایکی و گەڕان بە دوای باوکی وون بوویدا، لە هەمانکاتدا ئەم رۆمانە چیرۆکێکە دەربارەی گروپە جیاوازەکانی جوگرافیایەکی بەرفراوان لە ئەفریقا.

**تاعون.**

رۆمانی تاعون کە ساڵی 1947 چاپ و بڵاوکرایەوە، بە بەرهەمێکی ئێگزێستانسیالیستی دەزانرێت.

**کورتەی چیرۆک.**

رووداوەکانی ئەم رۆمانە لە شارێک لە جەزائیر بە ناوی «ئۆران» روو دەدات ، لە زمانی بگێڕەوەوە کە خۆی بە دکتۆر ریۆ دەناسێنێت دەگێڕدرێتەوە. کتێبەکە بە باسکردن و وەسفی خەڵک و شارەکە دەست پێدەکات، دواتر باس لە زیاتربوونی ژمارەی مشکەکان لەشارو مەرگی مرۆڤەکان دەکات. زۆر کەس لایانوایە رۆمانی تاعون کاریگەری بووە لەسەر زۆر نوسەری دوای کامۆ، تەنانەت زۆر کەسیش لەسەر ئەو باوەڕەن رۆمانی «کوێری» لە نوسینی ساراماگۆ بەشێوەیەک لاسایی کردنەوەی هەمان رەوتی تاعونە.

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |